


# نەمر جەلیلی گادانی

## ٧٥ساڵ خەبات بۆ ئازادی

## کۆچی ناوادە و ڕەنگدانەوەکان: کۆمەڵێک پرسە و هاوخەمی و لێدوانەکان

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرینی کورد کاک جلیل گادانی ........................................................ ٧
٢- کۆستێکی گەورە: بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ................................................. ٨
٣- کورتەیەک لە ژیاننامە هاوڕێی تێکۆشەر جەلیل گادانی ............................ بە قەڵەمی خۆی ...... ١١

کۆمەڵێک پرسەنامەی کەسایەتی سیاسیی و حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان ...... لاپەڕەی ... ١٥

١- مەسعود بارزانی؛ سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان...
٢- کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی؛ سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان...
٣- د. بەرهەم ساڵح، سەرۆک کۆماری عێراق...
٤- سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسروور بارزانی...
٥- د. ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان...
٦- مەحموود عوسمان سیاسەتمەدار و کەسایەتی سیاسی دیاری کورد...
٧- ئازاد جوندیانی: نووسەر و ئەندامی پێشووی یەکێتیی...
٨- شاڵاوی عەلی عەسکەری، لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان...
٩- د. نەجمەدین کەریم پاریزگاری کەرکوک و ئەندامی پێشووی یەکیەتیی...
١٠- پەیامی شیرین یونس؛ پارلمانتاری هەرێمی کوردستان...
١١- عەلی دۆڵەمەری؛ نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پاریس...
١٢- کۆستێکی نەتەوەیی؛ مومتاز حەیدەری...
١٣- کەریم ئەحمەد، سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعیی کوردستان...
١٤- فاڕووق مەلا مستەفا...
١٥- نما و چیا نەوشیروان مستەفا...



سەرچاوە
Serchawe

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

١٦- دکتور عومەر نورەدین، جێگری سەرۆکی زانکۆی لوبنانی فەرانسی...

١٧- عیدو باباشێخ...

١٨- عەلی سمکۆ...

١٩- بەهادور ئازەری...

٢٠- غەفار پاڵانی - کەلار...

٢١- مەولود تەلانی...

٢٢- کوڕانی ئەنوەربەگی بێتواتە...

٢٣- بنەماڵەی مۆرادی لە هۆزی مەنگوڕی باشوری کوردستان...

حیزب و لایەنەن سیاسییەکان ........................ ٣٨

١- سەرۆکایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان...

٢- بزوتنەوەی گۆڕان...

٣- مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستان...

٤- مەکتەبی سیاسیی "حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان"...

٥- سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان YNDK...

٦- باڵی بەڕێوەبەرایەتیی پارتی شەپیلا پاشەڕۆژێ سووریە...

٧- مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان...

٨- کۆنسەی بەڕێوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ک ن ک...

٩- مستەفا ئۆزچەلک، سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان...

١٠- پارتی سۆسیالیستی کوردستان...

١١- ئەنجومەنی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی نوێبوونی کوردستان...

١٢- "وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان"...

١٣- بۆردی پێوەندییە کوردستانییەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان...

١٤- مەڵبەندی ڕێکخستنی کەرکووک یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان...

١٥- بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای سلێمانی...

١٦- ئەنجومەنی سیاسیی بزوتنەوەی یەکێتی گەنجانی کوردستان...



سەرچاوە
Serchawe

**پەیامی حیزب و کەسایەتییە سیاسی و ڕووناکبیرییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ..... لاپەڕەی ... ٥٧**

١- ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران...

٢- ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران...

٣- "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران"...

٤- کۆمیتە ناوەندی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران...

٥- پەیامی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان...

٦- هاوسەرۆکایەتیی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان - پژاک...

٧- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران...

٨- ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان...

٩- شووراى هاوئاهەنگی - بزووتنەوەی کۆماریخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان...

١٠- پارتی لیبراڵ دێموکراتی کوردستان ئەنجومەنی سەرکردایەتی...

١١- سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان(PAK)...

١٢- سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان...

١٣- سکرتێری حیزبی ڕزگاریی کوردستان...

١٤- یەکێتیی دیموکراتی کوردستان...

١٥- دەفتەری سیاسی پارتی سەربەخۆیی کوردستان...

١٦- یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان...

١٧- کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی یەکگرتوی خەڵکی ئێران...

١٨- کۆمیتەی نەرویجی پارتی سەربەستی کوردستان...

١٩- بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان...

٢٠- کانوونی نووسەرانی کوردستان - ڕۆژهەڵات...

٢١- پەیامی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان...

٢٢- پەیامی هاوخەمی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان...

٢٣- کۆمیتەی هاوئاهەنگیی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی کوردستانی ئێران...

٢٤- ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس...



سەرچاوە
Serchawe

٢٥- پەیامی ڕێکخراوی جیهانی کورد لە ئاڵمان...
٢٦- ناوەندی هاشتاگ فۆڕ کورد...
٢٧- یەکیەتیی زانایانی کوردستان(یزاکا)...
٢٨- هاشم کەریمی سیاسەتمەدار و کەسایەتی سیاسی ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان...
٢٩- عەلی قازی کەسایەتیی سیاسیی کورد و کوڕی پێشەوا قازی محەممەد...
٣٠- هونەرمەند نازێ عەزیزی...
٣١- کۆمەڵێک کەسایەتی ڕۆژهەڵات...

**کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوە و ناوخۆی وڵات** ............ **لاپەرەی** ........... **١٠٣**

١- حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵات...
٢- کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ولاتی نۆرویژ، بەشی کۆمەلایەتی...
٣- حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی دانمارک...
٤- کومیتەی ئەمریکا حیزبی دێموکراتی کوردستان...
٥- پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان...
٦- یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان کومیتەی سوید...
٧- هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی بنەماڵەی ڕەوانشاد کاک "جەلیل گادانی"یان کرد...
٨- ئەندامانی حیزب دێموکرات لە ئاوایی نیبەری...
٩- پەیامی هاوخەمی ئەندام و لایانگەرانی حدک کوردستان لە شارۆچکەی حەسەن ئاوای و چەمشار، ژاوەرۆی سنە...
١٠- پەیامی هاوخەمیی کومیتەی تەشکیلاتی ناوچەی مەیدانانی شاری بانە...
١١- ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاواییەکانی گاوەرە، توار، قوڵقوڵە و دوەیسە...
١٢- هاوخەمیی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان لە نێوخۆی وڵات...
١٣- پەیامی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری کرماشان...
١٤- بەڕێوەچوونی کۆڕی ماتەمینی نەمر کاک "جەلیل گادانی" لە دانمارک...
١٥- هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد، سەردانی بنەماڵەی بەڕێزی "گادانی"یان کرد...
١٦- خالید عەزیزی: خەبات و تێکۆشانمان لەپێناو وەدیهاتنی ئامانجەکانی کاک جەلیل گادانیدا درێژەی هەیە...

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

سپاس و پێزانین........................... ١٢٧

١- سپاسنامەی سکرتێری گشتیی حدک سەبارەت بە شەپۆلێک لە هاوخەمی بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی ......
٢- سپاسنامەی بنەماڵەی کاک جەلیل گادانی ...................................................................
٣- پێزانینی خاتوو ئامینە شێخە دێگەیی، هاوژینی کاک جەلیل گادانی ...............................................
٤- سوپاسنامەی خاتوو ئەسمەر بەدری ...........................................................................
٥- بۆ کاکە شێرکۆ گادانی هاوڕێم ............................................................................ ئەحمەد ڕەحمانی

- کۆچی‌دوایی هاوژین و یاری وەفاداری نەمر جەلیل گادانی.................................... کوردستان و کورد ..... ١٣٥
- ڕێوڕەسمی پرسەی خاتوو "ئامینە شێخە دێگەیی" هاوژین وەفاداری نەمر جەلیل گادانی، لە یەکێک لە بنکەکانی حیزب....
........................................................................................................................ ١٣٦
- ئامە گیان ڕووحت شاد و یادەکانت لە دڵمان دا هەردەم زیندووە.......................... حەمەڕەسووڵ کەریمی ..... ١٣٨

- ڕێزلێنان لە ٦٥ ساڵ خەباتی جەلیل گادانی - لە تەمەنی ٨٠ ساڵی دا ...................... ١٤٠

- دەقی قسەکانی کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان.......................................
- دەقی قسەکانی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە.........................................................................
- ٨٠ ساڵەی لە دایکبوونی کەسایەتییەکی خەباتکار و نیشتمانپەروەر............................................. قادر وریا
- براگەورەی بەڕێزم کاک جەلیل گادانی.................................................................... ئاشق ئیسماعیلی
- ماندوو نەبووی........................................................................................... بێبەش پیرۆتی



سەرچاوە
Serchawe

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرینی کورد کاک جلیل گادانی




### ڕاگەیەندراوی خەبەری

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕادەگەیەنین کە ئەمڕۆ پێنجشەممە، ١٦ی گەلاوێژ، کاک جەلیل گادانی، سیاسەتمەدار، کەسایەتیی دیاری سیاسیی کورد و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کورد، پاش حەوت دەیە تێکۆشانی سیاسی لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەکەیدا کۆچی دوایی کرد.

کاک جەلیل گادانی ماوەی حەوتوویەک بوو بۆ چارەسەری نەخۆشیی کۆرۆنا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان لەژێر چاودێریی پزیشکیدا بوو، کە بەداخەوە ئەمڕۆ چووە ڕیزی کاروانی نەمرانەوە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو پێوەندییەدا بەیاننامەیەک بڵاو دەکاتەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان

سکرتاریا

١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

بۆ یادی ٥ ساڵەیماڵئاوایی

# کۆستێکی گەورە




**بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

خەڵکی دێموکڕات پەروەری کوردستان!

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان!

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕادەگەیەنێ لەکاتێکدا تێکۆشەرانی دێموکڕات خۆیان بۆ گرتنی یووبیلی ئەڵماس جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبەکەیان ئامادە دەکرد ئەمڕۆ بەیانی تێکۆشەری ناوداری کورد و ئەندامی بەوەجی حیزبی دێموکڕات کاک جەلیلی گادانی دوای نیزیک بە دوو حەوتوو ململانە دەگەڵ فایرووسی کۆڕۆنا گیانی لەدەست دا.

لەدەستدانی کاک جەلیل نەک هەر بۆ حیزبی دێموکڕات، بەڵکوو بۆ هەموو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد خەسارەتێکی گەورەیە. ئەو لە یەکەمین تێکۆشەرانی حیزبەکەیەتی و تەمەنی تەنیا ١٣ ساڵ بوو کە لە دەورانە زێڕینەکەی کۆماری کوردستاندا تێکەڵ بە کاروانی پڕسەروەریی حیزبی دێموکڕات بوو و تا دواهەناسەی ژیانیشی غەمی گەورەی پێشکەوتنی حیزبەکەی و سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی بوو.

لە خەباتی دوورودرێژ و پڕهەوراز و نشێوی خۆی و حیزبەکەیدا جەلیلی گادانی هەموو شێوەکانی خەباتی گرتە پێش و

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

هەموو نەهامەتییەکانی لەخۆی گرت. ئەو بێجگە لە دەورانێکی کورتی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب، تەواوی تەمەنی خۆی لە خەباتی نهێنی و کار لە نێو جووتیاران و زەحمەتکێشانی کوردستان، زیندان و دوورخرانەوە و دەربەدەری و چەرمەسەریدا بەسەر برد. چوار جار گیرا و بە هەموویەوە نیزیک بە پازدە ساڵ تەمەنی لە زیندانەکانی ڕێژیمی پاشایەتیدا بەسەر برد و بە دەیان جار لە ڕۆژانی خەباتی چەکدارانەدا شاهیدی بۆمباران و تۆپباران و هێرشی نیزامیی هێزە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی بوو و زۆرجار لە سنووری مەرگ گەڕایەوە.

کاک جەلیلی نەمر لە حیزبەکەشیدا هەموو قۆناغەکانی بڕین. لە ئەندامەتیی شانەیەکی نهێنییەوە تا بەرپرسایەتیی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکان لە هەموو مەیدانەکاندا بەلێوەشاوەیی کاری کرد و نموونەی مرۆڤێکی شێلگیر و پشوودرێژ و ماندوویی-نەناس بوو. بە دەیان ساڵ بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕات و لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕدا دەوری ٧ ساڵ سکرتێری ئەو بەشە لە حیزبەکەی بوو.

کاک جەلیلی گادانی لە بواری کۆمەڵایەتیدا خاوەنی گەورەترین پلە و بەرینترین پێوەندیی کۆمەڵایەتی بوو. ئەو دەگەڵ چین و توێژەکانی کۆمەڵ: جووتیاران،کرێکاران، کارمەندان، بازاڕیان نووسەران و شاعیران و سیاسەتمەداران و... لە پێوەندیدا بوو و لەلای هەمووانیش ڕێز و جێگەوپێگەی تایبەتیی هەبوو. لە نێو حیزب و لە نێو کۆمەڵ لە غەمی هەمووان‌دا بوو، بەپێی دەرەتان لە خۆشی و ناخۆشیی هەمووان‌دا بەشدار بوو، بەشداری پرسەی هەمووان و لە بن سەری هەموو نەخۆشەکان بوو. سەرباری ئەوانە، یار و یاوەر و غەمخۆری هەموو ئەوانە بوو کە تووشی گیروگرفتێک دەبوون و لە یارمەتی ماددی و مەعنەوی بەو کەسانەی پێویستییان بە کۆمەک هەبووایە درێغیی نەدەکرد.

لەبەر هەمووی ئەو خەسڵەتانە، لەدەستچوونی کاک جەلیل کۆستی هەمووانە و هەموو بۆی بەپەرۆشن و یادی بەزیندوویی ڕادەگرن.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنە غەمناکەوە وێڕای غەمناکبوون بە لەدەستدانی ئەو کەسایەتییە قەدرگرانە سەرەخۆشی گەرمی خۆی پێشکێشی هەموو ئەندامانی بنەماڵە بەڕێزەکەی، سەرجەم هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی، تێکڕای دۆست و هاواڵە بێ ئەژمارەکانی، خەڵکی شارە قارەمانپەروەرەکەی مەهاباد و سەرانسەری کوردستان دەکا و بۆهەمووان سێبووری و تەمەندرێژی و بۆ گیانی نەمری کاک جەلیل بەهەشتی بەرین و باوەشی لێبووردەیی خوا داوا دەکا.

کۆمیتەی ناوەندی و هەموو تێکۆشەرانی دێموکڕات بۆ پاداشی کاک جەلیلی گادانییش وەک تەواوی ڕێبەران و تێکۆشەرانی



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

لەدەستچوو، بە درێژەدانی ڕێگاکەیان و شەکاوەڕاگرتنی ئاڵای خەباتەکەیان دەزانێ و جارێکی دیکە دەگەڵ گیانی کاک جەلیل و هەموو شەهیدان پەیمان نوێ دەکاتەوە کە هەتاسەر درێژەدەری ڕێبازەکەیان بێ و لەو پێناوەدا لە هیچ فیداکارییەک درێغ نەکا.

هەر لێرەشدا ڕادەگەیەنین کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڕۆنا سەرەخۆشی دانانرێ و دۆستان لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هاودەردیی خۆیان ڕادەگەیەنن.


**سڵاو لە گیان و یادی گەورەتێکۆشەری دێموکڕات کاک جەلیلی گادانی.**

**نەمری بۆ یاد و ناوی خۆی و بەرقەراری بۆ ئامانجە پیرۆزەکانی.**

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

١٦ - ٥ - ١٣٩٩ = (٦ - ٨ - ٢٠٢٠)

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



## کورتەیەک لە ژیاننامە هاوڕێی تێکۆشەر جەلیل گادانی




جەلیل گادانی لە ڕێکەوتی ١٢ - ١٢ - ١٣١٢ی هەتاوی(٣ی مارچی ١٩٣٤ی زایینی) لەشاری مەهاباد لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە دایک بووە خوێندنی سەرەتایی و تا کلاسی پێنجی دواناوەندی لە شاری مەهاباد خوێندوە.

لە زەمانی کۆمەڵەی ژ - ک و لە تەمەنی ١١ ساڵی دا بە کوردایەتی گۆشکراوە، لە قوتابخابییەکانی مەدرەسەی گەلاوێژی شەوانە بووە کە هەر لە زەمانی ژ - ک دا بۆ گوتنەوەی دەرسی کوردی لە ماڵی باوکی واتە حاجی ئەحمەدی گادانی دامەزراوە. دواتر ئەو قوتابخانە بووتە ڕۆژانە و هەر بەناوی گەلاوێژ چالاکی بەر چاوی هەبوو. هەر لەو قوتابخانە دوو جار جایزەی لەدەستی پێشەوا قازی وەرگرتووە.

هەر چەند تازە لاو بووە بەڵام لەو کاتەوە تەرمی پیرۆزی پێشەوای بە سێدارەوە دیوە، وە ویجدانی خۆیدا بەڵێنی داوە ڕێگەی پێشەوا و باقی شەهیدانی ئەو سەردەم ون ناکا.
دوای خوێندنەوە ئیحلامیەی(بەیاننامە)ی دەستنووسەکانی حیزب حەوداڵی دۆزینەوەی ڕچەی خەبات دەبێ و لە ڕێگەی عەبدوڵلا ئیسحاقی کە لە ناوەندی هاوپۆل دەبن دەست دەکاتەوە بە خەبات.

لەساڵی ١٣٢٧(١٩٤٨ز) هەر چەند تەمەنی کەمتر لە ١٨ ساڵ بووە بەڵام بەهۆی تێکۆشانی بەرچاوی بە ئەندامی حیزبی



سەرچاوە
Serchawe

دێموکراتی کوردستان وەردەگیرێ و لەو کاتەوە تا ئێستا بێ پسانەوە بەکار و چالاکی جۆی درێژەی داوە. لە ئەندامی سادە را تا پێشمەرگایەتی و گەیشتن بە ئەندامی دەفتەری سیاسی و سکرتێری، هەموو قوناغەکانی پیواون.

لە پێناو ئەو خەباتە دا پێنج جار لە زەمانی شا دا گیراوە، ساڵی ١٣٣٢، (١٩٥٣ز) ساڵی ١٣٣٣، (١٩٥٤ز) ساڵی ١٣٣٧، (١٩٥٨ز) ساڵی ١٣٤٧ (١٩٦٨ز) و ساڵی ١٣٥٧ای هەتاوی. (١٩٧٨ز) سەرجەم نیزیکەی ١٣ ساڵ لە بەندیخانە دا بووە، لە زیندانەکانی مەهاباد. ورمێ. تەوریز، تاران(قزلقەلعە و قەسری قاج) خۆرەم ئاباد - شیرازو برازجان دا ماوەتەوە. دوو جار داوای ئیعدامی بۆ کراوە، جاریکیان دوو ساڵ لە ژێر ئیعدام ماوەتەوە و دواتر رزگاری بووە.

لە بەندیخانە دا هەوڵی داوە مەتالا بکا و زمان فێر بێ. لەگەڵ زمانی رووسی و فەرانسەوی و عەرەبی ئاشنا بووە. هەر لە بەندیخانە ٣ی کتێبی لە فەرانسەویرا وەرگیراوەتە سەر فارسی کە دوای ئازاد بوونی چاپ بوون. کتێبێکی لە فارسیەوە کردوتە کوردی کە بەداخەوە سەری تێداچوو. هەرگیز چاپ نەکرا.

جەلیل گادانی شەشی دەبیرستان لە بەندیخانەی برازجان بێ ماموستا دەخوێنێ و لە تاقیکاریدا بەباشی دەردەچی.

لە ساڵی ١٣٤٦ (١٩٦٧ز) دوای شازدە ساڵ دووری لە زیدەی خۆی گەراوتەوە مەهاباد کە هەستی بەوەی کردوە شارەکەی کۆدەکستان (رەوەز)ی نی یە بەقەرز و قۆڵە و پارەی ئەو کتێبانەی وەرگیرانەوە و چاپی کردوە کۆدەکستانێکی مۆدیرنی داناوە بەڵام پاش دوو مانگ دەگیریتەوە دەبرێتە جەلدیان و فلک الافلاکی خرم آباد و ساڵێک لە بەندیخانە دا دەمێنیتەوە، کە هاتمەوە بەسەر هەواری خاڵی دا کەوت کودەستان نەما بوون.

ناوبراو لە زیندانەکاندا هەم بۆخۆی خوێندویەتی، هەم لە قەسرو هەم لە برازجان کلاسی دەرسی بۆ نەخوێندەوار و کەم سەوادان داناوە.

حەوتویک دوای ئازاد بوونی دوور دەخریتە بۆ تاران بۆ ماوەی ٩ ساڵ لەوێ دەگیرسیتەوە لەوێ دۆستان زەختی دەخەنە سەر بخوینی، لە کونکور دا بەشداری دەکا لە بەشی زمانی فەرانسە وەک خوێندکاری مەدرەسەی عالی تەرجەمە و وەرگیرای بە سێ ساڵان لیسانس وەردەگرێ.

هەر چەند لە تەبعید دا دەبێ هاوسەرگیری دەکا و دەگەڵ ئەسمەر خانم بەدری ٦ منداڵ واتە سێ کۆرو سێ کچیان هەیە بە

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

ناوەکانی شیرکۆ، دیاکۆ، گۆران و گلارە، ئاشتی و ژوان.

دەگەڵ ئەوەی هەوڵی داوە لە هەموو حاڵێکدا پەیوەندی دەگەڵ حیزب نەپچڕێ دەگەڵ خەڵک تێکەڵاو بووە.

لەساڵی ١٣٥٧(١٩٧٨ز) دا کە هەوای سیاسی بەرەو گۆران رویشت بە هاوکاری یارانی حیزبی توانی جەمعیەتی کوردانی دانیشتووی تاران پێک بێنێ کە رۆلی زۆر بەرچاوی لە خۆپیشانداندن و میتنگەکان دا هەبووە.

هەر لە ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨ز) دا بێ ئەوەی بۆخۆی لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دا بەشدار بێ کراوەتە راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.

بەر لە گەرانەوەی هاوڕێیان دا بۆ ئێران، لە تاران و سنە و کرماشان پایەی حیزبی دامەزراندوەتەوە و دواتریش بە دڵ و گیان هاوکاری کردوون هەتا راگەیاندی جیهادی خومەینی بە دژی کورد، بە گویرەی پیویستی کاری حیزبی هەر لە تاران بووە، بەدوای ساز بوونی شەڕ هاتووتەوە کوردستان، لەشەڕی سێ مانگە دا بووتە بەرپرسی تەشکیلاتی گشتی حیزب و هەتا دوای کۆنگرەی پێنج لەو بەرپرسایەتی یە دا ماوەتەوە.

ئەو کات کە بەرپرسایەتی لە تاران بووە. سێ جار بۆ کاری حیزبی دەگەڵ هەئیەت چووتە لای خومەینی و بازرکانی سەرۆک وەزیری کاتی.

لە ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨ز) را تا ئێستا کادری تەواو وەختی حیزبی دێموکڕاتە.

لەساڵ ١٣٦٧ (١٩٨٨ز) دەگەڵ پۆلێک لە ئەندامانی رێبەری حیزب جیابوونەوە و بە ناوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران - رێبەرایەتی شۆڕشگێر، خەریکی تێکۆشان بوو، ٨ ساڵ لەو حیزبە دا سکرتێر بوو.

لە بواری فەرهەنگیشەوە ئەوەندی لە دەستی هاتووە خزمەتی کردوە، تا ئێستا بیزیکەی ٢٠ بابەتی لە وەرگیران و نووسین و ئامادە کران و بڵاو بوونەتەوە کە زیاتریان پەیوەندیان بە حیزبی دێموکڕانی کوردستان و شۆرش و پێشمەرگەوە هەیە.

ئێستاش سەرەرای ئەوەی بازنشتەم(خانەنشینم) و بنەماڵەشم لە دەرەوەی دەژین، بۆخۆم هەر لە کوردستان ماومەوە و

**بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی**

**ئەوەندەی لە دەستم بێ خزمەت بە حیزب و نەتەوەکەم دەکەم و تازە نە دەستم پێ لە سیاسەت هەلدەگیری و نەدەتوانم لە خزمەت بە گەل و نیشتمان غافل (کەمتەرخەم)بم و هەتاهەم درێژەدەری ئەو ڕیگایە دەبم کە لە تازە لاویەوە گرتوومەتەبەر. ئاواتی بنەرەتیشم رزگاری گەل و نیشتمان و سەربەخۆیی کوردستانە.**

**بەخەت و دەست نووسی هاوڕێ جەلیل گادانی لەسەر داوای من**

---

## کۆچی دوایی



**٭ هاورێ جەلیل گادانی ماوەی حەوتوویەک بوو بۆ چارەسەری نەخۆشیی کۆرۆنا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان لەژێر چاودێریی پزیشکیدا بوو، بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە رۆژی پێنجشەممە، ١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٠ی کوردی = ٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی، هاوڕێ جەلیل گادانی، سیاسەتمەدار، کەسایەتیی دیاری سیاسیی کورد و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کورد، پاش حەوت دەیە تێکۆشانی سیاسی لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەکەیدا کۆچی دوایی کرد. چووە ڕیزی کاروانی نەمرانەوە.**

**٭ رۆژی پێنجشەممە، ١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٠ی کوردی(٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی)، لە ڕێوڕەسمێکی شایستە دا و سەرەڕای مەترسییەکانی پەتای کۆرۆنا، تەرمی کاک جەلیل گادانی بە ئامادە بوونی جێگری سکرتێر، ئەندامانی ڕێبەری و کۆمەڵێکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی دیموکرات و نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە گۆڕستانی شەهیدانی دیموکرات لە شاری کۆیە بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا.**



سەرچاوە
Serchawe

## کۆمەڵێک پرسەنامەی کەسایەتی سیاسیی و حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان:

### مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان



کاک مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان لە پەیامێکدا بەبۆنەی کۆچی دوایی نەمر جەلیل گادانی سەرەخۆشیی لە بنەماڵە و هاوسەنگەرانی کردوە.

بە ناوی خودای مەزن و دلۆڤان
بۆ خانەوادەی بەڕێزی کاک جەلیل گادانی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری ناسراو و ڕۆشنبیری کوردستان، خوالێخۆشبوو "جەلیل گادانی"مان پێگەیشت.

پرسە و سەرەخۆشیی خۆم بە خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و هاوڕێیانی کاک جەلیل و سەرجەم خزم و کەسوکارتان ڕادەگەیەنم و بەشداری خەمتانم.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

لە خودای گەورە داواکارم گیانی پاکی کاک جەلیل بباتە بەر دلۆڤانیی خۆی و دڵنەوایی و ئارامییش بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا اليه راجعون

مەسعود بارزانی

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---------------------------------------

## کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی،

## سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان



بەڕێزان: خانەوادەو بنەماڵەی مامۆستا جەلیل گادانیی تێکۆشەر

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەر و سیاسەتمەدار و نیشتمانپەروەری کورد مامۆستا جەلیل گادانیم بیست.

ئەو تێکۆشەرەی حەوت دەیە لە ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ خەبات و تێکۆشان لە پێناوی میللەتەکەی، بەداخەوە ئەمڕۆ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

بۆ یادی ٥ ساڵەیماڵئاوایی

بۆ خەمی لەدەستدانی ئەم کەڵە پیاوە هاوخەمی قووڵی خۆم دەردەبڕم، هیواخوازم خوای گەورە سەبووری هەموومان بدات و کۆچکردوو بەر دلۆڤانی و ڕەحمەتی خۆی بخات.

کۆسرەت ڕەسول عەلی

سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندیی

یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---------------------------------

## د. بەرهەم ساڵح، سەرۆک کۆماری عێراق



بەڕێزان بنەماڵە و هاوڕێ و دۆستانی خوالێخۆشبوو جەلیل گادانی!

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو جەلیل گادانی، سیاسەتمەدار و تێکۆشەر و کەسایەتیی دیار و نیشتمانپەروەری کوردستانمان بیست.

بەم بۆنە خەمبارەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی خانەوادە و کەسوکار وبنەماڵە و هاوڕێ و دۆستانی خوالێخۆشبوو، دەکەم و داوام لە خودای گەورە ئەوەیە بەر ڕەحمەتی خۆ بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دوا کۆستی بنەماڵە بەڕێزەکەتان بێت و سەبووری و دڵنەوایی هەموو لایەک بدات.

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

انا لله و انا اليه راجعون

بەرهەم ساڵح

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

--------------------------------

## سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسروور بارزانی



کاک مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پرسەنامەیەکی بۆ کۆچی دوایی جەلیل گادانی، تێکۆشەری دێرینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو کردەوە.

لە پرسەنامەکەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتوە، بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مامۆستا "جەلیل گادانی"م بیست. پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی دەکەم. هیوادارم خوای مەزن، گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامییش بە کەسوکار و هەڤاڵانی ببەخشێت.

جەلیل گادانی، لە ساڵی ١٩٣٤لە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، یەکێک لەو تێکۆشەرە دێرینانەیە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە مەهاباد مێرمنداڵ بووە و لەو کاتەوە تێکۆشانی سیاسی دەست پێکردوە.

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

ماوەی هەفتەیەک بوو بۆ چارەسەری نەخۆشیی کۆرۆنا لە نەخۆشخانەیەکی هەرێمی کوردستان لەژێر چاودێریی پزیشکیدا بوو، بەڵام ئەمڕۆ بە هۆی تێکچوونی باری تەندروستی، گیانی لەدەست دا.

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---------------------------------

## د. ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان



بەڕێزان خانەوادەو بنەماڵەی خوالێخۆشبوو مامۆستا(جەلیل گادانی)

زۆر بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی گەورە سیاسەتمەدارو شۆڕشگێڕی گەلەکەمان مامۆستا (جەلیل گادانی) ـ مان پێگەیشت، بەم بۆنە خەمناکەوە پرسەو سەرخۆشی خۆمان ئاڕاستەی خانەوادەو کەسوکار و ئازیزانی مامۆستاو هاوخەباتەکانی دەکەین، داواکارین لەخوای گەورە ئارامی و سەبووریتان پێ ببەخشێ و کۆچکردوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

"انا لله وانا اليه راجعون"

د. ڕێواز فایەق

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## مەحموود عوسمان سیاسەتمەدار و کەسایەتی سیاسی دیاری کورد



بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی "جەلیل گادانی" سیاسەتمەداری کوردستانی ڕۆژهەڵاتمان بیست. پرسە و سەرەخۆشی خۆم ئاڕاستەی خانەوادەکەی و حیزبی دێموکراتی کوردستان و نەتەوەی کورد دەکەم.

ناوبراو تێکۆشەرێکی ناسراوی ماندوویینەناس بوو لە شاخ و لە شار و لە دەرەوەش، لە نزیکەوە ناسیبووم و چالاکییەکانی جێگای ڕێز و پێزانین بوون. چەندین ساڵ زیندانی بوو لە ئێران بە هۆی چالاکی نەتەوایەتیی خۆی، لەدەستدانی لەم کاتە هەستیارەدا بە پەتای کۆرۆنا جێگای داخێکی گەورەیە.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی.

سەرکەوتوو بێ خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەموو پارچەکانی تر بۆ بەدیهێنانی مافی چارەنووسی نەتەوەکەمان.

مەحموود عوسمان

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---------------------------------

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## ئازاد جوندیانی: نووسەر و ئەندامی پێشووی یەکێتیی



بەڕێزان و خۆشەویستانی دەفتەری سیاسی و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

بەڕێزانی ماڵباتی مامۆستا و تێکۆشەری کۆچکردوومان کاکە "جەلیل گادانی"

بە خەمباری و دڵتەنگییەوە هەواڵی دوامالئاوایی تێکۆشەری دیار و ماندوونەناسی کوردایەتیی کاکە جەلیلی گادانیمان بیست، بەڕاستی هەواڵێکی خەفەتهێن بوو، لە دڵەوە هاوبەشی خەمتانم و هاوبەشی پرسەدارییەکەتانم. کاک جەلیل دنیایەک دەرس و ئەزموونی بۆ نەوەکانی کوردایەتی جێهێڵاوە، کە هەر ئەوە بە تەنیا بەسە بۆ ئەوەی تێکۆشەرانی وەک ئەو بە زیندوویی لە دڵ و لە یادەوەریماندا و لە نێو تۆمارەکانی کوردایەتییدا بە درەوشاوەیی بمێننەوە.

ئێوە سەلامەت و تەمەن درێژ، کوردایەتییش بەردەوام و پەرەسەندوو و پڕاوپڕ بێ لە ڕێبوارانی بە ئەمەکی وەک مامۆستا و شەهیدانی کوردستان. هەر سەرفراز بن.

ئازاد جندیانی

٦ی ئابی ٢٠٢٠

هەولێر

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## شاڵاوی عەلی عەسکەری، لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان



بەڕێزان خانەوادەی تێکۆشەر و خەباتگێڕی جلیل گادانی

بەڕێزان سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەر، خەباتگێڕ، سیاسەتمەدار و کەسایەتیی دیاری کوردستان و ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات کاک "جلیل گادانی" م بیست، بەم بۆنە خەمناکەوە هاوبەشی خەمتان و پرسە و سەرەخۆشیم ئاڕاستەی خانەوادە و بنەماڵە تێکۆشەر و خەباتگێڕەکەتان و سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات دەکەم، خوازیارم دوا کۆستی بنەماڵەکەتان بێ و ڕۆحی پاکی کاک جلیل گادانییش بە بەهەشتی بەرین شاد بێ، خوای گەورە ئارامی و سەبووری بە خانەوادەکەتان بدا.

تێکۆشەر، خەباتگێڕ و سیاسەتمەدار کاک جلیل گادانی تێکۆشەرێکی کۆڵنەدەر و خەباتگێڕێکی ڕووناک فکر و سیاسەتمەدارێکی بە توانا و پڕ ئەزموون بووە و کەسایەتییەکی دیار و نیشتمان پەروەرێکی کورد بوو، ئەو هەموو تەمەنی بەخشییە کورد و کوردایەتی، مێژوویەکی پڕ سەروەری بۆ خۆی و بنەماڵەکەی وگەلەکەی تۆمار کردوە و یەکێک بووە لە دۆستە دێرین و نزیکەکانی سەرۆک "مام جەلال"، بۆیە لەدەستدانی جلیل گادانی داخێکی قووڵ و پڕئازاری خستە دڵی هەموومان.

شاڵاوی علی عەسکەری

لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## بۆ یادی ٥ساڵەی ماڵئاوایی

### د. نەجمەدین کەریم پاریزگاری کەرکوک و ئەندامی پێشووی یەکیەتیی



بەڕێزان:

خانەوادەی تێکۆشەر جەلیل گادانی!

هاوڕێیان و هاوخەباتگێرانی کۆچکردوو!

هەڤاڵان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان!

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی بەڕێز جەلیل گادانی، سیاسەتمەدار و تێکۆشەری دیاری گەلەکەمانم پێگەیشت..هاوخەمی و سەرەخۆشی خۆم بۆ خانەوادە و هاوڕێ و دۆست و هاوڕێبازانی کۆچکردوو لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دەردەبڕم. هاوکات لە یەزدانی مەزن داواکارم کۆچکردوو بە بەهەشتی ئارامی خۆی ببەخشێ.

بەڕێزان!

خوالێخۆشبوو کاک جەلیل گادانی یەکێک بوو لە تێکۆشەرە دیارەکانی ڕێگای خەباتی ئازادیخوازانەی گەلەکەمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە برەودان بە بزاڤی کوردایەتی، جیا لەوەی لە بواری نووسین و مێژووش، دەستێکی باڵای لە ڕەوتی ڕۆشنگەری میللەتەکەمان هەبوو، کە بە کۆچی دوایی خەسارەتێکی گەورە بە بزاڤی ڕۆشنبیری و سیاسی برایانمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەت و کوردستان بە گشتی کەوت.

لێرەوە جارێکی تر پرسە و سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆم بۆ خانەوادە و هاوڕێ و دۆست و هاوڕێبازانی کاک جەلیل گادانی

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دەردەبڕم و لە خودای گەورە داواکارم کۆچکردوو بە بەهەشتی ئارامی خۆی شاد بکا.

انا الله وانا الیه ڕاجعون

دکتۆر نەجمەدین کەریم

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---------------------------------------

**پەیامی شیرین یونس، پارلمانتاری هەرێمی کوردستان**



بەڕێزان

حیزبی دیموکراتی کوردستان

هاوڕێ و خۆشەویستانم لە حیزبی دیموکرات

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوای مامۆستا جەلیل گادانی تێکۆشەری دێرینی ڕۆژهەڵات و پێشمەرگە و یادگارە شیرینەکەی کۆماری مەهاباد و ڕێبەری نزیک بەحەفتا ساڵ خەبات و تێکۆشان لە ڕۆژهەڵاتم بیست لە دڵەوە خەمبار و دڵتەنگین بۆ

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

ئەم کۆستە گەورە.

مامۆستا هەر خۆشەویستی ڕۆژهەڵات و دێموکرات نەبوو، بەڵکو بۆ باشوور و لای ئێمەش لە شاری کۆیە ئەزیز و مایەی شانازیمان بوو.

بەم بۆنەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاڕاستەی دفتەری سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی و تەواوی ئەندامان و پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان و هاونیشتمانیان لەڕۆژهەڵات دەکەم. لەخوای گەورە داواکارام جێگەی مامۆستا بەهەشتی بەرین بێت و سەبوری ئێمە و ئێوە و گشت لایەک بدا.

شیرین یونس

ئەندامی پەڕلەمانی کوردستان

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---------------------------------------

## عەلی دۆڵەمەری، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پاریس



بە ناوی خۆم و تەواوی کارمەندانی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەڕەنسا، پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی خانەوادە و تەواوی ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین بە بۆنەی کۆچی دوایی

**بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی**

خوالێخۆشبوو جەلیل گادانی.

ناوبراو مێژوویەک پڕ لە شانازی هەیە بۆ خزمەتی گەلەکەی و تەواوی ژیانی خۆی بەخت کردووە بۆ کورد و کوردایەتی.

ڕۆحی شاد و یادی هەمیشە بەخێر بێت، هەزاران سڵاو و درود بۆ گیانی پاکی و تەواوی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان.

عەلی دۆڵەمەری

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پاریس

----------------------------------

## کۆستێکی نەتەوەیی



**مومتاز حەیدەری**

بەداخ و پەژارەیەکی هەرە زۆرەوە، ئەمڕۆ ڕێکەوتی ٦ - ٨ - ٢٠٢٠ گەورە نیشتیمانپەروەر و تێکۆشەری دێرین کاک جەلیل گادانی بەهوی پەتای کۆرۆناوە، کۆچی دوایی کرد.

کاک جەلیل گادانی، بە یەکێ لە گەورە تیکۆشەرانی ڕێگەی ئازادیی نیشتمان، ئازادیی مرۆڤ بۆ ماوەی زیاتر لە حەفتا

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

ساڵ دەژمێردرێ بۆیە، کۆچەکەی زێدە زیان بەخش بوو و، بە هیچ جۆرێ شوێنی تێکۆشەرێکی نموونەیی وەک کاک جەلیل پڕ نابێتەوە.

بەکورتی کۆچەکەی کۆستێکی نەتەوەییە.

نەمری و سەربەرزی بۆ کاک جەلیل و تێکرای تێکۆشەرە نەمرەکانی ڕێگەی ئازادی کورد و کوردستان.

مومتاز حەیدری

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

----------------------------------------

## کەریم ئەحمەد، سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعیی کوردستان



بەڕێزان لە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان

هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی ناوداری گەلەکەمان (جەلیل گادانی)م پێگەیی.

لە دڵەوە نیگەران بووم، چونکە ئەم پیاوە هەموو ژیانی تێکۆشان بوو بۆ نیشتمانەکەی، لە دڵەوە خەمبار بووم و هاوخەمی خۆم دەردەبڕم.

کەریم ئەحمەد

سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعیی کوردستان

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

### فاڕووق مەلا مستەفا



برای زۆر خۆشەویست و تێکۆشەر، جەنابی هاوڕێ مەلا عەبدوڵڵا!

بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە بەشداریی خەمتان لە کۆچی دوایی تێکۆشەری ناسراوی کورد و حیزبە نەبەزەکەتان دەکەم.

هەموو ئەندامانی بنەماڵەی ئێمە خۆشەویستییەکی مێژووییمان هەیە بۆ ئێوە و شانازیتان پێوە دەکەین، بە ڕۆژانی ناسیاوەتی و هاوڕێیەتیمان لەگەڵتان بە گشتی و بە شەهیدی گەورەی لەیادنەچوومان دوکتور قاسملوو، و جەنابت بەتایبەتی لە ساڵانێکی زووەوە، ئەوە بۆخۆمان بە سەربەرزییەکی گەورە دادەنێین لەمیانی خۆشەویستیمان بۆ گەلەکەمان.

نەمری بۆ تێکۆشەری گەورە جەلیل گادانی و لەگەڵ سڵاوم بۆ کەسوکاری و گشت هاوڕێکانی.

براتان

فاڕووق مەلا مستەفا

٩ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---------------------------------------------------------

## پەیامی سەرەخۆشیی نما و چیا نەوشیروان مستەفا



بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان!

بنەماڵەی تێکۆشەری گەورەی گەلەکەمان مامۆستا جەلیل گادانی!

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا جلیل گادانی تێکۆشەری دێرین و خەباتێگری شار و شاخ و زیندانیی سیاسیمان پێگەیشت و ئەو هەواڵە لەناخەوە خەمباری کردین.

بەناوی بنەماڵەی نەوشیروان مستەفاوە خەم و پەژارەی خۆمانتان پێ ڕادەگەیەنین و لە ڕێگەی ئێوەشەوە سەرەخۆشی خۆمان بە تەواوی ئەندامانی حیزبە تێکۆشەرەکەتان و گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەیەنین.

هیوادارین ئەم بۆنە غەمگینە ببێتە هۆی یەکریزی تەواوی گەلەکەمان لەبەرامبەر ئەو ئاڵنگاریانەی ڕووی نیشتمانەکەمان بووەتەوە.

ڕۆحی شاد و ڕێگەی بەردەوام بێت.

نما و چیا نەوشیروان مستەفا

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

**بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی**

**دکتور عومەر نورەدین، جێگری سەرۆکی زانکۆی لوبنانی فەرانسی**



نەتەوەی کورد وگەلی کوردستان سیاسەتمەدارێکی سەنگین و ڕۆشنیرێکی لێهاتو و ئازادیخوازێکی هەڵکەوتەی لەدەست دا.

ڕوحت شاد کاک جلیل گادانی و یاد و ناوت هەمیشە بەزیندویی دەمێننەوە.

دکتور عومەر نورەدین


جێگری سەرۆکی زانکۆی لوبنانی فەرانسی

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

-------------------------------------------

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

### عیدو باباشێخ



زۆر بەداخەوە خەبەری کـۆچی دوایـی سیاسـەتمەدار و نووسـەر و ڕوونـاکبیر، بەڕێـز "جەلیـل گـادانیم" بیسـت، بەشـداری غەمتانم، خودای گەورە لێی ڕازي بێ و گەلی کورد خۆش بێ.

عیدو باباشیخ

ایسن المانیا

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

--------------------------------

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

### عەلی سمکۆ



کاک عەلی سمکۆ لە وڵاتی سوێد، پەژارە و خەمی خۆی بۆ کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی دەربڕیوە و، داوای لە خوای گەورە کردوە بیخاتە بەر بەزەیی خۆی و جێگای بەهەشت بێ. لە کۆتایی پەیامەکەیدا ئاواتی ساخی و سلامەتیی بۆ بنەماڵەی گادانی و حیزبی دێموکرات خواستوە.


دەقی پەیامەکەی عەلی سمکۆ:

**Bo koça dawî a Celîl Gadanî**
**XWeda rehmatê lê biket, birastî gelek hayf bû. ciyê wî biheşt bît û serê malbata rahmati û hizba demukrat sax bît.**
**Alî Simko/ Swêd**

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---------------------------------

## بەهادور ئازەری



بەهادور ئازەری بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک "جەلیل گادانی"یەوە لە لایەن خۆی و بنەماڵەکەی و هەروەها خەڵکی ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لە پەیامێکدا پرسە و سەرەخۆشیی لە دەفتەری سیاسی و ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردوە.

دەقی پەیامەکەی بەم جۆرەیە:


İro xebera tekoşere mezıne pdk celil gadani gehışte me ez le terefe xo u bıne mala xo u hemü heskıriyi xısbı le shımala kurdıstana rojhelat ser xoşiyi le deftera siyasi u komita navendi ya hızbı dikem
Bahadır Azeri

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

--------------------------------

بۆ یادی ٥ ساڵەیماڵئاوایی

## غەفار پاڵانی - کەلار



بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەڕێز کومیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکرات

بەڕێز خانەوادەی خوا لێخۆشبوو کاک جلیل گادانی

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی برای گەورە و دڵسۆز خوالێخۆشبوو کاک جلیلم بیێست.

کاک جلیل سیاسەتمەدار و تێکۆشەر و شۆڕشگێر و ڕووناکبیر و نوسەر و مامۆستا و زانای گەلی کورد و سیمای ناسراوی حیزبی دیموکرات بوو.

خوالێخۆشبوو ٧٥ ساڵ لە تەمەنی پڕ لەسەروەری خۆی تەرخان کرد بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمان لە ڕیزەکانی دیموکراتدا و ماندونەناسانە تا توشبوونی بەم نەخۆشییە نەفرەتییە لە هەوڵ و تێکۆشان بوو بۆ بەدەست هێنانی مافی ڕەوای گەلەکەی.

بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە ئێوەی بەڕێز و بنەماڵە سەربەرزەکەی و هەموو کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و دۆستانی حیزب دەکەم و خۆم بە بەژداری غەم و پەژارەتان دەزانم.

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

لە خوای گەورە داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد کا و ئارامی و سەبووری ببەخشێ بە هەموو لایەک.
هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی سەرکردە کاک جلیل


انالله وانا الیه راجعون

٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

غفار پالانی - کەلار

------------------------------

## مەولود تەلانی



سەرەتا بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان
بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵای مەزن
کەسوکاری مامە جەلیل و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی!

بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی ناوادەی سەرکردە و پێشمەرگەی ماندوونەناسی ڕێبواری ڕێبازی پێشەوا، نووسەر و خەباتگێر، کەسایەتیی دیاری نێو بزوتنەوەی ڕزگاریگەلی کورد مامە جەلیل مان پێ گەیشت. بەو بۆنە ناخۆشەوە پرسە و سەرەخۆشی دەنیرمە خزمەتتان و هاوبەشی شەریکی خەمتانم.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

کۆچی ناوادەی بۆ گەلی کورد و تەواوی گەلانە ناوچەکە زیانی مەزنە و، کۆستەکەی زۆر مەزنە. هەروا ئاسان نییە جێگایی پڕ بکرێتەوە، بەڵام بێهیواش نیم گەلی کورد ئەو جۆرە موسیبەتەی زۆر دیوە و کاروانی بەردەوامە.

دوبارە سەرخۆشی دەنێرمە خزمەتان.


انا لله وانا الیه راجعون

مەولود تەلانی

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

-----------------------------------

## کوڕانی ئەنوەربەگی بێتواتە



بۆ، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سڵاو و ڕێز

بەبۆنەی کۆچی دوایی سەرکردە و تێکۆشەری گەلەکەمان بەڕێز جەنابی مامۆستا جەلیل گادانی پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان بە بەڕێزتان و خانەوادەی کۆچکردوو ڕادەگەیەنین.

لە دەستانی شۆڕشگێڕ و سەرکردەکان خەسارەتێک و بۆشایەکی گەورە لە مەیدانی خەباتدا درووست دەکەن. لە یەزدانی مەزن

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

دەپارێینەوە بە بەهەشتی پان و بەرینی خۆی شاد بکا و سێبووری هەموو لایەک بدات.

انالله و اناالیه راجعون


کوڕانی

ئەنوەربەگ بێتواتە

٧ی ئابی ٢٠٢٠

---------------------------------------------------

## بنەماڵەی مۆرادی لە هۆزی مەنگوڕی باشوری کوردستان



بەنێوی خانەوادەی مۆرادی لە هۆزی مەنگوڕی باشوری کوردستان پرسە و سەرەخۆشی خۆمان و خانەوادەکەمان بە خانەوادەی مامە جەلیل گادانی و حزبی دیموکرات و هەموو تێکۆشەران و هاوسەنگەرانی مامە جەلیل ڕادەگەیەنین.

داواکارین لە خودای گەورە رۆحی پاکی مامە جەلیل بەبە هەشتی بەرینی خۆی شاد بکات، سەبووریش بدا بە خانەوادەکەی و هاوسەنگەرانی.

إنا لله وإنا الیه راجعون

خانەوادەی مۆرادی تایفەی باب رەسوە هۆزی مەنگوری باشوری کوردستان

٧ی ئابی ٢٠٢٠

## حیزب و لایەنەن سیاسییەکان:

### سەرۆکایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان




بەبۆنەی کۆچی دوایی جەلیل گادانی، تێکۆشەر و خەباتگێڕ و سیاسەتمەدار و کەسایەتیی دیاری کوردستان و ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حزبی دیموکرات، پرسە و هاوخەمیی قووڵی خۆمان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی لە خانەوادە نیشتمانپەروەرەکەی و سەرکردایەتی و ئەندامانی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین.

جەلیل گادانی، کەسایەتییەکی دیار و نیشتمانپەروەری کورد بوو. دۆستی دێرینی سەرۆک مام جەلال یش بوو کە لە تەمەنی لاوێتییەوە تێکەڵ بە کاری سیاسەت و خەباتی کوردایەتی بووە. لەو ڕێگایەشدا چەندین جار تووشی ئازار و زیندان و نەهامەتی بووە، بەڵام پشودرێژانە بەردەوام بووە لە کۆڕی خەبات و، بزووتنەوەی سیاسیی کورد؛ بۆیە لەدەستدانی کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و تێکۆشەرێکی دێرین، داخێکی سەختە و هیوامان وایە ئەمە دواناخۆشی بێت و ڕوحی کۆچکردووش بۆ هەمیشە شاد بێت .

سەرۆکایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## بزوتنەوەی گۆڕان




بەداخەوە، هەواڵی کۆچی دوایی سیاسەتمەداری کورد و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دیموکراتی کوردستان خوالێخۆشبو (جەلیل گادانی) مان پێگەیست.

بۆ ئەم کۆستە، پرسە و سەرەخۆشی خۆمان بۆ حیزبە تێکۆشەرەکەتان و ئەندام و لایەنگران و، کەسوکار و هاوڕێیانی خوالێخۆشبو دەنێرین.

خەبات و ماندوبوونی ئەم سیاسەتمەدارە دێرینەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرز دەنرخێنین و لە خوای گەورە داواکارین ڕۆحی کۆچکردو بە بەهەشتی بەرین شاد بێت.

بزوتنەوەی گۆڕان

٦ی ٨ی ٢٠٢٠

-----------------------------------------

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستان



بەڕێز دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان!

خانەوادەی بەڕێز مامۆستا جەلیل گادانی!

کۆچی دوایی کەسایەتیی ناوداری گەلەکەمان (جەلیل گادانی) لە دڵەوە نیگەرانی کردین، چونکە ئەو پیاوە هەموو ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ نیشتمان. ئەو ڕۆشنبیرێکی بەئەزموون و دۆستێکی نیزیکی خۆمان بوو، ئێمە لە حیزبی شیوعیی کوردستان بەتەواوی کادر و هاوڕێیانەوە هاوخەمتانین، نیگەرانین و هەست بە لە دەستدانی کەسێکی خۆمان دەکەین.

ئۆمێدمانە ئەوە دوا کۆستی هەموومان بێ. لە ناخەوە دڵتەنگ و خەمبار بووین.

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان بە ئێوەی بەڕێز ڕادەگەیەنین.

مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستان

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

-----------------------------------

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## مەکتەبی سیاسیی "حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان"



بەڕێز: دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بە داخێکی گرانەوە هەواڵی ماڵئاوایی، کەسایەتیی دیاری سیاسیی کورد و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک جەلیل گادانی مان بیست، لەو پێوەندییە خەمناکەدا، پرسە و هاوخەمیی خۆمان بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و ماڵباتە بەڕێزەکەی ڕادەگەیەنین.

کاک جەلیل گادانی، یەکێک لەو تێکۆشەرە دێرینانەیە، کە شاهیدی سەردەمی کۆماری کوردستان بووە و لەو کاتەوە تێکۆشانی سیاسیی دەست پێکردوە،لە سەردەمی حەمە ڕەزاشا، ١٣ ساڵ لە زیندان بووە، تەمەنێکی دووروودرێژی لە خزمەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و بەرەنگاربوونەوەی ستەمی نەتەوایەتی بەڕێ کرد.

ماڵئاوایی کردنی کاک جەلیل گادانی، ئەو خەباتگێڕە دێرین و سیاسەتوانە دیار و ناسراوە، نەک هەر بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڵکوو بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد بە خەسارەتێکی گەورە دەزانین.

ڕۆحی کاک جەلیل گادانی شاد و کاروانەکەی پڕ لە ڕێبوار، سەبر و ئارامی بۆ هەموو لایەک.

مەکتەبی سیاسیی

حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

٦ی ئابی ٢٠٢٠

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

### سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان YNDK



**برای بەڕێزمان کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**برای بەڕێزمان کاک مستەفای مەولوودی جێگری سکرتێری گشتیی حزبی دێموکراتی کوردستان**

**بەڕێزان لە دەفتەری سیاسیی حزبی دێموکراتی کوردستان**

**بەڕێزان بنەماڵەی تێکۆشەری ناسراوی گەلەمان خوالێخۆشبوو جەلیل گادانی**

**سڵاوێکی برایانەی گەرم!**

**بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی نووسەرو ڕۆشنبیر و تێکۆشەری ناسراوی گەلەکەمان کاک (جەلیل گادانی)مان پێگەیشت، کاک جەلیل گادانی هەموو ژیانی خۆی وەقفی بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان کردبوو، تێکۆشەرێکی خاکەڕاو هێمن و پشوودرێژ بوو، چ وەک پێشمەرگەیەکی سەنگەری بەرخودان و چ وەک نووسەرێک بەردەوام لە خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان دابوو، کەسایەتی کاک جەلیل وایکردبوو ببێتە خۆشەویستی هەموو لایەکمان.**

**بەناوی خۆمان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی و تەواوی ئەندامانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK پرسەو سەرەخۆشی گەرمی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و تەواوی هەڤالانی حزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەو خزم و کەسوکاری خوالێخۆشبوو دەکەین و خۆمان بە هاوخەمتان دەزانین و، ئومێد دەکەین ئەوە دواناخۆشیتان بێت و، لە یەزدانی مەزن دەپاڕێینەوە دڵنەوایی و ئارامی بە هەموو لایەکمان ببەخشێت و خوالێخۆشبوویش بخاتە بەر ڕەحمەت و دلۆڤانی خۆی.**

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

براتان

غەفوور مەخمووری


سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان YNDK

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

-------------------------------------------------

## باڵی بەڕێوەبەرایەتیی پارتی شەپیلا پاشەڕۆژی سووریە



بەڕێزەوە بۆ برای ئازیز کاک خالید، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بۆ برایانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانوە لە کۆتاییدا بۆ کاک جەلیل گادانی

گەلی کورد لە هەموو کوردستان هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەر و سیاسەتڤانی دێرینی کوردستان، کاک جەلیل گادانی-یان لە دوای تەمەنێک ئازار و چەرمەسەریی لە پێناو نەتەوەکەیدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی گەلاوێژی ٩٩دا، بیست.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

گەلی کورد کاک جەلیل گادانی، پێشمەرگەیەکی گەورە و یەکێک لە دیارترین ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە دەست دا کە شایەدی دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو. کاک جەلیل لەو کاتەوە لە داکۆکی لە پرسی کورد بەشدار بوو و، بۆ ماوەی نیزیک بە پازدە ساڵ لە زیندانەکانی ڕێژیمی (پاشایەتی) و ئێراندا بوو، ڕێبەرێک کە ماندوویی‌نەناس بوو، ئەو بەڵێنی بە خۆی دابوو هەتا دوا ساتەکانی ژیانی وەفادار بێ بە مانەوەی لە جەرگەی خەبات لە پێناوی گەلەکەیدا.

ئێمە لە لقی بەڕێوەبەرایەتیی پارتی شەپیلا پاشەڕۆژی سووریە بەشداری ئازار و خەمی ئەم خەسارە گەورەین و، هەستی هاودەردی و هاوخەمیی خۆمان بۆ هەموو ئەندامان و کادرەکانی حیزبی دێموکرات دەر دەبڕین. خوای گەورە بیخاتە بەر دلۆڤانیی بێ‌پایانی خۆی و جێگەی بەهەشت بێ.

قامیشلوو

باڵی بەڕێوەبەرایەتیی پارتی شەپیلا پاشەڕۆژی سووریە

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---

## مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان



بەڕێز، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکۆشەر

بەڕێزان، خانەوادەی سیاسەتمەدار و تێکۆشەری گەلەمان مامۆستا جەلیل گادانی

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هاوخەمی خۆمان ڕادەگەیەنین بۆ کۆچی دوایی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەری گەلەکەمان کاک جەلیل گادانی.

کاک جەلیل گادانی سیاسەتمەدار و کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری دیاری کوردستان هەر لە تەمەنی لاویتییەوە ژیانی تەرخان کرد بۆ ڕێگای ڕزگاری و ئازادی و لەم پێناوەدا قوربانیی زۆری بەخشی و هەرگیز سڵی نەکردەوە. هەربۆیە دیرۆکی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان گەواهیدەری خۆڕاگری ئەم کەڵە پیاوەن.

لە دەستدانی ئەم تێکۆشەر و سیاسەتمەدارە لەم هەلومەرجەدا کە ناوچەکە و کوردستان چاوەڕوانی گۆڕانکارییە زیانێکی گەورە بوو بۆ سەرجەم بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد و حیزبی دێموکرات.

ئێمە وەک بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزیان و کەس و کارو هاوسەنگەرانی دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەم و شیوەنتان دەزانین.

یادی هەردەم لە یادمانە و گیانی بەرزەفڕی لە ئاسمانی کوردایەتیدا بە نەمری دەمێنێتەوە.

مەکتەبی سیاسی

بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان


٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## کۆنسەی بەڕێوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ک ن ک




کۆچی دوایی ڕێبەرێکی حزبی دیموکراتی کوردستان، بەڕێز جەلیل گادانی

گەلی کوردستان

خانەوادەی بەڕێز جەلیل گادانی

بەداخێکی زۆەوە هەواڵی کۆچی دوایی بەڕێز جەلیل گادانی یٌەندامی ڕێبەریی حزبی دیموکراتی کوردستانمان پێگەیشت. بەڕێز جەلیل گادانی هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوەو هەتا ئێستا. لە ناو خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستاندا بوو. لە سیاسەتی کوردستاندا جێگایەکی دیاری هەبوو. جەلیل گادانی بەهۆی خەبات و تێکۆشانی سیاسییەوە کەوتە بەر پەلاماری ڕژێمی ئێران و ١٣ ساڵ لە زینداندا بوو. دوای ڕووخانی ڕژێمی شای ئێرانیش، لە ئاستی هەرە سەرەوەدا لە سەنگەرەکانی شۆڕشدا، چ لە ناوخۆو چ لە دەرەوەی نیشتمان، تێکۆشانێکی فراوانی بەڕیوەبرد.

بەڕێز جەلیلی گادانی تەمەنی درێژی خۆی لە خەبات و تێکۆشانی کوردستاندا بەڕیکردو کاری زۆریشی بۆ یەکێتی و یەکڕیزی نەتەوەیی کرد. چەندین جاریش بەشداری کۆنفرانس و کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان -ک.ن.ک - بوو.

لەدەستدانی جەلیل گادانی بۆ ئێمە، بۆ گەل و شۆڕشی کوردستان زیانێکی گەورەیە.

کۆچی دوایی بەڕێز جەلیل گادانی ئێمەی زۆر خەمبار کرد. هاوبەشی خەمی خانەوادەو دۆست و هاوکارانی بەڕیزیانین. بەو

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

بۆنەوە سەرەخۆشی خۆمان لە گەلی کوردستان، لە خەباتکارانی شۆڕش و خانەوادەی بەڕیزیان ئەکەین.

کاک جەلیل خەمت نەبێ، ییمە لەسەر ڕێی ییوە بەردەوامین و وەسیەتی ییوە بەدی دێنین.

کۆنسەی بەڕێوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ک ن ک

٦ - ٨ - ٢٠٢٠ برۆکسل

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

-----------------------------------------------

## مستەفا ئۆزچەلک، سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان




سەرۆکی گشتیی "پاک"، مستەفا ئۆزچەلک بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانییەوە، سەرەخۆشیی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کردوە

ناوبراو لەم پەیامەدا وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارەی خۆی و هەموو هاوڕێیانی لە ڕێبەری و ئەندامانی حیزبەکەی، بە کورتی باسێکی لە ژیان و خەبات و فیداکارییەکانی کاک جەلیل گادانی وەک "پێشمەرگە، کادر، ڕێبەر و ئەندامی ڕێبەریی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان" کردوە و بە چاوی ڕێزەوە لە تێکۆشانی ناوبراوی ڕوانیوە و لە کۆتایی پەیامەکەیدا، هیوای سلامەتی و سەرساخی بۆ نیشتمانەکەمان، کوردستان خواستوە.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

**دەقی پەیامەکەیان بە زاراوەی کورمانجی لە خوارەوە هاتوە:**

**–Em Bi Koça Dawîya Kak Celîl Gadanî Xemgînin**

**–Ma Wefatkerdişê Kek Celîl Gadanî Ver Xemgîn ê**

**Em Bi Koça Dawîya Kak Celîl Gadanî Xemgînin**
**Kadro , pêşmerge, rêber û serkirdayekî dêrîn yê têkoşer, dilsoz, fedakar, Kurdistanî kak Celîl Gadanî roja 06.08.2020an jiber nexweşîya coronayê koça dawî kirîye.**
**Kak Celîl Gadanî pêşmerge, kadro, rêber û endamê serkirdayetîyê yê dêrîn ê Hizba Demokrat a Kurdistana Îranê ye.**
**Kak Celîl Gadanî di 87 saliya xwe de koça dawî kir, lê eve 70 sale li Rojhilatê Kurdistanê her wek rêber, kedkar, serkirda, xizmetkar û têkoşerekî doza azadîya Kurdistanê xebitîye.**

**Em bi wefata kak Celîl Gadanî gelekî xemgînin.**
**Xwedê bi rehma xwe şad bike. Cîhê wî biheşt be. Li ser navê xwe û li ser navê hemû rêvebir û endamên PAKê , sersaxîyê ji malbat û heval û hogirên kak Celîl Gadanî re dixwazim.**
**Serê gelê Kurdistanê sax be.**

**Mustafa Özçelik**

**Serokê Giştî yê PAKê(Partîya Azadîya Kurdistanê(**

**٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠**

---------------------------------

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## پارتی سۆسیالیستی کوردستان




پارتی سۆسیالیستی کوردستان، وێڕای ئاماژە دان بە کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی بە پێناسەی "بە تەمەنترین تێکۆشەری ڕێبازی پێشەوا، ئەندامی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نووسەر و لێکۆڵەر و سیاسەتوانی هەڵکەوتووی کورد"، خەم و پەژارەی خۆیانیان لەم بارەیەوە دەربڕیوە.

لە درێژەی پەیامەکەیاندا ئاماژەیان بە چەند تایبەتمەندییەکی کاک جەلیل کردوە و ناوبراویان بە کەسێکی "ئەویندار‌ی کوردستان، دێموکرات، ڕووخۆش و زمان شیرین" و هەروەها بە "دۆستی دێرینی پارتی سۆسیالیستی کوردستان" ناو بردوە.

لە بەشی کۆتایی پەیامەکەدا هاوخەمیی خۆیان دەربڕیوە و سەرەخۆشییان لە هاوسەنگەرانی کاک جەلیل، ئەندام و کادر و پێشمەرگەی هەر دوو دێموکراتەکان، گەلی کورد بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بنەماڵەی ناوبراو و هاوژینی ئەو واتە دادە ئامین کردوە.

دەقی پەیامەکە بەم شێوەیە:

**PSK: Kak Celîl Qadanî Nemir E**
**Xeberekê gelek nexweş û xembar gihîşt. Yek ji bi tementirin tekoşerên rêka azadiya Kurdistanê, tekoşerê gernas a rêbaza Pêşava, endam û xebatgerên derîn a Hizba Demokrata Kurdistana Îranê, nivîskar û lekolîner û siyasetmedarên jêhatî Kak Celîl Qadanî çûye dilovaniya xwe.**
**Kak Celîl evindarê Kurdistan, demokrat, mirovekê rûxweş, zimanşîrîn û mirovhez bû.**
**Kak Celîl dostê derîn û dilsozê Partiya me bû.**



سەرچاوە Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

Em serxweşiya xwe Pêşkeşê hevsengerên Kak Celîl, endam û kadr û peşmergeyên PDK (Rojhilat) û HDKİ, li gelê Kurdistan, bi taybeti a Rojhilatê û malbata Kak Celîl, bi taybetî hevjîna wî Dadê Amîn dikin.

Şirikê xema wan in.

Kak Celîl û şehîdên Kurdistanê nemir in.

Rûhê wî şad be.

PSK-Partiya Sosyalîst a Kurdistan

06Ağustos 2020

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

----------------------------------

## ئەنجومەنی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی نوێبوونی کوردستان




بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان!

بەڕێز خێزان و خانەوادەی خوالێخۆشبوو جەلیل گادانی!

بەداخ و پەژارەیەکی مەزنەوە هەواڵی کۆچی دوایی سیاسەتمەدار و سەرکردە و تێکۆشەر و خەباتگێڕی گەلەکەمان جەلیل گادانی‌مان بیست. بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان و تەواوی گەلی کوردستان دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. لەخوای گەورە داواکارین ئەوە دوا ناخۆشیتان بێ و خوای گەورە سەبووری و ئارامی بخاتە نێو دڵ و دەروونتان و خوالێخۆشبووش بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکا.

مامۆستا جەلیل گادانی هەموو تەمەنی خۆی لەپێناو گەلەکەی بەڕێ کرد، بۆیە لەدەستدانی نەک تەنیا زیانێکی گەورە بوو

**بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی**


بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو خەسارەتێکی گەورە بوو بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان.

ئەنجومەنی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی نوێبوونی کوردستان

٧ی ٨ی ٢٠٢٠ی زایینی

-----------------------------------------

## "وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان"



بۆ خانەوادە و بنەماڵەی خەباتگێڕ و نووسەر و وەرگێڕ مامۆستا "جەلیل گادانی'

بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا "جەلیل گادانی" خەباتگێڕو نووسەر و وەرگێڕمان پێگەیشت کە بە نەخۆشی کۆرۆنا ژیانئاوایی کرد.

بەو بۆنە خەمناکەوە، بە ناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، هاوخەمی خۆمان دەردەبڕین و سەرەخۆشی لە ئێوە و نووسەران و ڕووناکبیرانی کوردستان دەکەین.

ڕۆحی مامۆستا گادانی شاد و ئارام بێ و دوا خەم و ناخۆشی خانەوادە و بنەماڵە نیشتمانپەروەرەکەتان بێت.

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

٦ی ئابی ٢٠٢٠

---------------------------------------------------

بۆردی پێوەندییە کوردستانییەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان




بەڕێز دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

سڵاوی گەرم!

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی سیاسی و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک (جەلیل گادانی)مان پێگەیشت.

بەم بۆنە خەمناکەوە بە ناوی هاوسەرۆکان و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و تەواوی هەڤالانی(ی-ن-ک)، پرسە و سەرەخۆشی خۆمانتان پێ ڕادەگەیەنین. لە خودایی گەورە داوا کارین بە بەهەشتی بەرینی شاد بکا.

هەڵبەت کاک(جەلیل گادانی) یەکێک بوو لەو کەسایەتییە سیاسیانەی دۆستی نزیکی سەرۆک مام جەلال بووە و لە زۆر وێستگەی خەباتی سیاسیدا هاوڕا و پشتیوانی یەکدی بوون. هەروەک کاک جەلیل هەموو تەمەنی خۆی خستە خزمەتی دۆزی

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

ڕەوای گەلەکەمان و لە پێناو بەدیهێنانی هەموو مافە دێموکراسییەکانی گەلەکەماندا بێوچان تێکۆشاوە.

دووبارە هاوخەمی خۆمانتان پێڕادەگەیەنین و ئومێدوارین کاروانی خەباتی پڕ ڕێبوار بێت.

لەگەڵ ڕێزدا

سالار سەرحەد خەلیفە یونس

لێپرسراوی بۆردی پیوەندییە کوردستانییەکان

ئەندامی سەرکردایەتی(ی. ن.ک)

١١ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

------------------------------------------

## مەڵبەندی ڕێکخستنی کەرکووک یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان




بەبۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەر و سیاسەتمەداری کوردستانی (مامۆستا جەلیل گادانی) پرسە و سەرەخۆشی لە هەر چوار پارچەی کوردستان و بنەماڵە و هاوڕێیانی خوالێخۆشبوو دەکەین.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

مامۆستا جەلیل گادانی هەڵگری پەیامی سەركردەكانی (قازی، قاسملوو، بارزانی و هەڤاڵ مام جەلال) بوو، وە بەشی زۆری تەمەنی لەو پێناوەدا پێشكەش بە خاكی كوردستان كرد كە زیاتر لە ٧٠ ساڵ بێوچان لە خەبات و تێكۆشان لە پێناو ئازادی و دیموكراتی و ئاشتی و پێكەوەژیانی گەلان تەرخان كردبوو.

فشار و ڕاوەدونان و زیندان چۆكی نەدا لە زەوی، وەك كێوێك لە ورە لە بەرزیدا مایەوە تا ئەمڕۆ ٦ - ٨ - ٢٠٢٠ بە نەخۆشی كۆڕۆنا دڵە گەورەكەی لە لێدان كەوت.

هەر بەم بۆنەوە و دووبارە سەرەخۆشی خۆمان لەخەڵكی كوردستان و لە كەسوكار و هاوڕێیانی حیزبی دیموكراتی كوردستان دەكەین.

مەڵبەندی ڕێكخستنی كەركووك

یەكیەتیی نیشتیمانی كوردستان

٦ی ئابی ٢٠٢٠ كەركوك

-------------------------------------

بۆ یادی ٥ ساڵەیماڵئاوایی

## بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای سلێمانی




بەناوی بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای سلێمانییەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی خانەوادە و تێکۆشەرانی بزافی شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵات و هەموو کوردستان دەکەین بەبۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەر و ڕۆشنبیر و نوسەری نەتەوەکەمان کاک جەلیل گادانی.

لەدەستدانی بەڕێزیان زیانێکی گەورە بوو بۆ گەلەکەمان.

لە خوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکا و دواناخۆشی ئەو خانەوادە سەربەرزە بێت.

انا لله وانا الیه ڕاجعون

بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای سلێمانی

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---------------------------------------------------

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

### ئەنجومەنی سیاسیی بزوتنەوەی یەکێتی گەنجانی کوردستان




بۆ:

خانەوادەیی تێکۆشەر مامۆستا جەلیل گادانی!

بۆ بەڕێزان حزبی دیموکراتی کوردستان!

بەداخ و پەژارەیەکی قوڵەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی تێکۆشەر و سیاسەتمەدارمان پێگەیشت.

پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان و کەسوکاری خوالێخوشبوو دەکەین.

کۆچی دوایی کاک جەلیل دڵگرانی کردین. خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین و لەخوای گەورە داواکارین ئەوە دوا ناخۆشیتان بێ و خوای گەورە سەبوری و ئارامی بخاتە نێو دڵ و دەرونتان و خوالێخۆشبووش بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله و انا الیه ڕاجعون .

ئەنجومەنی سیاسی

بزوتنەوەی یەکێتی گەنجانی کوردستان

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## پەیامی حیزب و کەسایەتییە سیاسی و ڕووناکبیرییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران




پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی ناوداری بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و یەکێک لە سیما دێرین و ناسراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک جەلیل گادانی، هەموو لایەکمانی غەمبار کرد.

کاکە جەلیل گادانی خەباتکارێکی شێلگیر و بە باوەڕی بزووتنەوەی سیاسی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بوو کە هەڵگری پەیام و یادەوەرییەکانی مەزنترین ڕووداوی مێژووی هاوچەرخی خەڵکی کوردستان، واتە کۆماری کورستان بوو. ئەو کە زیاتر لە حەوت دەیە لە تەمەنی، بۆ سەربەستی و وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەی تەرخان کردبوو، تا دوایین ساتەکانی ژیانی بە بێوچان و لێبڕاوانە لەم ڕێگایەدا بەردەوام بوو. کاک جەلیل جیا لە سیما حیزبی و سیاسیەکەی، وەک کەسایەتییەکی خاوەن جێگەوپێگەی قورسی کۆمەڵایەتی، جێی ڕێز و ئێحترامی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و سەرجەم لایەنەکان بوو. نەمر گادانی وەک کەسایەتییەکی خاوەن بۆچوونی تایبەتی سیاسی، لە بواری نووسین و وەرگێڕان و


سەرچاوە Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

تۆمارکردنی لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەکەیدا کەسێکی بەتوانا و خامەڕەنگین بوو کە کتێبخانەی کوردی بە چەندین بەرهەمێکی نەمریان ڕازێندراوەتەوە.

یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی کاک جەلیل کە بەردەوام لە کۆڕوکۆبوونەوە و لەگەڵ لایەنە سیاسییەکاندا پێداگری لە سەر دەکرد، یەکگرتووخوازیی بوو. ئەو نایەکگرتوویی و لێک دووریی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی بە یەکێک لە کەمایەسییە بەرچاوەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان دەزانی. بۆیە بەردەوام لە کۆڕوکۆبوونەوەکان دا یەکێتی و یەکگرتوویی نێوان حیزبەکانی بە زەرووری و پێویست دەزانی و لەم پێوەندییەدا بە چاوی هیوا و هومێدەوە لە پێکهاتنی ناوەندیی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی دەڕوانی.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانییەوە سەرەخۆشی لە تێکڕای خەڵکی کوردستان، بنەماڵە بەڕێزەکەی و هاوسەنگەرانی دەکات.**

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

**ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**




به داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی بەرانبەر به ٦ی ئاگوستی ٢٠٢٠ی زایینی تێکۆشەری ناسراو و دێرینی بزووتنەوەی کورد و هاوڕێی دەیان ساڵەی خەبات و خۆڕاگریی تێکۆشەرانی دێموکرات، پاش تووشبوون به کۆڕۆنا و حەوتوویەک بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم بەڵا هەمەگیره له یەکێک له نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان له تەمەنی ٨٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

کاک جەلیل گادانی یەکێک لەو تازە لاوانەی سەردەمی کۆماری کوردستان بوو که هەر لەو کاتیەوە ئەڤینداری ئازادیی نەتەوەکەی و خەبات لەپێناو وەدیهاتنی ئازادی و مافه نەتەوایەتییەکانی کورد له کوردستانی ئێران بوو.

له پاش جوانەمەرگبوونی کۆمار لەو تێکۆشەرانه بوو که بۆ ڕێکخستنەوەی ئەندامانی حیزبی دێموکرات له شار و گوندەکان له هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوام دابوو له ڕەوتی ئەو تێکۆشانەدا چەند جار دەستگیر و زیندانی کرا و هەر جارێک پاش ئازادبوون بۆ تێکۆشان و درێژەی خەبات تێهەڵدەچۆوە.

پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بۆ چەند ساڵ وەک یەکێک له ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیی حیزب ماندوویی نەناسانه له هەوڵ و تێکۆشان دابوو.

کاک جەلیل جیا لەوەی تێکۆشەرێکی سیاسی بوو، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و خەڵکی بوو، لەدەستچوونی ئەم تێکۆشەره بۆ هەموو لایەک جێگای پەرۆش و خەمبارییه.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارەی خۆی بۆ لەدەستچوونی ئەم تێکۆشەرە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی گادانی و هەموو دۆست و ئاشنایان و هاوسەنگەرانی دەکات و هیوا دەخوازین کە ڕووحی ئەم تێکۆشەرە دێرینە بە وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانی شاد بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی سیاسی

١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی

٦ی ئاگوستی ٢٠٢٠ی زایینی

---

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران




ماڵئاوایی لە ژیان کردنی تێکۆشەری دێرین کاک "جەلیل گادانی"

بە داخێکی زۆرەوە ئاگادار بووین کە تێکۆشەری دێرینی کوردایەتی و ئەندامی پێشووی ڕێبەری حیزبی دیموکرات، دوای حەوتوویەک بەربەرەکانێ لەگەڵ وایرۆسی کۆرۆنا، ئەمڕۆ بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی بنەماڵەی بەڕێزی، ڕێبەری و ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەین و خۆمان بە شەریکی غەمیان دەزانین.

بێگومان کاک جەلیل کەسایەتییەکی دیاری بزووتنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو و چەندین دەیە تێکۆشانی سیاسی و حیزبی ناوبراو شایەتی بۆ ئەوە دەدەن کە چۆڵ بوونی جێگەی ئەو تێکۆشارانە و نەبوونیان لە نێومان چ خەسارێکی گەورە بە بزووتنەوەکەمان دەگەیەنێ، بەڵام دڵنیاین سەنگەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد هەر ئاوەدان دەمێنێ و ڕێبوارانی ئەو ڕێگایە تا گەیشتن بە ئامانجەکانی هەموو تێکۆشەرە دێرینەکان هەر بەردەوام دەبن.

**بەرز و بەڕێز بێت یاد و ناوی کاک جەلیل گادانی**

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

سکرتاریەتی کۆمیتەی ناوەندی

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی



سەرچاوە Serchawe

## کۆمیتە ناوەندی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران




بەڕێز: دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سڵاوێکی گەرم،

زۆر بە داخەوەین بۆ کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی، کەسایەتیی ناسراوی کۆمەڵگای کوردستان، زیندانی سیاسی بە ناوبانگی دەستی رژیمی پاشایەتی و ئەندامی دێرینی سەرکردایەتی حیزبی دێموکرات. بەم بۆنەوە پڕ بە دڵ سەرەخۆشی دەکەین لە ئێوە، لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە هەموو ئەندامانی بنەماڵەی ئەو ئازیزە و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

کۆمیتە ناوەندی کۆمەڵە

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران

١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩هەتاوی

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## پەیامی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان



بە داخێکی گرانەوە ئەمڕۆ پێنجشەممە ١٦ی گەلاوێژ کاک جەلیل گادانی، کەسایەتیی ناسراو و تێکۆشەری دێرین، بە نەخۆشیی کۆرۆنا گیانی لە دەست دا.

کاک جەلیل بە شانازییەوە خاوەنی ٧٠ ساڵ خەبات بوو لە پێناو ڕزگاری و ئازادییدا. ساڵانێکی زۆر لە زینداندا بوو. لە هەموو ئەو ٧٠ ساڵەدا نەسرەوتوو و کۆڵنەدەر بوو، لە هەموو بوارەکانی خەباتدا دیار بوو. ئینسانێکی پاک و دڵسۆزی گەلی کورد و خەباتەکەی بوو. یەکێک لەو ڕابەر و کار بە دەستانە بوو کە بۆ یەکریزیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بە پەرۆش و خاوەن هەڵوێست بوو. جیا لەوە کە بەرپرس و کەسایەتییەکی دیاری ناو ڕیزەکانی دێموکرات بوو، دۆستی کۆمەڵەش بوو و گرینگیی زۆری بۆ پێوەندیی دۆستانە دادەنا و هەوڵی خۆی زۆر خستە گەڕ تا پێوەندیی ئەو دوو ڕەوتە بەرەو پێش بچێ.

لێرەوە سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی خەڵکی کوردستان، هاوسەنگەرانی و هەموو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و هەموو بنەماڵەی بەڕێزی کاک جەلیل دەکەین.

**یاد و ناوی کاک جەلیل، ئەو تێکۆشەرە دێرینە، بەرز و بەڕێز بێ.**

سکرتاریەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## هاوسەرۆکایەتیی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان - پژاک




### پژاک: جەلیل گادانی مێژوویەکی دورودرێژی لە تێکۆشانی کوردستان هەبوو

هەواڵــی کــۆچی دوایــی تێکۆشــەری کــورد جەلیــل گــادانی کە مێژوویەکــی دورودرێــژی لە تێکۆشــان و بەربەرەکــانی لەگەڵ ناعەداڵەتی و داگیرکاری سەر کوردستان هەبوو، خەمباری کردین و بەم بۆنەوە سەرەخۆشی خۆمان بۆ بنەماڵە و دۆستان و هاوبیرانی کاک جەلیل رادەگەیەنین و هیوادارین ئاواتی کاک جەلیل کە ئـازادی بـو کوردسـتان بـوو، بە هیمەتـی شۆڕشگێڕان بەدیبهێنین و کوردستانێکی ئازادیش بۆ هەموو مرۆڤێکی تێکۆشەر ببێتە مەکۆی ئاسودەیی.

هاوسەرۆکایەتیی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان - پژاک

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## بۆ یادی ٥ ساڵەیماڵئاوایی

### سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران




بە داخەوە کاک جەلیل گادانی کەسایەتیی دیاری ڕێگەی کوردایەتی و ئازادیخوازی کۆچی دوایی کرد. کاک جەلیل گادانی نزیک بە حەوت دەیە ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ خزمەت بە خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و، خەباتی ڕەوا لە بەرانبەر ڕێژیمی دیکتاتۆریی ئاخوندەکان لە ئێراندا. کاک جەلیل

گادانی هەمیشە باوەڕی وا بوو نابێ لەگەڵ دەسەڵاتی ئاخوندەکان لە ئێران وتووێژ و دانوستان بکرێ و باوەڕی بە خەباتی شێلگیرانە بۆ گەیشتنی کورد بە مافەکانی بوو، هەروەها باوەڕی وا بوو، ڕووخانی یەکجاریی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە ئێران چارەسەرێکی بنەڕەتییە.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران کۆچی دوایی کاک جەلیل بە زیان بۆ جووڵانەوەی مافخوازنەی کوردستان و شۆڕشی ڕەوا لە بەرانبەر دەسەڵاتی ئێران دەزانێ. بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی تێکۆشەری دێرینی گەلی کورد، "بابەشێخ حوسەینی"، سکرتێری گشتی و سەرکردایەتیی سازمانی خەبات و تێکڕای هاوباوەڕانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی بە خانەوادەی کاک جەلیل و هەوالانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕادەگەیەنین و لە غەم و پەژارەیاندا بەشدارین.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی کۆچی خۆری

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## ڕێکخراوی خەبات.ی شۆڕشگێڕی کوردستان




**پەیامی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانییەوە**

**بە نێوی خودای بەخشندەی مێهرەبان**

**هەواڵمان بیست کە بەرەبەیانی پێنجشەممە ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ بە داخەوە تێکۆشەری دێرین و کەسایەتیی سیاسیی کوردستان، کاک جەلیل گادانیی، کۆچی دوایی کردووە.**

**کاک جەلیل گادانیی یادگاری سەردەمی کۆمار، خەباتگێڕی خاوەن دەیان ساڵ خەباتی زیندان و شار و شاخ، لە کەسایەتییە ناسراوەکانی نێو ڕیزی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلات و لە ڕێبەرانی دیاری حیزبی دێموکڕات بوو. ئەو شۆڕشگێڕێکی نەسرەوتوو، کوردێکی سادق، ئاشقی ئازادیی، دژبەری دیکتاتۆرییەت و لاگری ئاشتیی و تەبایی بوو. بە کۆچی دوایی کاک جەلیل کورد لە ڕۆژهەلات ڕۆڵەیەکی دڵسۆز و خۆنەویست و، حیزبی دێموکڕات ڕێبەرێکی بەئەزموون و ئێمەش دۆستێکی دێرینمان لە دەست دا. بێگومان لەدەستدانی کەسایەتییەک بەو هەموو تایبەتمەندییانەوە، ئەویش لەم کات و دۆخەی ئێستادا، داخێکی گران و برینێکی بەژان بۆ هەموو لایەکمانە.**

**ئێمە لە ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان بە بۆنەی ئەم کۆستە گەورەوە سەرەخۆشیی گەرم لە خەڵکی کوردستان، لە تێکۆشەرانی ڕیزی شۆڕش، لە هاوسەنگەرانی کاک جەلیل لەنێو حیزبی دێموکڕات و لە ئەندامانی بنەماڵە تێکۆشەر و کوردپەروەرەکەی دەکەین و خۆمان بە شەریکی غەم و کەسەر دەزانین.**



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

لە خودای گەورە دەپاڕێینەوە کاک جەلیلی کۆچکردوو بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و سەبر و ئارامییش بە هەموو لایەک بدا.

انا لله و انا الیه راجعون

ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان

کومیتەی ناوەندیی

١٧ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاویی

٧ - ٨ - ٢٠٢٠ی زایینیی

---



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## شووڕای هاوئاهەنگی - بزووتنەوەی کۆماریخوازانی رۆژهەڵاتی کوردستان



بەرێزانی سەرکردایەتی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات(حدک و حدکا)
کادر و پێشمەرگە و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات
بەرێزانی بنەمالەی سەربەرزی کۆچکردوو کاک جەلیل گادانی.

هەوالی کۆچی دووایی کەسایەتی سیاسی خۆشەویست و سیمای ناسراوی کورد و یە کێک لە کۆڵەکە گەورەکانی حیزبی دێموکرات، تێکۆشەری ماندوونەناسی رێگای رزگاری کورد و کوردستان، جەنابی کاک جەلیل گادانی کە جێگای رێز و خۆشەویستی گشت لایەکمان بوو، بوو بە مایەی خەمباری و دلگرانیمان.

کاک جەلیل بەدرێژایی مێژوویی تەمەن و خەباتی بێووچانی، قوناغگەلێکی پر لەهەوراز و نشێوی لەپێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد تێپەرکردووە، خوالێخۆشبوو نزیک بە ٧٥ ساڵ تەمەنی پڕ لە سەرەوەری خۆی لە رێزی تێکۆشەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان دا تەرخان کرد.

زیندان و گرتن و راودوونان و دەربەدەری، تا رێکخستن و ژیاندنەوەی شانە نهێنییەکانی حیزب لە دوای رووخانی کۆماری کوردستان ، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتیە دیمۆکرات و ئازادیخوازەکانی ئێران و شۆرشگێرانی بەشەکانی تری کوردستان بەشێک لەئاراستەی خەباتی ماندوونەناسانەی پێکدێنن.

نەمر کاک جەلیل گادانی خۆشەویستی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و کادر و پێشمەرگەگانی حیزبی دێموکرات بوو، بۆ لاوان

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

پشتیوان و ئۆلگوو و هەوێنی خۆراگری و وڵاتپارێزی و شۆرشگێری بوو. هەر بۆیە کۆچیدوایی کاک جەلیل گادانی وەک کەسایەتیێک،، کە خەمخۆری یەکریزی و یەکگرتوویی ناوماڵی کورد لە رۆژهەڵات و بە تایبەتی حیزبی دێموکرات بوو، وەک خەسارێکی گەورە و قەرەبوونەکراوە دێتەنرخاندن کە گشت لایەکی تووشی شوک و هەژاندن کردووە،

بۆیە لەم پەیوەندییەدا، بزووتنەوەی کۆماریخوازانی رۆژهەلاتی کوردستان، سەرەخۆشی لە ئێوەی هێژا و بنەماله و کەس و کاری خوالێخۆشبوو و گشت بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات دەکات، خۆمان بە شەریکە غەم و پەژارەتان دەزانین و لە بەرزە ناوی بێ هاوتا داواکارین، روحی نەمر کاک جەلیل بەهەشتی بەرین شاد بکات و هاوسەنگەران و ئەزیزان و یارانی لە بەلا و مووسیبەتی عەرزی و ئاسمانی بەدوور رابگرێ.

سەبووری و سەعادەت و لەشساغی و سەرکەوتنی گشت لایەکتان ئاواتەخوازین

دەگەڵ رێزمان

شوورای هاوئاهەنگی - بزووتنەوەی کۆماریخوازانی رۆژهەڵاتی کوردستان

١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٠ی کوردی (١٣٩٩)ی هەتاوی

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی

---



سەرچاوە
Serchawe

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## پارتی لیبڕاڵ دێموکراتی کوردستان ئەنجومەنی سەرکردایەتی




بەڕێزان: دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بەڕێز گادانی

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی سیاسەتمەدار، کەسایەتیی دیاری سیاسیی کورد و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕیز کاک "جەلیل گادانی" مان پێگەیشت.

بە ناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی لیبراڵ دیمۆکراتی کوردستان سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەموو هاوڕێیان و هاوسەنگەران و گەلەکەمان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

"کاک جەلیل گادانی" مرۆڤێکی ئارام و قسەخۆش و کەسایەتییەکی دیاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان بوو کە هەموو تەمەنی لە پێناو مافە ڕەواکانی گەلەکەیدا خەباتی کرد و کۆڵنەدان و نەسرەوتنی کاک جەلیل گادانی خۆشەویست لە ڕیزی حیزبی دێموکراتدا و بۆ ڕزگاری نەتەوەکەی ئیلهام بەخشە و فێری بەردەوامی و پاراستنی بەهاکان و مانەوەمان دەکا، لەدەستدانی تێکۆشەرێکی وەک کاک جەلیل گادانی کۆستێکی گەورەیە بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد و کوردستان.

ڕوحی شاد و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێ

پارتی لیبڕاڵ دێموکراتی کوردستان ئەنجومەنی سەرکردایەتی

١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٠کوردی

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان(PAK)




به ناوی خوای گەوره و دلۆڤان

بە داخ و کەسەری زۆرەوە، ئەمڕۆ مرۆڤێک ماڵاوایی لە ژیان کرد کە گەنجینەیەک بوو لە مێژووی تێکۆشانی کورد لە رۆژهەڵاتی نیشتمان.

مامۆستا جەلیل گادانی لە یادگارەکانی نەوەی سەردەمی دەوڵەتی جمهووری کوردستان و تێکۆشەری تاڵی و سوێری و ئازارچێشتووی ڕێگای ئازادیی کوردستان و سەرکردە و سیاسەتکاری ناسراوی ژیانی حیزبایەتیی رۆژهەڵاتی کوردستان.

بە کۆچی دوایی مام جەلیل، کوردستان خەباتگێڕێکی پاک، سەرڕاست و شێلگیر و ئێمەش دۆستێکی بەوەفا و قەدرگرانی خۆشی و ناخۆشییەکانمان لە دەسدا.

تەرمی مام جەلیل گادانی دەبوو وەک ئەمەک و وەفا بۆ رەنج و مەینەتەکانی لە ڕێگای ئازادیی و، ڕێزلێنان لە کەسایەتیی و سیفەتە جوانەکانی ژیان و و خەبات و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، بەسەرشان و بە هاوڕێیەتی ئەوانەی خۆشیان دەویست بەرەو دوا مەنزڵ، بگوێزرێتەوە و کۆڕی پرسەی یارانی بە رۆژان بەردەوام بایە. بەڵام داخمان ناچێ کە پەتای کۆڕۆنا، حەسرەتی بەجێهێنانی ئەو ئەرکانەی لە سەر دڵ داناین.

سەرەخۆشی دەکەم لە خۆمان؛ لە بنەماڵە بەڕێزەکەی، لە حیزبی دێموکرات، لە هاوڕێ و دۆستانی و گشت ئەوانەی بە

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

مەرگی خەفەتبارن.

بەهەشتی بەرین بۆ مام جەلیلی خۆشەویست و سەبر و ئۆقرە بۆ تازیەبارانی لە خوای گەورە داواکارم.

حسین یەزدانپەنا

١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٠ک


٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ ز



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

### سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان




زۆر بە داخەوە بەڕێز کاک جەلیل گادانی، سەرکردە و کەسایەتیی دێرینی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کرد.

بەداخەوە ئەمڕۆ ١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٠ی کوردی ٢٠٢٠٧ زایینی، مێژووی لە دەستدانی کەسایەتیەکی دیکەی وڵاتە داگیرکراوەکەمان تۆمارکرا، ئەویش بەڕێز کاک جەلیل گادانییە، کە بەهۆی نەخۆشی پەتای کۆرۆنا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان کۆچێ دوایی کرد.

کاک جەلیل زیاد لە ٧٠ ساڵ بەبێوچان و ماندوونەناسانە لە خەبات و تێکۆشاندا بووە، لەو ٧٠ ساڵەی خەباتیدا زیاد لە ٥٠ ساڵ ئەرکی سەرکردایەتی و چەند ساڵێکیش سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی لەئەستۆ بووە. مام جەلیلی خۆشەویست لەو زیاد لە ٧٠ ساڵەی مێژوو ئەزموونی خەباتیدا: دەکرێت بڵێین ٧٠ هەزار ڕووداوی ناخۆش و ئاستەنگی نێونەتەوەیی و پەلامار و تێرۆرکردن و شەهیدکردنی هاوسەنگەرانی، زیندانی درێژخایەن، کە ڕووبەڕووی خۆی و گەلەکەی بووەتەوە بە چاوی خۆی بینییوە. بەڵام هیچ کام لەو ڕووداوانە بە چۆکیدا نەهێناوە، کە لە خەبات وتێکۆشاندا بکشێتەوە و یا دڵسارد بێتەوە، بگرە هەمیشە ورەبەرز و هاندەری هاوسەنگەرانی بووە.

بەو هیوایە کە ئەزموونی ئەم کەڵە پیاوە ببێتە وانەیەک بۆ هەموومان لە مێژوودا.

هەروەها هیواخوازم کە ئەم پیاوە گەورە لە دیرۆکی جووڵانەوەکانی گەلی کوردا حەقی خۆی پێبدرێت و لە نووسینی مێژوودا غەدری لێ نەکرێ.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

من بۆ خۆم لە نزیکەوە لە سادقی و پاکی وره بەرزی ئەم پیاوە بەڕێزە ئاگادار بووم، لە ساڵی ١٩٩٤ بۆ یەکەمجار لە ناوچەیەکی سەر بە ڕانیەی باشووری کوردستان بە خزمەتی گەیشتم، دواتر لە سەردانەکانی بۆ وڵاتی نەرویج لە سالی ١٩٩٧ بۆ سەرەوە چەندین جار بە خزمەتی گەیشتم، لە ساڵی ٢٠٠٧ کە لە مراسمی بە خاک سپاردنی کاک موحەممەد گادانی برای لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج بەشداربوو، لە مەجلیسی سەرەخۆشییەکەی بە خزمەتی گەیشتم، ئەو کات ساڵێک بوو بە سەر دامەزراندنی پارتی سەربەستیی کوردستاندا تێپەڕ بوو، وێرای پیرۆزبایی لێکردنم، داوای لێکردم کە نابێت لە بەرامبەر قسەو پڕوپاگەندەن و پێشهاتە ناخۆشەکانی ئابوری و ئاستەنگیدا سارد بیتەوە.

ئەو ئامۆژگارییەی کاک جەلیلی هەمێشە زیندوو، یەکیک بوو لەو پەندانەی کە تا ئێستا ١٥ ساڵی بە سەر دامەزراندی پ س ک دا تێپەڕدەبێت، من بە هەندم وەرگرتووە.

**سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزی گادانی و گشت و هاوڕیی و هاوسەنگەرانی لە ڕێزەکانی حدک و حدکا دەکەم. ڕۆحت شاد مامی بە ئەزموون و ماندوو نەناسی گەل.**

سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان

عارف باوەجانی

١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٠ی کوردی، ٦ - ٨ - ٢٠٢٠ی زایینی.

## سکرتێری حیزبی ڕزگاریی کوردستان



بۆ بەڕێزان دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دڵگران بووین بە هەواڵی کۆچی دوایی ڕەوانشاد سەرکردە و خەباتگێڕی میللەتەکەمان کاک جەلیل گادانی.

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێزەکەی و دۆست و هەڤاڵانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین.

لەپەروەردگاری مەزن دەپاڕێینەوە تیکۆشەر جەلیل گادانی، بە بەهەشت شاد بکا و سەبر و ئارامیش بۆ خانەوادە و دۆست و هەڤالانی.

براتان هەژار زراری، سکرتێری حیزبی ڕزگاریی کوردستان

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

### یەکێتیی دیموکراتی کوردستان




بەڕێزان ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان
بنەماڵەی بەڕێز کاک جەلیل گادانی

وەک یەکێتیی دیموکراتی کوردستان، زۆر بە داخەوەین بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەر و خەباتگێڕ و ڕێبەرێکی شۆڕشی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کۆچکردوو کاک جەلیل گادانی و پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و سەرجەم گەلەکەمان دەکەین لە کوردستانی ئێران.

دیارە کاک جەلیل گادانی نێزیک بە حەوت دەیە خەبات و تێکۆشانی پسانەنەهاتووی هەبووە بۆ ڕزگاری و ئازادی و چەسپاندنی دیموکراسی بۆ گەلەکەی و کاراکتەر و ڕێبەرێکی دیاری نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات بوو و تا دوا هەناسەی ژیانی لە ڕیزی خەباتدا مایەوە و لە تێکۆشان بۆ گەلەکەمان ڕانەوەستا، مەخابن لە دۆخێکی ناهەموار و پەتایەکی کۆشەندەی جیهانی کۆچی کرد و گیانی سپارد بە کاروانی نەمرانی ڕێگای ئازادی کوردستان.

وەک یەکێتیی دیموکراتی کوردستان سەری ڕێز بۆ چەندین دەیە خەباتی کاک جەلیل گادانی دادەنوێنین و پڕ بە دڵ خەمبارین بۆ لە دەستدانی ئەو تێکۆشەرە ئازادیخواز و یادگارەی کۆماری کوردستان، دووبارە خۆمان بە هاوخەمی هاوڕێیان و بنەماڵەی کوچکردوو دەزانین و پرسە و سەرەخۆشی خۆمانتان پێ ڕادەگەیەنین. یادی لە دڵان بێت و هەمیشە زیندو.

یەکێتیی دیموکراتی کوردستان

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## دەفتەری سیاسی پارتی سەربەخۆیی کوردستان




بەناوی کوردستانی گەورە

بەڕێز دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

سڵاو و ڕێزی تایبەت!

خوشک و برایانی خۆشەویست زۆر بە داخەوە ئاگادار کراینەوە کە تێکۆشەری دیرین و شۆڕشگێڕی بە ئەزموونی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک جەلیل گادانی کۆچی دوایی کرد. بەم بۆنەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی هەڤاڵانی دەفتەری سیاسی و هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بە گشتی و بنەماڵەی کۆچکردوو کاک جەلیل گادانی دەکەین و هیوای سەبووری بۆ گشت لایەک دەخوازین.

پارتی سەربەخۆیی کوردستان خۆی بە شەریکی خەمتان دەزانێ و ئازاری کۆچی کەسایەتیی دیار و شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان، تەنیا بە سەرکەوتن و دەستەبەرکردنی ویست و خواستی ڕەوای گەلەکەمان سارێژ دەبێت، بۆیە ئێمە وەک پارتی سەربەخۆیی کوردستان دەستی برایەتی و هاوکاریتان بۆ درێژ دەکەین و بە ڕۆحێکی نەتەوەیی دەڕوانینە ئەم کۆچە ناوەختە و دڵ بەخەمین بە کۆچی ناوەختەی کاک جەلیل گادانی، لە کۆتایی دا هاوخەمی و پەژارەی خۆمان ئاراستەی هەموو هاوخوێنانمان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین.

دەفتەری سیاسی پارتی سەربەخۆیی کوردستان

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان




(تەمەنێکی پڕ بەها بوو لە مێژوو و یادگاری کۆماری کوردستان)

پەیامی ماتەمینی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان بە بۆنەی کۆچی تێکۆشەر جەلیل گادانی

بەڕێزان کادرو ئەندام و لایەنگەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان!
گەلە شۆڕشگێڕەکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان!

پیری سیاسەت لە خۆرهەلاتی نێوەڕاست، تێکۆشەرە دێرینەکی ریزی خەباتی رزگاریخوازیی کوردستان بە کۆچی دوایی ماتەمێکی تەواوە بۆ کوردستان و زیاتر ڕۆژهەلاتی کوردستان، بۆ کۆچی تێکۆشەر جەلیل گادانی خەسارەیێکی گەورەی شۆڕش و خەباتە لە ڕۆژهەلاتی کوردستانە.

بە بۆنەی ئەم ڕووداوە دڵتەزینە و سەرخۆشیی خومان بە تایبەت ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزیان و گەلی کورد و سەرکردایەتی و ڕیزەکانی حزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین.

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی یەکگرتوی خەڵکی ئێران



بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاورێی دێرینم کاک جەلیل گادانیمان پێگەیشت.

برا جەلیل یەکێکە لە ڕزگاربووەکانی نەوەیەک کە لە تەمەنی گەنجیدا کۆماری کوردستانی ئەزموون کردووە، هەرچەندە کورت و پوخت بێت. ئەو بە قووڵی باوەڕی بە مافی مرۆڤ و ڕەوای گەل هەیە، لە هەمان ساڵانی نوێی گەنجێتی هەوڵی داوە و شەڕی کردوە بۆ بەدیهێنانی ئەم داواکاریانە. زیندان و ئەشکەنجە، ڕاکردن و مەترسی تیرۆر لە لایەن بکوژ و جاشەکانی حکومەتی ئیسلامیەوە، نەک هەر کێشەیەکی نەخستە سەر بیروباوەڕی ئەم شەرکەرەی لە ڕێگای ئازادی و مافی گەلەوە، بەهێزتر کرد لەم دژوارەدا ڕێچکە.
برا جەلیل باوەڕی بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و هەوڵدان بۆ دروستکردنی بەستەڵەکێک لە نێوان خەباتی نەتەوایەتی لەگەڵ بزووتنەوەی جیهانی لە ئێران، لەنێو هاورێ نزیکەکانی تێکۆشەرانی ئازادی و دیموکراسیدا. ڕەفتاری بێفیزی ئەم شەرکەرەی بێفیز وای لێکرد کە ڕوخسارێکی بەناوبانگ و خۆشەویست و بەڕێز بێت، نەک هەر لەناو حزب بەڵکو چالاکوانانی تری سیاسی پێشکەوتنخوازانە.


خەممان هەیە بۆ نەبوونی ئەم تێکۆشەرە بەنرخ و تێکۆشەرە بۆ هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات کە چەند ساڵە ڕابەریەتی، هاورێ، هاورێ، خێزان، هەموو هاورێ و دۆست و خزمان ، و بە قووڵایی باوەڕمان وایە کە مرۆڤ و ئامانج و ئاواتەکانی، لە ئێرانییە ئازاد و دیموکراتەکان ، عەلمانی و فیدراڵییەکان جێبەجێ دەکرێن.

کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراوی یەکگرتوی خەڵکی ئێران

هەینی ١٧ی مۆردادی ١٣٩٩ = ٧ی ئۆگۆستی ٢٠٢٠

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

### کۆمیتەی نەرویجی پارتی سەربەستی کوردستان




ئێمە وەک کۆمیتەی نەرویجی پارتی سەربەستی خۆمان بە شەریک و هاوخەمی هەموو ئۆگران، خۆشەویستان و وەفادارانی ڕێبازەکەی مامە جەلیل گادانی دەزانین و هەروەها سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی ئازیزیان،تاک بە تاکی کوردستانیان، وڵاتپارێزان و پێشمەرگە فیداکارەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەکەین. جێگەی ئاماژەیە کە مامە جەلیل گادانی بە حەق مامی هەموان بوو و بە حەق دڵە گەورەکەی بۆ کورد و کوردستان لێیدەدا کە لای هەموو حیزب و ڕێکخراوێکی کوردستانی بە بیر و بۆچوونی تەواو جیاوازەوە، هەست بەو مەزنایەتیەی ئەو پیاوە گەورە دەکرا. هەر ئەمەش وایکرد کە هەردەم خۆشەویستی ئێمەومانان بێت و لەدەست دانی ئەو پیاوە مەزنە بە خەمێکی گەورە و ئازارێکی بێ هاوتا سەیر بکەین. لە ڕاستی دا مامە جەلیل یەکێک لە کەڵە پیاوانی مێژووی سەردەمی خۆی بوو کە هەگبەیەکی وای لە دوای خوی جێهێشتووە تاکوو ئێمە هەردەم لێی فێر بین و بۆ نەوەکانی داهاتووی بگوازینەوە.

ڕوحی پاک و بێگەردت هەددەم شاد و تەمەننا لە خوای گەورە دەکەین سۆز و ڕەحمەتی خۆی بە سەرت دا ببارێنێ.

کۆمیتەی نەرویجی پارتی سەربەستی کوردستان.

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان




**تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادیی کورد و کوردستان**
**هاوبیران، پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێبەری و دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**بنەماڵەی سەربەرز و شۆڕشگێڕی گادانی**

**بە داخەوە ئاگادار کراینەوە کە مامی کوردان، مامە جەلیل گادانی پاش حەوت دەیە خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئازادی و سەربەستیی نەتەوەی کورد، دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لێکردین.**

**کاک جەلیل گادانی سیمای ناسراو و سیاسەتمەداری نەتەوەی کورد، پڕاوپڕ بوو لە ورە و خۆشەویستی بۆ خەبات و گەیشتن بە ئازادی و ئەگەرچی ئەمڕۆ بە جەستە لە ناومان دا نەماوە و بە جێی هێشتووین،بەڵام بە ڕوح و ڕێگە و ڕێبازەکەی بۆ هەمیشە لە ناوماندا زیندوو و هەرمانە.**

**کاک جەلیل گادانی لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە تا دوایین هەناسە وەفاداریی خۆی بە ڕێبازی کۆمار و پێشەوای نەمر سەلماند و بیری ئازادیخوازی و سەربەخۆیی نیشتمان هەمیشە ئاوێتەی وتە و کردارەکانی بوو و ئەو بە حەق درێژە پێدەر و سیما و هێمای کۆماری کوردستان بوو.**

**کۆچی ناوادە و لە ناکاوی کاک جەلیل پەرۆش و خەمباری کردین و لە دەستدانی خەسارێکی گەورەیە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.**


سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

بۆیە لە ڕێگەی ئەو پەیامەوە سەرخۆشی لە خۆمان و لە سەرجەم ئەندامانی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی ڕێبازی کوردایەتی و بنەماڵەی بەڕێزی دەکەین و خۆمان بە هاوبەش و شەریک و بەشداری ئەم خەمە قورس بەژانە دەزانین.

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## کانوونی نووسەرانی کوردستان - ڕۆژهەڵات



نووسەران و دڵسۆزانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی!

هەر وەک هەموو لایەک ئاگادارن، ئەمڕۆ پێنجشەممە ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی جەلیل گادانی، کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نووسەر و وەرگێڕی بەتوانا، بەهۆی نەخۆشییەوە لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

کاک جەلیل گادانی، جیا لەوەی زیاتر لە حەوت دەیەی ژیانی خۆی لەپێناو خەبات و بزاڤی سیاسی و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەیییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان کردبوو، لەم بوارەدا ئەمەگناسانە و خاکەڕایانە و بە پشوودرێژییەوە هەنگاوی هەڵگرتووە، هاوکات کەسایەتییەکی ناسراوی کۆمەڵایەتی و نووسەر و وەرگێڕێکی خاوەن ئەزموونە و خاوەن چەندین پەرتووکی بەنرخە.

کاک جەلیلی تێکۆشەر لەپێناو بیروباوەڕەی کوردانە لە سەردەمی ڕێژێمی پاشایەتی بۆ ماوەی ١٣ ساڵ زیندانی کراوە، بەڵام گرتن و بەندکران کۆڵیان پێ نەداوە و زیندانیشی کردووەتەوە قوتابخانەیەک بۆ فێربوون و لەوێ فێری زمانی فەڕەنسی بووە.

ساڵی ١٣١٢ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لەدایک بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە مەهاباد تەواو کردووە، ساڵی ١٣٥١ بڕوانامەی لیسانسی زمانی فەرەنسی لە زانکۆی تاران وەرگرتووە، هاوکات جیا لە زمانی دایکی، زمانەکانی فارسی و

فەڕەنسی و هەتا ڕادەیەکیش تورکی زانیوە.

تێکۆشەری ماندوویی‌نەناس کاک جەلیل گادانی، خەمخۆرێکی زمان و ئەدەبی کوردی و پاراستنی بەها نەتەوەییەکان بوو و لەم بوارەشدا خاکەڕایانە و بە پشوودرێژییەوە هەنگاوی جیدی هەڵهێناوە، لە پاراستنی بەڵگە و دیکیۆمێنتەکانی شۆڕشی کوردستان و بەتایبەت سەردەمی کۆماری کوردستانەوە بگرە، هەتا نووسینەوەی بەشێک لە مێژووی حیزبی دێموکرات و ئاوڕدانەوە لە خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە وەک برپرەی بزووتنەوەی کورد لە کارە بەنرخەکانی کاک (جەلیل گادانی) دێنە ئەژمار کە لەمبارەوە دوو کتێبی بەنرخی نووسیوە.

بەشێک بەرهەمەکانی لە بواری وەرگێڕان و نووسیندا بریتین لە:

١- هاونەتەوەیی‌بوونی قەومی کورد و ماد - (وەرگێڕان)
٢ -پەنجا ساڵ خەبات (کورتەیەک لە مێژووی حیزبی دێمۆکرات)
٣- ڕاستیی ڕووداوەکان
٤- با نەبێتە درۆی پاش مردوو
٥- کەشکۆڵی پێشمەرگە
٦- وڵامدانەوە و ڕوونکردنەوە
٧- انسان چگونە غول شد
٨- داستان یک پیشمرگ قهرمان (ئامادەکردن و کۆکردنەوە)

ئێمە وەک کانوونی نووسەرانی کوردستان، وێڕای بەرز نرخاندنی خەبات و تێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگی و ڕۆشنبیریی تێکۆشەری پێشەنگ کاک جەلیل گادانی کە لە‌پێناو ئازادی و سەربەستیی نەتەوەکەیدا هەڵیگرتووە، هاوکات بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەم نووسەرە ئازادیخوازەوە، سەرەخۆشی و هاوخەمیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکاری بەڕێزیان و هەموو تێکۆشەرانی بزووتنەوەی کورد و نووسەر و ئەدیبانی نیشتمان دەکەین و خۆمان بە شەریک و هاوبەشی خەمیان دەزانین.

**پێمان وایە ڕەهەندی ئەخلاقی و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و خاکەڕایی کاک جەلیلی تێکۆشەر، نموونە و سەرمەشقێکە بۆ لێ فێربوون و لێبووردەیی و یەکتر قەبووڵکردن لە مەیدانی بزووتنەوەی سیاسی و فەرهەنگیی کوردستاندا.**

کانوونی نووسەرانی کوردستان - ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی - ٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## پەیامی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان




بەداخەوە ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ کەسایەتیی ناوداری بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک جەلیل گادانی داوی حەوت دەیە خەبات و تێکۆشان بە هۆی نەخۆشیی کۆرۆنا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کردستان بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە هاوڕێ و هاوسەنگەرانی کرد.

کاک جەلیل یەکێک لەو لاوە خوێنگەرمانە بوو کە هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد دەستی بە خەباتی سیاسی کرد. دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانیش کۆڵی نەدا و لە ڕوونکردنەوە و ڕێکخستنەوەی تێکۆشەرانی دێموکراتدا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا. هەر بۆیە لەو پێناوەشدا چەندین جار لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی پاشایەتییەوە دەستگیر دەکرێ و ڕەوانەی سیاچاڵەکانی ئەو ڕێژیمە دەکرێ و بۆماوەی نزیک بە ١٥ساڵ لە تەمەنی پڕ لە سەروەری خۆی لە زیندانەکانی ڕێژیمی شاهنشاهیدا بەسەر دەبا. لەو مەیدانەشدا کاک جەلیل بە حەق هێمایەک بوو لە خۆڕاگری و بەرخۆدان و دوای ئازادبوونی لە بەندیخانە گەرم وگوڕتر لە جاران دەستی بە خەبات و تێکۆشان کردەوە.

دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی و دەستپێکردنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات لە زۆربەی هەرە زۆری کۆنگرەکانی حیزبدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دواتر بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا و لەو مەیدانەشدا ماندوونەناسانە بەوپەڕی سەداقەت و دڵپاکییەوە ئەرکەکانی بەجێ گەیاند.

ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی دوای دامەزرانی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کاک جەلیل یەکێک لە خەمخۆرانی دامەزرانی ئەو ڕێکخراوە بوو و هەر لە سەرەتاوە بوو بە ئەندام و بۆ ماوەیەکیش بەرپرسایەتیی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە سەر شان بوو. هەر بۆیە کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی کاک جەلیل

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

کاریگەری لە سەر کار و چالاکییەکانی ئەنجومەن هەبوو و بە خەمخۆرییەوە کاری بۆ سەرخستنی کارەکان دەکرد.

ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای بەداخ بوون بۆ کۆچی دوایی ئەو مرۆڤە مەزنە، هاوخەمی خۆی ئاڕاستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هاوڕێ و هاوسەنگەران و بنەماڵەی بەڕێز گادانی و هەموو خەڵکی کوردستان دەکا.

ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

**بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی**

## پەیامی هاوخەمی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان




### کۆچی دوایی مرۆڤێکی دادپەروەر!

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی سەرکردە، تێکۆشەر، ئەدیب و نووسەری نەتەوەکەمان پێگەیشت. ئەو مرۆڤە ڕووناکبیرانەی هەموو ژیانیان بە خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و دادپەروەی تەرخان دەکەن، ژەکی هەرمانیان چێژتووە و قەت نامرن.

ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## کۆمیتەی هاوئاهەنگیی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی کوردستانی ئێران



هاونیشتیمانیانی بەڕێز!

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە، ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی کاک جەلیل گادانی، کەسایەتیی نیشتمانپەروەر و تێکۆشەری ناسراوی دێرینی دێموکرات بە هۆی نەخۆشیی کرۆنا گیانی لە دەست دا و تێکەڵ بە کاروانی نەمرانی ڕێبازی ڕزگاریی نیشتمان بوو.

کاک جەلیل گادانی کەسایەتییەکی ناسراوی نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات بوو کە کاروانی خەباتی نەسرەوتوانەی خۆی لە هەڕەتی مێرمنداڵی و لە سپێدەی یەکەم هەڵهاتنی خۆری هیوای کوردان واتە کۆماری کوردستانەوە دەست پێکرد و سەرەرای هەموو هەوراز و نشێوەکان، تا دوایین ساتەکانی ژیانی سیاسیی خۆی ئۆگری ئەو ڕێبازە پیرۆزە مایەوە و لە هەوڵ و تێکۆشانی ماندوویی نەناسانە بۆ خزمەتکردن بە ئامانجە ڕەواکانی گەلەکەمان نەوەستایەوە.

لە پاش جوانەمەرگ بوونی کۆمار، بە شێوەی نهێنی لە ڕیزەکانی حیزبدا درێژەی بە چالاکییە سیاسییەکانی دا و هەر بەم هۆیەشەوە چەندین ساڵ لە تەمەنی خۆی لە زیندانەکانی ڕێژیمی پەهلەویدا بە سەر برد، بەڵام لەو هەلومەرجەشدا وازی لە پێگەیاندنی خۆی نەهێنا و هەر لەوێشدا فێری زمانی فەرانسەوی بوو.

پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و قۆناغی نوێی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کاک جەلیل بۆ چەند دەورە وەکوو ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لە ڕەوتی ئەو خەباتەدا چالاکانە بەشدار بوو.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

ئۆگری بۆ نووسین و وەرگێران و بەشداریی بەردەوام لە کۆڕ و چالاکییە فەرهەنگییەکاندا لایەنێکی دیکەی کەسایەتیی کاک جەلیل بوو کە کۆمەڵێک نووسین و وەرگێڕانی بەنرخی لە دوای خۆی بۆ کتێبخانەی کوردی بە یادگار هێشتووە.

هەروەها کاک جەلیل وەکوو کەسایەتییەکی دیار و شوێندانەری نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، یەکێک لەو کەسانە بوو کە بەردەوام پاڵپشت و هاندەری لاوان و تازەپێگەیشتوان بۆ فێربوون و داکۆکیکارێکی شێلگیری ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان بوو و هەوڵ و خەباتی بێوچانی ئەو لەم پێناوەدا بۆ هەموو ئەو خەباتکارانەی کە لە ڕیزی ڕێکخراوەکانی نێو حیزبدا پێگەیشتوون، ئاشکرایە.

ئێمە ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای بەداخبوون لە کۆچی دوایی ئەو تێکۆشەرە دڵسۆزەی نێو ڕیزەکانی خەباتی نەتەوایەتیی کورد و قوتابخانەی دێموکرات، پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی داخداری کوچکردوو و هاوسەنگەرانی و هەموو خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان دەکەین و خۆمان بە هەڵگری خەمی لەدەستدانی دەزانین و خۆمان بە ئەرکدار دەزانین بۆ وەدیهاتنی یەکیەتیی ڕیزەکانی دێموکرات و یەکخستنی هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجی بەرزی ڕزگاریی نەتەوایەتی کە خەونی گەورەی کاک جەلیل لە دوایین ساتەکانی ژیانیدا و ئاواتی هەموو دڵسۆزانی ئەو ڕێبازە پیرۆزەیە، تێبکۆشین.

کۆمیتەی هاوئاهەنگیی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی کوردستانی ئێران

١٨ - ٥ - ١٣٩٩ی هەتاوی

٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس




### کۆچی دوایی جەلیل گادانی، گەورە کۆڵنەدەری کورد

بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە کۆچیدوایی جەلیل گادانی، کەسایەتیی خۆڕاگریی کورد کە لە ٦ی ئووتی ٢٠٢٠، لە تەمەنی ٨٦ ساڵیدا و لە نەخۆشخانەی شاری سلێمانی کوردستان تەسلیمی کۆڕۆنا بوو، ڕادەگەیەنین.

کاک جەلیل لە مانگی مارسی ١٩٣٤ لە شاری مەهاباد، پێتەختی کۆماری کورتماوەی کوردستان(ژانوییە تا نوامبری ١٩٤٦)، لەدایک بووە.

### ئەو ڕووداوە، ژیان و دەروەستیی سیاسیی کاک جەلیل نیشان دەدا.

ساڵی ١٩٤٩، کاتێ تەنیا ١٤ ساڵی تەمەن بوو، بە نهێنی پەیوەست بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان(PDK) دەبێ کە بە درێژایی تەمەنیان، ئەندامێکی بەوەفا و چالاکی ئەو حیزبە بوون.

کاک جەلیل، ١٣ ساڵ لە ژیانی خۆی لەنێو زیندانەکانی ئێراندا تێپەڕ کرد. بەتایبەت لە بەرازجان، بە هۆی پشتیوانی و لایەنگری لە دۆزی ڕەوای کورد و ئەندامەتی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان(PDK) و تەنانەت لە دادگا نیزامییەکانی ڕێژیمی شاهەنشاهی بە ئیعدام مەحکووم دەکرێ و لە کۆتاییدا بە حەپسی هەتاهەتایی دەشکێتەوە.

لە ماوەی ئەو ساڵانەی دەستبەسەر بوو، دەست دەکا بە فێربوونی زمانی فەڕانسەوی کە پاش ماوەیەک ئەو زمانە لە ئێراندا

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

وەک زمانێکی فەرهەنگی نێوبانگ خۆش دەکا.

هەر لە زیندان، چەندین کتێبی "کۆنتس سێگۆڕ" وەردەگێڕێتەوە.

پاش ئازادیی لە زیندان، درێژە بە خوێندن دەدا و لە ساڵی ١٩٧٢ بڕوانامەی "زمان و فەرهەنگی فەڕانسە" لە "کۆلێژی زمانە بیانییەکانی تاران" وەردەگرێ.

لە مانگی ژۆئەنی ساڵی ١٩٧٨، کاک جەلیل دەستگیر و زیندانی دەکرێ، چون لە ڕێوڕەسمی بە خاکئەسپاردنی "عەزیز یۆسفی" وتاری دابوو.

عەزیز یوسفی، زیندانییەکی سیاسیی کورد بوو کە پاش ٢٥ ساڵ زیندان، لەژێر گوشاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئازاد دەکرێ و ساڵێک پاش ئازادی، کۆچ دەکا. کاک جەلیل، ڕۆڵگێڕێکی سیاسی و کەسایەتییەکی گرنگی کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان بوو و لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا ڕۆڵی سەرەکی بووە.

بەڕێزیان بە یارمەتیی چەند کەسایەتییەکی کورد، وەک: وەکیلی کۆچکردوو و بەناوبانگی کورد،"صارمالدین صادق وزیری"، ئەنجوومەنی کوردەکانی دانیشتووی تارانی بەمەبەستی پاڵپشتیی لە خەباتی سیاسی کورد و سەبارەت بە سەربەخۆیی ئیداری و فەرهەنگی ڕێک خست.

هەروەها لەگەڵ ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە پاریس، لە پێوەندیدا بووە و بەشداری ئامادەکاریی گەڕانەوەی سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکرات و ئەندامانی کۆمیتە مەرکەزی بووە.

کاک جەلیل، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە مانگی مارس و مەی ١٩٧٩ دوو جار هاوڕێ لەگەڵ لێژنەیەکی کوردی، بەشداری وتووێژێک لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینی دەکا.

کاک جەلیل، ئەکتەر و شایەتی دەرووستی پرسی کورد، زیاتر لە ٧٠ ساڵ لە ژیانی خۆی، تەرخانی خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافی سیاسی و فەرهەنگی کورد کرد، دەرووستییەک کە کاک جەلیل لە چەندین کتێبی خۆیدا سەبارەت بە "مێژووی هاوچەرخی کورد لە ئێران" سەلماندوویەتی.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

جەلیل گادانی، هەروەها دۆستی بەئەمەگی "ئەنستیتۆ کورد" بوون، هەرکات ڕێگایان لە پاریس دەکەوت بۆ گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی کوردستان و هەروەها لێدوان لەسەر پرۆژە و بەرنامەکانیان، سەری ئەنستیتۆیان دەدا.

ساڵی ٢٠١٥ کاتێ ئەنستیتۆ تووشی قەیرانی ماڵی ببوو، بەڕێزیان لە "کەمپەینی پشتیوانی لە ئەنستیتۆ" بەشداریان کرد و پێشنیاری فرۆشی ئوتۆمبێلی شەخسیی خۆیان دا، کە ئاشکرایە لەلایەن ئێمەوە قەبووڵ نەکرا.

کاک جەلیل کەسایەتییەکی یەکجار خۆشەویست بوو کە لە یادەوەریی هەموو کوردێک و لە زەینی هەموو ئەو فەڕانسەویانەی بۆ یارمەتی ڕۆژێک ڕێیان لە کوردستان کەوتووە، بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

**هۆش و بیرمان لای بنەماڵە و کەسوکار و خۆشەویستانی کاک جەلیل-ە کە بە هۆی هەلومەرجی تەندرووستییەوە نەیانتوانیوە لە مەراسیمی بەخاکئەسپاردنی تەرمی کۆچکردوودا بەشدار بن.**

**ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس**



سەرچاوە Serchawe

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## پەیامی ڕێکخراوی جیهانی کورد لە ئاڵمان




**نامرن ئەوانە، وا لە دڵی میللەتا دەژین**

هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی ناوداری کورد و تێکۆشەری ڕێگای ڕزگاری و ئازادی کوردستان، بەڕێز کاک جەلیل گادانی بە هۆی پەتای کۆڕۆنا، خەمباری کردین.

بەڕێز کاک جەلیل گادانی، یەکێک لەو دەگمەن خەباتکار و تێکۆشەرانە بوو کە لە هەرەتی لاوییەتی و لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە لە مەیدانی خەبات دژی داگیرکاری و کۆنەپەرستی و لە پێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکان و هەروەها سەروەری و سەربەستی نەتەوە و نیشتمان دا، ماندووییەنەناسانە و بێوچان لە هەوڵدا بوو.

ناوبراو کەسایەتێکی پایەبەرزی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو کە شوێنپەنجەی بەسەر ڕووداوەکانی زیاتر لە نیو سەدەی کوردستاندا دیارە و کار و تێکۆشان و بەرهەمە بە نرخەکانی کاریگەریی لەسەر گەنج و لاوەکان و هەروەها نەوەی داهاتوو، دادەنێ و مێژووی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان بە بایەخەوە دەرواننێتە هەوڵ و تێکۆشانەکانی.

ڕێکخراوی جیهانی کورد بە بۆنەی کۆچی دوایی نەمر کاک جەلیلی گادانی پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی بنەماڵە و دۆستان و هاوسەنگەرانی دەکا و خۆی بە هاوبەشی خەمی ئێوەی بەڕێز و هەموولایەک دەزانێ.

ڕێکخراوی جیهانی کورد لە ئاڵمان

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## ناوەندی هاشتاگ فۆڕ کورد




**نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا دەژین**

ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٠ی کوردی، کەسایەتی ناودار جەلیل گادانی، نووسەر، سیاسەتڤان و تێکۆشەری ناسراوی کورد، یادگاری کۆماری کوردستان و یەکێک لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نیو سەدەی ڕابردوودا، پاش زیاتر لە حەفتا ساڵ خەباتی بێ وچان، لە نەخۆشخانەیەکی شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

بەم بۆنەیەوە، وەک ناوەندی هاشتاگ فۆڕ کورد، سەرەخۆشی لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرجەم تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، کەسوکار و هاوسەنگەرانی دەکەین و هیواداری کاروانی خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگاریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەرچی زووتر بگاتە مەنزڵ.

ناوەندی هاشتاگ فۆڕ کورد

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

### پەیامی یەکیەتیی زانایانی کوردستان(یزاکا)




پرسە و هاوخەمی: "یزاکا" بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرینی گەلەکەمان، کاک "جەلیل گادانی"

کل نفس ذائقه الموت ثم الینا ترجعون

بە ناوی خودای دلۆڤان

ئەمڕۆ پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات کاک جەلیل گادانی، پاش نزیک بە ٧٠ ساڵ تێکۆشان لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا بە هۆی پەتای کرۆنا کۆچی دوایی کرد.

کاک جەلیل گادانی مرۆڤێکی تێکۆشەر و سیاسەتمەدارێکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، خوداڵێخۆشبوو چەندین پۆستی گرنگی وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هەبوو، لەم دواییانەش وەک سیاسەتمەدارێکی پڕ تەجرووبە درێژەی بە خەباتی ڕەوای گەلەکەی دەدا. بەداخەوە پاش ٧ ڕۆژ بەربەرەکانی لە گەڵ پەتای کرۆنا کۆچی دوایی کرد.

یەکیەتیی زانایانی ئایینی کوردستانی ئێران وێڕای هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی بەڕێزیان و تێکۆشەرانی دێموکرات پرسە و سەرەخۆشی لە هەموو لایەکیان دەکا و لە خودای مەزن دەپاڕێینەوە ڕۆحی بە بەهەشتی بەرین شاد بکا.



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

انا لله وانا اليه راجعون

١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەیماڵئاوایی

### هاشم کەریمی سیاسەتمەدار و کەسایەتی سیاسی ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



بەڕێز ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەل سلاو ئەمرۆ خەبری کوچی دوایی براو دوستی گەورە و تێکۆشەری دێرین کاک جەلیلی گادانیم پێگەیشت کۆچی دوایی کاک جەلیل کە نیزیکەی ٧٠ ساڵ لە تێکوشانی سیاسی و حیزبی دابوو بۆ خزمەت بە گەلەکەی، خەسارێکی گەورە بوو بۆ بزوتنەوەی نەتەوەکمان، بەم بۆنەوە پر بەدل سەرخۆشی لە ئیوەی بەرێز و بنەمالەی گادانی دەکەم هێوادارم ڕیگەی پر ڕێبوار بێت.

هاوریتان هاشم کەریمی

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## عەلی قازی، کەسایەتیی سیاسیی کورد و کوڕی پێشەوا قازی محەممەد



### پەیامی هاوخەمیی بەڕێز عەلی قازی بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە قوتابی بە وەفای کۆماری کوردستان و شۆڕشگێڕی دڵسۆزی نیشتمان، دۆست و برای ئازیزم مامۆستا "جەلیل گادانی" ئەمڕۆ بە هۆی پەتای کرۆنا کۆچی دوایی کرد.

بەو بۆنەوە سەرخۆشی دەکەم لە هەر چوار پارچەی کوردستان، ڕووحی بەرزی شاد، یادی پیرۆز و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێ،

بژی کورد، بژی کوردستان.

عەلی قازی

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

### هونەرمەند نازێ عەزیزی



ئەمنیش بە نۆرەی خۆم سەرەخۆشی لە حیزبی دێموکرات و تەواوی ئەندامانی ئەم حیزبە خۆشەویستە و هەموو گەڵ و چینوتوێژەکانی کۆمەڵگەی شار و لادێی کوردستان و، بنەماڵەی نەمر جەلیل گادانی، پێشمەرگەی دێرین و ماندوویی نەناسی گەلەکەمان دەکەم و سەری ڕێز و نەوازشی بۆ دادەنەوێنم. پێی دەڵێم ماندوو نەبی کاکە گیان. ماندوو نەبی لەوەی کە بێوچان تەمەنت بەخشی لە ڕێی ئازادی، لەوەی کە شاخەکانی کوردستانت هەمووی بە هەنگاوەکانت پێوا. بۆ خوێندنەوەی سروەی ئازادی دڵی شار وەستا، لە تەمی ڕۆیشتنت کوردستان ڕەشپۆشە شۆڕەسوارەکەی یادکاری کۆماری کوردستان.

**لێ ڕۆیشتنت دڵی هەزاران هەزار کوردی شکاند، دڵی دێموکراتمان خوێنی لێ تکا. ماندوو نەبی. دڵنیام کاتی سەربەخۆیی و ئازادیی کوردستان دێیتەوە و لەگەڵ هاوڕێ شەهیدەکانت لە چوارچرا ناوت بەرز دەکرێتەوە.**

نازی عەزیزی

١١ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## کۆمەڵێک کەسایەتی ڕۆژهەڵات



یادی کاک جەلیل گادانی تێکۆشەری دێموکرات بەرز و هەتاهەتایی بێ!

بە داخ وکەسەرێکی زۆر ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٦ - ٨ - ٢٠٢٠ کاک جەلیل گادانی تێکۆشەری ماندوویی نەناس وکۆڵنەدەری گەلەکەمان کۆچی دوایی کرد و تەواوی ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی وسەرفرازی نیشتمانی ماتەمبار کرد.کاک جەلیل زیاتر لە حەفتا ساڵ تەمەنی پڕ لە شانازی خۆی لە پێناو ئازادی و سەرفرازی کورد و کوردستان بەسەر برد و هەتا دوایین هەناسەی بەو ڕێگایە وەفادار مایەوە.

ئێمە وەک بەشێک لە دۆستان و هاوڕێیانی کۆچکردو لە وڵاتی ئاڵمان، بە خەم وپەژارەیکی زۆرەوە سەرەخوشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزی گادانی، هەروەها هاوڕێ وهاوسەنگەر و تەواوی تێکوشەرانی ڕێگای ئازادی دەکەین.

یادی بەرز و بەڕێز بێت.

١- ئیلاهە میتران

٢- فەریدون میتران

٣- ڕۆیا میتران

٤- د. ڕەزا فەرووخ

٥- شەهین فرومەند

٦- خەلیل حەواری نەسەب

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

٧- یەدی بەلەدی
٨- ناسر ئەمینزاد
٩- بەهمەن دەرویشیان
١٠- سەدیق شوهەدایی
١١- د. هومایون شەعبانی
١٢- فەرهاد سارایی
١٣- سەدیق ئەحمەدیی
١٤- جەهانبخش ڕۆستەمی
١٥- تاهیر بەرهون
١٦- مۆحسن مەسروریی
١٧- عەلی محەمەدی
١٨- جەماڵ زارع
١٩- گوڵنار زارع
٢٠- د. سروور مەولەویی
٢١- حەسەن ماوەڕانی
٢٢- سەتار میتران
٢٣- جەعفەر ڕۆستەمی بۆکانی
٢٤- د. کامران ئەمین ئاوە
٢٥- تۆفیق سۆهرابی
٢٦- نەوید موعینی
٢٧- عەبدوڵلا کوردپوور
٢٨- هەورامان هەورامی
٢٩- ئەحمەد حوسێنی

٩ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوە و ناوخۆی وڵات

### حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵات




**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**
**هاوسەنگەران، بنەماڵە و ئازیزانی کاک جەلیل گادانی!**

بەداخەوە سەرلەبەیانی ئەمڕۆ پێنج شەممە ١٦ی گەلاوێژ، کاک جەلیل گادانی، تێکۆشەری دێرین و سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات، دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە کۆڕی هاوسەنگەران و ئازیزانی کرد.

کاک جەلیل کە زیاتر لە حەوت دەیە لە تەمەنی پڕ سەروەری خۆی بۆ خەبات لەپێناو وەدیهاتنی مافە ڕەواکانی گەلی کورددا تەرخان کردبوو، نموونەی هەرە بەرزی ئەو تێکۆشەر و خەباتکارە دەگمەنانە بوو، کە بێوچان تا دوا هەناسەکانی ژیانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مکوڕتر و پێداگرتر بوو لەسەر ویست و داخوازییەکانی گەلە بەشخوراوەکەی و بۆ ئەو مەبەستەش لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک دریغی نەکرد.

کاک جەلیل لەسەردەمی ڕێژیمی حەمەڕەزا شا، وەک ڕەمزێکی خۆڕاگریی، لە کونجی بەندیخانەکانەوە بەگژ ستەم و چەوساندنەوەدا چووەوە و بوو بە هاندەر و داکۆکیکارێکی سەرسەختی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان. دوای هاتنە



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

سەرکاری کۆماری ئیسلامی‌یش، کاک جەلیل گادانی، وەک سەرکردەیەکی دیار و لێوەشاوەی دێموکرات، بە تێکۆشانی بێوچان و سەرکەوتن بەسەر کەند و لەند و دژوارییەکانی ڕێی خەباتدا، بوو بە ڕەمزی نەسرەوتن و ئاڵاهەڵگرێکی بەردەوامیی خەبات لە دژی کۆنەپەرستی و سەرەڕۆییەکانی ڕێژیمی دژە کوردی کۆماری ئیسلامی ئێران.

بێگومان لەدەست دانی کاک جەلیل گادانی لەم ساتەوەختەدا بۆ هەمووان جێگای داخ و پەژارەیە و نەبوونی خەسارەتێکی گەورەیە بۆ بزووتنەوەی کورد و تەنیا و تەنیا بە خەبات و تێکۆشانی بەردەوام دەتوانین روحی کاک جەلیل و هەموو ئەوانەی کە وەک کاک جەلیل بەسەربەرزی سەریان نایەوە، شاد بکەین . بەم بۆنەوە، وەک کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خەڵکی کوردستان، بنەماڵە بەڕێزەکەی و سەرجەم هاوسەنگەران و دۆستانی کاک جەلیل دەکەین.

**روحی کاک جەلیلی خۆشەویستی هەمووان شاد و ڕێگای خەباتی بۆ وەدیهاتنی مافە رەواکانی خەڵکی کوردستان بەردەوام بێ.**

**لەگەڵ ڕێزدا**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**کۆمیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵات**

**٦ی ئۆگوستی ٢٠٢٠**



سەرچاوە
Serchawe

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆرویژ. بەشی کۆمەڵایەتی




جارێکی تر تەم و مژی خەم باڵی بە سەر ئاسمانی کوردەواری دا کێشا. لە تاریکی یەکی شەوەزەنگدا ئەستێرەیەکی گەشداری تر، لە ئاسمانی خەبات و بەرخۆدانی گەلەکەمان بۆگەیشتن بە مافەرەواکانی ڕاخوشی.

هاوڕێیانی بەرێز!

دۆستانی خۆشەویست! بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک جەلیلی گادانی، یەکێک لە ڕێبەرانی کارامەو ماندوو نەناسی حیزب و گەلەکەمان پێگەیشت.

بێگومان کۆچی دوایی کەسایەتی یەکی وەک کاک جەلیلی گادانی کە نمونەی مرۆڤێکی شۆرشگێر، سیاسەتمەدارێکی سادق و خەباتگێرێکی ماندوویی نەناسی گەلە چەوساوەکەمان بوو، کۆستێکی گەورەیە بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان بە گشتی و حیزبە خۆشەویستەکەمان بە تایبەتی، کە بەم زوانە ئازارەکەی سارێژ نابێ و لە بیرناچێتەوە. مەخابن بە هۆی بڵاوبوونەی ویرووسی کرۆنا، بۆ پاراستنی سەلامەتی گشتیی، ناتوانین پرسە و ڕێ و ڕەسمی ڕێز لێنانی حزووری دابنێین.

کەسایەتی کاک جەلیل گادانی لە مێژە سنووری بنەماڵە و حیزب و تەنانەت خۆر هەڵاتی کوردستانیشی تێپەر کردوە و بووەتە بە کەسایەتیەکی دیاری هەموو بزووتنەوەی کورد. ئەو مرۆڤە ماندوویی نەناسە کە خەمی هەموو کوردستانی لە کۆڵ نابوو، شایانی ئەوە بوو کە وەک سەرکردەیەکی هەرە دیاری بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان ڕێ و ڕەسمی تایبەتی بۆ بەرێوە چووبایە، بەڵام مخابن کە هەل و مەرجەکە دەرفەتی ئەوەمان پێ نادات. کۆمیتەی نۆرویژی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە لە ئەساسدا خەمەکە بە هی خۆی دەزانێ، لە هەمانکاتدا سەرخۆشی گەرمی خۆی پێشکەشی



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

بنەماڵەی خەباتکاری گادانی دەکات و خۆی لە خەمیان دا بە هابەش دەزانی.

هاورێیانی حیزبی و دۆستانیش ئاگادار دەکەین کە بە مەبەستی دەربڕینی هاوخەمی و پرسە وسەرەخۆشی کردن لە بنەماڵەی بەڕێزی کاک جەلیل لە وڵاتی نۆروێژ، ئەتوانن پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنانەوە بگرن. بەرێزان:

١- شێرکۆ گادانی - ٩٧١١١٨٤٠

٢- کوێستان گادانی - ٤٧٢٧٠٥٨٨

٣- گۆران گادانی - ٤٥٨٨٢٧٥٧

٤- دیاکۆ گادانی - ٩٥٨٧٢٣٢٥

٥- ئاشتی گادانی - ٤٠٢١٤٢٤٧

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ولاتی نۆروێژ، بەشی کۆمەڵایەتی

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی دانمارک




**هاونیشتیمانیان**
**تێکۆشەرانی کورد و ئازادیخوازن**
**هێز و لایەنە سیاسیە کوردستانییەکان**
**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.**

ئاگادارن بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە کاک جەلیل گادانی بە تەمەنترین ئەندامی حیزبی دێموکرات و یادگارە بەنرخەکەی کۆماری کوردستان دڵی شەیدای ئازادی زێد و نیشتیمانی لە لیدان کەوت.

کۆچی دوایی کاک جەلیل لەم هەلوومەرجە دا خەسارێکی گەلێک مەزن و گەورە بوو لە بزاڤی ئازایخوازی کوردستان بە تایبەت بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان.

بەم بۆنەیەوە وەک و ئەمەگ و وەفا بۆ مامی گەورەمان کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک هەڵدەستی بە بەڕێوەبردنی مەراسیمێکی پرسە و سەرە خۆشی کە لە ئاست گەورەیی کاک جەلیل گادانی دابێ کە ٧٥ ساڵ لە تەمەنی بەوپەڕی سەخاوەتەوە بۆ گەل و حیزب و نیشتیمانەکەی بەخشی، بەشداریتان لەم یادە ماتەمینیەدا نیشانەی شکۆ و گەورەیی خەباتگێڕێکە کە هەموو تەمەنی خۆی لە پێناوی ئازادی گەلەکەی دا دانا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی دانمارک

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## کومیتەی ئەمریکا حیزبی دێموکراتی کوردستان




**خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان**
**کادر و پێشمەرگە و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

بێگومان کۆچی دوایی نەمر مامە جەلیل گادانی کەسایەتی دیار و خۆشەویست و سیمای ناسراوی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان، خەسارێکی گەورە و خەمێکی زۆر بە ژانە. ڕەنگە نازناوی مامی هەمووان دەرخەری ئەو ڕاستییە بێ کە مامە جەلیل چەندە لەباری کۆمەڵایەتی لە خەڵک و گەلی خۆی نیزیک بووە و چەندە وەک سەرکردەیەکی بێ فیز و دەعێ، هەلسوکەوتی خاکەڕایانەی لەگەڵ نەتەوەی خۆی هەبووە. ئەمە واتە گیان و ڕووحی بەرپرسیارانەی سەرکردەیەکی سیاسی کە بۆ لێ فێر بوون دەبێ!

لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر زیاتر لە هەفتا ساڵ خەباتی سیاسی بێوچانی مامە جەلیل بەم ئاکاربەرزییە زیاد بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە بۆچی ئەم نەتەوەیە تا ئێستاش هەر بەر پێوەیە، ئەویش دەگەڕێتەوە سەر بوونی ئەم جۆرە کەسایەتییانە لە بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورددا. ئەوان فێرمان دەکەن لەم ڕێگا پڕ هەورازولێژەی خەباتدا خاکەڕا بین، خۆنەویست بین و ماندوو نەبین و بەردەوام بین. شەهیدانمان و شەهیدانی ڕێبەرمان فێرمان دەکەن گیانمان لەسەر بەری دەستمان دابنێین بۆ ڕزگاری نەتەوەکەمان.

کۆی ئەم هەموو هاودەردی و هاوخەمییەش نیشانی دا کە سەرەڕای وردەجیاوازییەکانمان بەڵام هەمووومان ڕەگ و ڕیشە سەختەدارێکین کە هەرگیز لەبن نایە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لقوپۆپ دەردەکەین و چرۆ و گەڵامان شین دەبنەوە و هیوامان بە

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

داهاتوو بەهێزتر دەبێ.

بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان کومیتەی ئەمریکا سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی نەتەوەکەمان، حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵە بەڕێزی گادانی دەکەین و بەڵێن نوێ دەکەینەوە تا دواهەناسە ڕێبواری بەئەمەگی ئەم ڕێچکە و ڕێبازە بین.

کومیتەی ئەمریکا

حیزبی دێموکراتی کوردستان

٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان




لە کاتێکدا ئێمە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، بەرەوپیلی پیرۆز کردنی یووبیلی ئەڵماس و ٧٥مین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەچووین، بەداخەوە هەواڵی ناخهەژێنی کۆچی دوایی سیمای ناسراوی کورد و تێکۆشەری دێرینی دێموکرات، هەمووانی ماتەمبار کرد.

زۆر بەداخەوە ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی گەلاوێژی ٩٩ی هەتاوی، کەسایەتیی سیاسی ناودار و تێکۆشەری ماندوویینەناس و نیشتمانپەروەری دێموکرات، بە هۆی نەخۆشی دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە هاوڕێ و هاوسەنگەرانی کرد.

کاک جەلیل گادانی، خەباتگێڕێکی بە ورە و کەسایەتییەکی ڕاستگۆ و هێمای بەرزی کۆڵنەدان و خۆڕاگری بوو و زیاتر لە حەوت دەیە بوو لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد، لە خەبات و تێکۆشانی بێوچاندا بوو.

نەمر کاک جەلیل جیا لەوەی سیاسەتڤان و شۆڕشگێڕێکی نەسرەوتوو و پشوودرێژ بوو، لە هەمان کاتیشدا کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی، خەڵکی و خاکەڕا بوو، هەر بۆیە لەدەستچوونی ئەو بەرزەمرۆڤە بۆ هەموو لایەک جێگای داخ و پەژارەیە.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، وێڕای دەربڕینی پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێز گادانی و هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات، بەڵێن دەدا کە پشوودرێژتر لە پێشوو بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی نەمر کاک جەلیل گادانی و هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان، تێدەکۆشێ.

**بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی**

**هیواخوازین کە ڕوحی ئەم تێکۆشەرە دێرینە بە وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانی شاد بێ.**

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**

**١٧ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی**

**٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠**

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

### یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان کومیتەی سوید




کۆچی دوایی پیرە هەڵۆی نێو ڕیزەکانی دێموکرات. لە کاتێکدا بەرەوپیلی پیرۆز کردنی یووبیلی ئەڵماس و ٧٥ مین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەچین، هەورێکی ڕەش باڵی بەسەر عاسمانی نیشتماندا کێشا و وەک هەموو جار شایی و خۆشیمانی تێکەڵ بە خەم و ماتەم کرد. زۆر بەداخەوە سەر لە بەیانی ئەمرۆ، ١٦ی گەلاوێژ، تێکۆشەرێکی دێرینی حیزبەکەمان، سیاسەتوانێکی بە توانای گەلی کورد، خەباتگێڕێکی بەورە و ماندوویی نەناسی نێو ڕیزی شۆڕش و خاوەنی ٧ دەیە خەبات و تێکۆشانی بێ وچان، کاک جەلیل گادانی، ماڵئاوایی لێ کردین و خەم و پەژارەی بۆ هاوڕێ و هاوسەنگەرانی بەجێ هێشت. کومیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان-سوئێد بەو بۆنە خەمناکەوە، وێڕای بە داخ بوون بۆ لە دەستدانی ئەو کەڵە پیاوە، سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی هەموو ئەندامانی بنەماڵەی گادانی و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی و تێکڕای خەڵکی کوردستان دەکات و بەڵێن دەدا کە پشوو درێژتر لە پێشوو و بۆ گەیشتن بە ئامانج، وەفادار بە ڕێباز و درێژەدەری ڕێگای کاک جەلیل و هەموو شەهیدان بێت. ڕۆحی بەرزی شاد و ڕێگای پڕ لە سەروەری پڕ ڕێبوار.

یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان - سوئێد

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی بنەماڵەی ڕەوانشاد کاک "جەلیل گادانی"یان کرد




ڕۆژی پێنجشەممە، ٦ی ئوتی ٢٠٢٠ی زایینی، هەیئەتێکی کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستی هاوڕێ "هاشم ڕۆستەمی" بەرپرسی کۆمیتە، بە بۆنەی کۆچی دوایی کەسایەتی سیاسی، تێکۆشەر و ماندوویینەناسی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک جەلیل گادانی، سەردانی بنەماڵەی کۆچکردوویان کرد و لە نزیکە وە سەرەخۆشی و هاوخەمیی کۆمیتە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژیان بە بنەماڵەی بەڕێزیان ڕاگەیاند. لە سەرەتادا هاوڕێیانی کۆمیتە و بەشدارانی بنەماڵە، بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری ڕێگای ئازادیی کوردستان، ساتێک بە بێدەنگی لە بەرانبەر وێنەی نەمر کاک "جەلیل گادانی" دا بە پێوە وەستان و دواتر تاجەگوڵینەی ڕێز و خۆشەویستییان لە ژێر وێنەی نەمر کاک جەلیل دانا. پاشان بەڕێز "هاشم ڕۆستەمی"، لە باسێکی کورتدا پەیامی هاوخەمی و هاودەردی ئەندامان و کۆمیتەی گشتی حیزب لە وڵاتی نۆروێژی بە بنەماڵەی نەمر کاک جەلیل ڕاگەیاند و پاشان چەند وتەیەکی لەسەر کەسایەتی و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەباتی کاک جەلیل گادانی لە تەمەنی ١٣ ساڵییەوە تا دوایین ساتەکانی ژیانی باس کرد و ڕێزی لە خەباتی ٧ دەیەی نەمر کاک جەلیل گرت و هیوای خواست کە هەموو لایەک لە سەداقەت، پاکی، شۆڕشگێری، کوردایەتی، خاکی و خەڵکیبوونی کاک جەلیل وانە و ئەزموون وەرگرن و قوتابییەکی بەوەفای ڕێگا و ئامانجەکانی کاک جەلیل گادانی بین. هاوڕێ هاشم ڕۆستەمی باسی لەوەش کرد کە کەسایەتی ڕەوانشاد کاک جەلیل گادانی لە مێژە سنووری بنەماڵە و حیزب و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی تێپەڕ کردووە و ئەو ببووە یەکێک لە ڕێبەرانی ماندوویینەناسی بزووتنەوەی نەتەوایەتی سەرجەم خەڵکی کوردستان.

لەبەرانبەردا بنەماڵەی بەڕێزی نەمر کاک "جەلیل گادانی" بە تێکڕا سەرەخۆشی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کادر و پێشمەرگەکان کرد و هاوخەمی خۆیان دەربڕی و هیوای سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکانیان بۆ حیزبی دیموکراتی



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

کوردستان و هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی کاک جەلیل خواست.

لە کۆتاییدا هەم هەیئەتی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەم بنەماڵەی ڕەوانشاد کاک جەلیل، سوپاس و پێزانینی خۆیان بۆ هەموو هاوڕێ و هاوسەنگەران و دۆستان بە گشتی دەربڕی کە لە ماوەی نەخۆشیی کاک "جەلیل" دا بە پەرۆشەوە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە پێوەندییان گرتووە. هەروەها سوپاسی تایبەتی خۆیان بۆ خاتوو "گلارا گادانی" کچی نەمر کاک جەلیل دەربڕی کە لەو ماوەیەدا شەو و ڕۆژ لە خزمەت کاک "جەلیل" دا بووە و بۆ ساتێکیش لێی غافڵ نەبووە.

**ڕوحی کاک جەلیل گادانی شاد و ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێ.**

کۆمیتەی نۆڕویژی حیزبی دێموکراتی کوردستان

١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی


٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## ئەندامانی حیزب لە ئاوایی نییەری



**دڵە ها یاران بەرشین جە لاو من**
**گرد تەفرەقە بەین چوون**
**خەیاڵی من گرد کۆچشان ئانە دیارەن**
**دەک لێڵاویم بۆ چۆنۆ قەرارەن**

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوڕێی تێکۆشەر و خەباتکاری ماندوویی‌نەناسی ڕێگای ڕزگاری و سەربەستی نەتەوەکەمانمان بیست و پڕبەدڵ بەم کۆچە ناوەختە تاساین.

کاک جەلیلی گادانی یەکێک لە خەباتکارانی بەرەی کۆمار بوو کە چەندین دەیە بێوچان و نەپساوە لەڕێگەی بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی نەتەوەکەی خەباتی کرد و بە کۆچی دوایی، مەتەرێزی تێکۆشان و ئالای وەدیهێنانی ئەو ئاواتەی دایە دەستی هاوخەباتان و تێکۆشەرانی نەتەوەکەمان.

ژیان، خەبات و مەرگی ئەو شۆڕشگێڕەی نەتەوەکەمان ئەوەمان بیردەخاتەوە کە خەباتی نەتەوەی کورد خەباتی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەموو ئایدۆلۆژیاکان و هەموو دەسەڵاتە ناوچەیی و جیهانییە پاشقەڕۆخوازەکانە و ئەوەش ئەرکی هەموو لایەنێکی نەتەوەکەمان قورستر دەکاتەوە و ئەرکی قورس و سەرەکیی ئەم تێکۆشان و خەباتەش دەکەوێتە ئەستۆی حزبی خۆشەویست و کۆڵەکەی مانەوەی نەتەوەکەمان واتە حزبی کۆمار و شۆڕش و خەبات.

ئێمە وەکوو ئەندامانی گوندی نیەری خۆڕاگر و شۆڕشگێڕ سەرەڕای سەرەخۆشیی ئەم کۆستە قورسەی نەتەوەکەمان، خۆمان بە

**بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی**

خاوەنداری ئەم پرسەیە دەزانین و هیواداریین بە زووتر یەکگرتنەوەی هەردوو لایەنی حزبی خۆشەویستمان ئەو سەنگەرە بەشکۆیە ئاوەدان و ڕێگای گەییشتن بە ئامانجەکانی نەتەوەکەمان نزیکتر و هاسانتر بێتەوە.

**ئەندامانی حیزبی دێموکرات**

**ئاوایی نییەر**

**١٧ی گەلاوێژی ١٣٩٩**

**٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠**




سەرچاوە
Serchawe

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## پەیامی هاوخەمی ئەندام و لایانگەرانی حیزب دێموکرات کوردستان

### لە شارۆچکەی حەسەن ئاوای و چەمشار، ژاوەرۆی سنە



ئێمە ئەندامان و لایانگەرانی حیزبی دێموکرات کوردستان پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی بنەماڵەی کاک جەلیل گادانی، ئەندامانی ڕێبەری حیزب، کادر و پێشمەرگە، هاوسەنگەرانی خۆمان لە حیزب دێموکرات کوردستان دەکەین خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین.

کاک جەلیل گادانی سیمای ناسراوی نێو بزووتنەوەی حەقخۆازانەی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان تا ئێستا کە زیاتر لە حەوت دەیە لە ژیانی خۆی لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان تەرخان کردبوو.

سڵاو لە ڕۆحی پاکی کاک جەلیل و هەموو شەهیدانی حیزب دێموکرات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

ئەندامان و لایانگەرانی حیزبی دێموکرات لە شارۆچکەی

حەسەن ئاوای و چەم شار، ژاوەرۆی سنە

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## پەیامی هاوخەمیی کومیتەی تەشکیلاتی ناوچەی مەیدانانی شاری بانە



ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان

ئێمە کومیتەی تەشکیلاتی ناوچەی مەیدانانی شاری بانە پەیامی خاوخەمی و پەرۆشی خۆمان بۆلەدەست دانی کەسایەتی ناوداروبەوەجهی گەلەکەمان کاک جەلیل گادانی دەنێرینە هەموو خەڵکی بە شەرەفی ونیشتمان پەروەری ڕۆژهەڵات و حیزبی دێمۆکڕات


خۆمان بە شەریکی خەم دەزانین و هیواداریین کۆتا کۆست و پەژارە بێ

ڕوح و ڕەوانی شاد و ڕێگای پیرۆزی پڕ ڕێبوار بێ.

کومیتەی تەشکیلاتی ناوچەی مەیدانانی شاری بانە

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاواییەکانی گاوەرە، توار، قوڵقوڵە و دوەیسە



هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەری ماندوونەناس و بە ورە و وزەی حیزبی دێموکرات و پیاوە ناسراوەکەی مەیدانی خەبات و کۆڵنەدان نەمر "کاک جەلیل گادانی" کەسایەتیی کەم وێنەی گەلەکەمان کە زیاتر لە حەوت دەیە شانی وەبەر بەرپرسیارەتیی ڕزگاری نیشتمان و نەتەوەکەیدا و بۆ چرکەیەکیش ڕاوەستان و ماندووبوون لە قامووسی ئەو پیاوە مەزنەدا نەگونجا، ڕایچڵەکاندین و خەمباری کردین، کۆچی ناوادەی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەی مەیدانی کوردایەتی لە کاتێکدا بوو کە ئێمە خۆمان سەرقاڵی پێشوازی لە ٢٥ی گەلاوێژی ٧٥ ساڵەی حیزبە خۆشەویستەکەمان کردبوو و چاوەڕوانی پەیامی یەکگرتنی دوو باڵی دێموکرات بووین. ئێمە وەکوو ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەخۆشی و بەداخبوونی خۆمان لەو کۆچە گرانە ئاڕاستەی حیزبە خۆشەویستەکەمان و خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و کادر و پێشمەرگەکانی دێموکرات و بنەماڵە و خزم و کەس و کاری کاک جەلیل دەکەین و هەر لێرەوە پەیمانی وەفاداری و درێژەدانی ڕێگای پڕ سەروەری هەموو شەهیدان و کاک جەلیلی هەمیشە زیندوو و ئامانجی حیزبی دێموکرات کە ڕزگاری نەتەوە و نیشتمانەکەمانە نوێ دەکەینەوە و پتەوترلە جاران لە سەنگەری حیزبی دێموکراتدا ڕادەوەستین، چاوەڕوانی یەکگرتنی دوو باڵی دێموکراتین.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاواییەکانی گاوەرە، دوەیسە، توار، و قوڵقوڵە،

١٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٠

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## خەڵکی تێکۆشەری کوردستان لە نێوخۆی وڵات



خەڵکی دڵسۆز و ئەمەگناسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات بە ناردنی نامە و ڕاگەیەندراو، داخ و پەژارەی یەکجار زۆری خۆیان بۆ کۆچی دوایی مامۆستای کۆڵنەدان و کوردایەتی کاک جەلیل گادانی ڕاگەیاند و وێڕای بەداخبوونیان بۆ ئەو کۆستە گەورەیە پەیمانی درێژەدانی ڕێگا و ڕێبازی ئەو نەمرە و هەموو شەهیدانی حیزبی دێموکرات و کوردستانیان دووپات کردەوە.


هەر لەو پێوەندییەدا لە شارەکانی کرماشان، سنە، سەقز، بۆکان و مەهابادەوە پەیامی هاوخەمیی خەڵکی خۆشەویستی کوردستان بە ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان گەیشتوە کە سەرجەم ئەندامان و لایەنگران و دڵسۆزانی بزووتنەوەی کورد لەو شارانەدا وێڕای بەداخبوونیان بۆ کۆچی دوایی ئەو مرۆڤە مەزنەی کە ئەزموونێکی زیاتر لە ٧٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی سەخت و دژوار و خۆشی و ناخۆشییەکانی ئەو ڕێگایەی پێمان بەخشی و پڕ بوو لە ورە و وزەی سەرکەوتن و سەربەرزی، پەیمانییان لە گەڵ ڕێبازەکەی کاک جەلیل و ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تا گەیشتن بە لووتکەی ئاوات و ئامانجەکانی هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان دووپات کردەوە.

لە لایەن کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەسخۆشی و پێزانینی خۆمان بۆ هەڵوێست و ئەو پەیامە دڵسۆزانەی هاوڕێیانمان لە نێوخۆی وڵات ڕادەگەیەنین، دڵنیایان دەکەینەوە کە هاوسەنگەرانی کاک جەلیل ڕێبازەکەی بەرنادەن و ئەو تێکۆشەرە مەزنەی گەلەکەمان بۆ هەمیشە لە دڵماندا دەمێنێتەوە.

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## پەیامی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری کرماشان



**پەیام تەشکیلات مەخفیی حزب دموکرات کوردستان لە شار کرماشان**

**ماڵئاوایی لە ژیان کردن تێکۆشەر دیرین کاک "جەلیل گادانی"**

وە داخێکی فرەوە خەوەردار بۆ من کە تێکۆشەر دیرینێ کوردایەتی و ئەندام قەبلی ڕێبەریی حزب دموکرات، وە دوای هەفتەیک دەسو پەنجە نەرم کردن وەرد ویرۆسێ کۆرۆنا، ئیمرو ئەرای هەمیشە ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

وە لایەن تەشکیلات مەخفیی کرماشانەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی بەرێزیان، ڕێبەری و ڕیزەکان حزب دموکرات کوردستان کەیمن و خۆمان وە شەریک خەمیان زانیمن.

بێ گومان کاک جەلیل کەسایەتیێ نام ئاشنای جونبش ئازادی خوازیی کوردستان ڕۆژهەڵات بۆیە و چەندین دەیە تێکۆشانی سیاسی و حزبییان شایەتی ئەیەن ک چۆڵ بۆینێ جێ ئەو تێکۆشەرانە و نەبوونیان وە نێوانمان چ خەسارەتێک گەورە وە جونبش ئازادی خوازی ڕەسێنێ، وەلێ دڵنیاین سەنگەر جونبش ئازادی خوازیی کورد هەر ئاوەدان مینێدێ نو ڕێبواران ئەو ڕێیە تا ڕەسین وە ئامانجەیل هەرچێ تێکۆشەرە دیرینەس هەر بەردەوام مینن.

**بەرز و بەڕێز بودن یاد و ناو کاک "جەلیل گادانی"**

**تەشکیلات مەخفیی حزب دێموکرات کوردستان - کرماشان**

**٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠**

## بەڕێوەچوونی کۆڕی ماتەمینی نەمر کاک "جەلیل گادانی" لە دانمارک




ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٨ی گەلاوێژی ٩٩ی هەتاوی بەرانبەر بە ٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی، لە لایەن کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆڕێکی پرسە و سەرەخۆشی بۆ کەسایەتیی دیاری سیاسیی گەلی کورد و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک "جەلیل گادانی" لە "کۆپێنهاگی" وڵاتی دانمارک بەڕێوە چوو.

بە مەبەستی هاوخەمیی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک لەگەڵ بنەماڵەی گەورەی گادانی، خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان و هاوڕێ و هاوڕێبازانی نێو مەتەرێزی خەباتی حیزبەکەی کاک "جەلیل" وەک نواندنی وەفا و ئەمەگ بۆ کەسایەتیی کاک "جەلیل گادانی" کە ٧٥ ساڵی تەمەنی خۆی لە ڕێگای جوڵانەوەیەکی ڕەوادا بەخت کرد، کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەموو ڕێکارە تەندروستییەکان بۆ سەلامەتیی ئەو کەسانەی کە بەشداری کۆڕیادەکە بوون، کۆڕێکی پرسەی بەڕێوە برد.

شایانی باسە کۆمەڵێکی بەرچاو لە نوێنەرانی هێز و لایەنە سیاسی و کوردستانییەکان، کوردانی تاراوگەنشین لە دانمارک، فیدڕاسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان و هەروەها ئەندامانی حیزب لەو وڵاتە بەشداری ئەم کۆڕیادە بوون.

سەرەتا لە لایەن پێشکەشکاری کۆڕیادەکە، بەڕێز "سیروان شەڵماشی"، بەخێرهاتنی بەشداربووانی کۆڕەکە کرا. کۆڕەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد و پاشان سیروان شەڵماشی کورتە مێژوویەکی لە سەر ژیان و کەسایەتیی کاک "جەلیل گادانی" پێشکەش بە بەشداران کرد.



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

پێشکەش کردنی پەیامی کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەو بۆنە ماتەمینەوە لە لایەن بەڕێز کاک "ڕەحیم خالید نژاد"، بەرپرسی کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەشێکی دیکەی کۆڕەکە بوو.

کاک ڕەحیم لە پەیامەکەدا ئاماژەی بە زۆر ڕەهەندی مێژوویی ژیانی سیاسیی کاک "جەلیل' کرد لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا.

لە بەشێک لە قسەکانی ناوبراودا هاتبوو: "ئەمڕۆ لە بەرەبەری ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا، بەداخەوە دەبێ تاڵیادی لە دەستچوونی تاقە یادگاریەکەی کۆماری کوردستان و تێکۆشەری دیاری بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەشمان تۆمار بکەین کە تا دوایین پشووی ژیانی خۆی، نەک هەر پڕ بوو لە خرۆش و وزەی کوردایەتی، بەڵکوو هێمایەک بوو لە دڵسۆزی، ڕاستگۆیی، کۆڵنەدان و شۆڕشگێڕی. کاک "جەلیل گادانی" تابلۆیەک بوو لە خەباتی هاوچەرخی کورد لە ڕۆژهەڵات و تەنانەت پارچەکانی دیکە و بگرە نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ڕۆهەڵاتی ناڤین."

لە بڕگەیەکی دیکەی کۆڕەکەدا کاک "ناسر پیرانی"، سیمای ناسراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکێک لە هاوسەنگەرانی نەمر کاک جەلیل گادانی، زۆر بە باشی لە سەر وێستگەکانی ژیانی شۆڕشگێڕی کاک "جەلیل" دوا. باسەکەی ناوبراو ئاماژەیەکی مێژوویی بوو بە ژیانی دەیان ساڵ لە خەباتی کاک "جەلیل گادانی."

جێی ئاماژەیە بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک "جەلیل گادانی"، پەیامگەلێک لە لایەن نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان خوێندرانەوە کە بریتی بوون لە:

١- پەیامی هاوخەمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆمیتەی دانمارک.

٢- پەیامی هاودەردیی ناوەندی یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان.

٣- پەیامی هاوخەمیی فیدڕاسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە دانمارک.

٤-پەیامی هاوخەمیی پارتی سوسیالیستی باکوور.

٥- پەیامی پارتی ئازادی کوردستان.

٦- پەیامی هاودەردیی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریە.

هەروەها ئاماژە بە برووسکەی هاوخەمیی چەند حیزب و لایەنی سیاسی درا کە بریتی بوون لە:

١- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد (ک ن ک).

٢- حیزبی دادپەروەری و یەکسانیخوازیی گەلانی ئێران.

٣- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان.

٤- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان.

٥- پارتیا پێشڤەرۆیێ کوردێن ل سوریە.

**پاشان پەخشانێک لە ژێر ناوی "پۆلووی خەمەکان دەگەشێنەوە" لە لایەن بەڕێز "ئەحمەد ڕەحمانی" پێشکەش کرا.**

**لە دوا برگەی کۆڕەکەدا، "ئەحمەد ڕەحمانی" بە نوێنەرایەتیی بنەماڵەی "گادانی" سپاسی هەموو ئەو ڕێکخراو و هێز و لایەن و کەسایەتییانە و هەروەها ئەندامانی حیزبی بەتایبەت کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد کە لەم ماوەیەدا ماندوو نەناسانە ئەرکەکانی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم کۆڕیادە بەو پەڕی دڵسۆزی و باوەڕ بە ڕێبازی پیرۆزی کاک "جەلیل" بەڕێوە برد.**

**ڕێوڕەسمەکە بە سروودی "ئەی شەهیدان" کۆتایی پێ هات.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی ئاگۆستی ٢٠٢٠**

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

### هەیئەتێکی حدک لە وڵاتی سوئێد، سەردانی بنەماڵەی بەڕێزی "گادانی"یان کرد



بە مەبەستی هاودەردی و هاوخەمی دەگەڵ بنەماڵەی بەڕێزی گادانی، ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی، (١٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠)ی زایینی هەیبەتێکی هاوبەشی کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوییێد کە پێک هاتبوون لە بەڕێزان: خاتوو کوێستان بابایی بەرپرسی کومیتەی سوئێد و کاک سولێمان سەعیدی بەرپرسی کومیتە ناوچەی ئۆرێبرۆ و خاتوو شوعلە قادری نوینەری یەکێتی ژنانی دێموکرات و مامۆستا سیروان حەفیدی کادری تێکۆشەر و دێرینی حیزب، سەردانی بنەماڵەی بەڕێزی کاک "سەلاح گادانی" و کاک "سۆران گادانی'یان کرد و لەلایەن بنەماڵەی بەڕێزی "گادانی"یەوە بەگەرمی پێشوازییان لێ کرا. لەو دیدارەدا، هەیئەتی هاوبەش هاوخەمی کومیتەی سوئێدی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی ژنانی دێموکراتیان بە بنەماڵەی بەڕێزی "گادانی" ڕاگەیەند و باسیان لە خەبات و تێکۆشان و ڕۆڵی کارای کاک جەلیل گادانی لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات کرد و خەبات و تێکۆشانی زیاتر ٧٠ ساڵی ئەو خەباتگێڕە ناسراوەیان بەرز نرخاند. لە لایەکی دیکەوە بەڕێزانی بنەماڵەی "گادانی" وێڕای سوپاس لە سەردان و بەسەرکردنەوە و هاوخەمیی هەیبەتی هاوبەش، ئەوانیش سەرەخۆشی خۆیان لە حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان کرد و ئاوڕێکی کورتیان لە تێکۆشان و ڕۆڵ و کاریگەریی کاک "جەلیل" لە خەباتی ڕزگاریخوازیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایەوە و کۆچی دوایی ئەو کەسایەتییە گەورەیان بە خەسارێکی گەورە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی زانی.

حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی سوییێد

١٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## خالید عەزیزی:

## خەبات و تێکۆشانمان لەپێناو وەدیهاتنی ئامانجەکانی کاک جەلیل گادانیدا درێژەی هەیە



هەیئەتێکی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هاوڕێیەتی لەگەڵ کاک شێرکۆ گادانی، کوڕی نەمر کاک جەلیل گادانی سەردانی مەزاری شەهیدانی حیزبی دێموکرات و گڵکۆی کاک جەلیل گادانییان کرد.

دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ دووشەممە، ٢٧ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی (١٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠)ی زایینی کاک شیرکۆ گادانی، کوڕی کاک جەلیل گادانی سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان و مەزاری شەهیدانی کرد.

لەو سەردانەدا وێڕای دانانی چەپکەگوڵ و ناردنی سڵاو بۆ ڕوحی نەمری کاک جەلیل، لەگەڵ ئامانجەکانی کاروانی نەمرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڵێنی وەفا نوێ کرایەوە.

لەو سەردانەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەسەر مەزاری کاک جەلیل گادانی وتەیەکی کورتی پێشکێش کرد. کاک خالید عەزیزی وێڕای وەبیرهێنانەوەی چەند تایبەتمەندییەکی دیاری کاک جەلیل و مێژووی پڕشنگداری خەبات و نەوەستانی کاک جەلیل، مەرگی ئەو سیما ناسراوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە خەسارێکی گەورە بۆ حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد ناو برد.

کاک خالید عەزیزی هەروەها بە پێداگری لەسەر خەباتی ڕەوا و ئامانجی بەرحەقی جووڵانەوەی کورد، ڕایگەیاند کە



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

تێکۆشان و هەوڵدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەتا گەیشتن بە ڕزگاری و وەدیهاتنی مافەکانی کورد کە ئامانجی کاک جەلیل و شەهیدانی دیکەی حیزبی دێموکراتە؛ درێژەی دەبێ.

١٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## سپاس و پێزانین:

---

### سپاسنامەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە شەپۆلێک لە هاوخەمی بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی




لە کاتێکدا تێکۆشەرانی دێموکرات لە بەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژدا بە بۆنەی یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبەکەیان، حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆیان بۆ چۆنیەتی بەرزڕاگرتنی ئەم یادە ئامادە دەکرد، بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی دیاری بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و تێکۆشەری دێرین و سیمای ناسراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک جەلیل گادانی هەموومانی خەمبار کرد. هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە کاک جەلیلیان دەناسی و ئاشنا بە ڕۆڵ و پێگەی ئەم کەسایەتییە لە بزووتنەوەی گەلەکەمان و حیزبی دێموکراتدا بوون، دەزانن کە لەدەستدانی نەمریان بۆ بزووتنەوە و حیزبی ئێمە چ خەسارێکی گەورە بوو. بەڵام هەر دوای چەند کاتژمێر تێپەڕین بە سەر بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەم کۆستە گەورەیەدا، هەستێکی پڕ لە غورور و شانازی بە نێو کۆڕی هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی کاک جەلیلدا بڵاو بوویەوە کە دەرخەری بەرزیی و گەورەیی کەسایەتیی ئەم ئینسانە لە نێو دڵی خەڵکدا بوو.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی کاک جەلیل لە ماوەی کەمتر لە سێ ڕۆژدا، شەپۆلێکی بەرین لە پەیامی سەرەخۆشی و هاوخەمیی ڕووی لە ڕێبەری و ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی حیزب کرد. بە دەیان پەیامی ڕەسمی لە لایەن حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار بەشی کوردستانەوە بۆ ڕێبەرایەتیی حیزب نێردران، بە سەدان کەس لە کەسایەتییە کوردستانی و ئێرانییەکان بە ناردنی برووسکە و بە تەلەفوون و پێوەندیی ڕاستەوخۆ وێڕای دەربڕینی ئەمەگناسی و وەفاداریی خۆیان بۆ کاک جەلیل سەرەخۆشییان لە حیزب و بنەماڵەکەی کرد و بە هەزاران کەس لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە ڕێگای ئۆرگانەکانی حیزبەوە پەیامی وەفاداری و هاوخەمییان بۆ ناردین.

بۆ ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە خۆشییەوە چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا لە حوزور و بەشداریی کەسایەتیی‌یە بەرز و ناودارەکانی کورد لە ڕیزەکانماندا دەوڵەمەندین و نەمر کاک جەلیل گادانی یەکێک لەو کەسایەتی‌یە دیارانە بوو، ئەم شەپۆلە لە سەرەخۆشی و هاوخەمی‌یە بە سەرمایەیەکی بەرزی مەعنەوی خۆمان دەزانین. بۆیە بە ناوی سەرجەم هاوڕێیانمەوە سپاس و پێزانینمان پێشکەش بە؛ کەسایەتییە حکوومی و حیزبی‌یەکانی هەرێمی کوردستان، هێز و لایەنەکانی ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەی کوردستان، هێز و کەسایەتییە ئێرانی‌یەکان، کەسایەتییە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی نیشتمان، بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی هەرێمی کوردستان و سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، میدیا و میدیاکارانی کوردستان دەکەین.

بەداخەوە بە هۆی زاڵبوونی دۆخێکی تایبەتی تەندروستی کە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا بەسەر ئێمە و هەموو دنیای‌دا سەپاندووە، وەک پێویست و شیاوی کاک جەلیل بوو، نەکرا وەک پێویست کۆڕی پرسە و ڕێزگرتن لە نەمریان بەڕێوە بەرین و هیوادارین لە داهاتوودا بتوانین یادی ئەم گەورە تێکۆشەرە، بە شکۆوە بەڕێوە ببەین

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

خالید عەزیزی

١٩ی گەلاوێژی ١٣٩٩

٩ی ئووتی ٢٠٢٠

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## سپاسنامەی بنەماڵەی کاک جەلیل گادانی




**هاونیشتمانییانی بەڕێز لە سەرانسەری کوردستان**

هەواڵی کۆچی دوایی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بنەماڵەمان، جەلیل گادانی، لە ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی گەلاوێژدا، کە زیاتر لە حەوت دەیە و تا دوا چرکەی ژیانی، وەک قوتابییەکی بەئەمەگیی پێشەوا قازی محەممەد لە ڕێبازی کۆماری کوردستاندا بۆ دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا، خەباتی کرد و وەفادار مایەوە، ئێمەشی وەک ئێوە هاووڵاتییان، هاوسەنگەران و هاوبیرانی لە سەرانسەری کوردستان و جیهاندا ماتەمبار و خەمبار کرد.

شەپۆلی هاودەردی و پرسەی ئێوە، کۆمەڵانی خەڵکی کورد، هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی لە سەرانسەری کوردستان و دەرەوەی وڵات بەگشتی و هەروەها هاوخەمی کەسایەتی و بەرپرسانی باڵای حکوومی و حیزبی لە هەرێمی کوردستان، پەیامی سەرجەم حیزب و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، کەسایەتییە سیاسی و ئەدەبی و فەرهەنگی و کۆمەڵاتییە کورد و غەیرە کوردەکان، نەیانهێشت ئێمە وەک بنەماڵە بە تەنیا هەڵگری ئەم خەمە قورس و گرانە بین.

پەیامەکان، بڵاوکراوەکان، ڕاپۆرتەکان، دەقەکان، هەستی جوان و وشەکان، لە وەسفی کەسایەتی و خەباتی زیندەیاددا،

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

هاوسۆزی و خەمێک کە ئێمە دەمان بینی و هەستمان پێدەکرد، بۆ ئێمەی ڕوون و ئاشکرا کرد کە "کاک جەلیل" نەک بەتەنیا هەر مڵکی بنەماڵە، حیزبێک یان بەشێک لە کوردستان نییە، بەڵکوو، ئازیزمان ئازیزی گەل و کوردستانە و سامانێکی نەتەوەییە.

هاوخەمی هاووڵاتییان لە چوارپارچەی کوردستانەوە، لاوێنەری دڵی پڕ لە خەم و کەسەری بنەماڵەبوون. بۆیە لە وڵامی تێکڕای هاودەردی، هەر وتار و ڕستەیەکدا کە لە یاد و بیرەوەری ئازیزمان "کاک جەلیل" دا گوتراوە، نووسراوە و دەگوترێ، هاوکات دەگەڵ سپاس و پێزانین، سەری کوڕنۆش و نەوازش دادەنوێنین و داوای سەرسڵامەتی تاک تاکی خەڵکی بەئەمەگی کوردستان بەگشتی و سەرووەرانمان بەتایبەتی دەکەین و دەڵێین:

"ئێوە خۆش و کوردستان خۆش."

**بنەماڵەی گادانی لە دەرەوەی وڵات**

١١ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە Serchawe

## پێزانینی خاتوو ئامینە شێخە دێگەیی، هاوژینی کاک جەلیل گادانی




سڵاو لە هەر چوارپارچەی کوردستان،
سڵاو لە کوردستانیان لە هەر کوێیەکی جیهان بن،

"جلیل گادانی" موڵکی هەمو کوردستان بو، ٢٢ ساڵە هاوژینین هەم هاوسەر هەم مامۆستامان بوور. هەمومان زۆر شت لە ئەوەوە فێر بووین. تا مردن رێبازی حیزبی دێموکرات بەرنادەین و درێژە پێدەری رێگاکەی دەبین.لیرەوە دەست خۆشی لە هەمو دۆست و خزمان وهاورێیانی ناوەو دەرەوەی کوردستان دەکەم بۆ هاو خەمیتان.

**لە گەڵ رێز.... ئامین شێخە دێگەیی**

١٣ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

# سوپاسنامەی خاتوو ئەسمەر بەدری

سوپاس و پرسە و پێزانین

نازیزان، دۆستان، خزمان، هاونیشتمانیانی بەڕێز،

من ناوم ئەسمەر بەدرییە و هەر لە تەمەنی ١٧ ساڵییەوە، ماوەیەکی دوور و درێژ، هاوسەر و هەڤاڵ و هاوڕێیازی ئەمر جەلیل گادانی بووم و لە هەموو قۆناغە سەختەکانی ژیاندا،زۆر لە شاخ و دۆڵ و دەشت و گوندی کوردستانم بە پێ لەگەڵیدا بڕیوە.



بەیەکەوە شەش کوڕپەمان هێنا سەر ئەو دنیایە و سەرەڕای زنجیرە ڕووداوە دژوار و دڵتەزێنەرەکانی ژیانی پێشمەرگەیەتیمان، توانیمان خۆڕاگرانە و دڵسۆزانە، ئەرکی پەروەردەکردنیان لە ئەستۆ بگرین و دەرسی کوردایەتییان بەگوێدا بخوێنین. ئەرکی پڕشانازی و پیرۆزی ڕێبەریی یەکێک لە هێزە هەرە سیاسییە لەمێژینەکانی کورد، کات و ماندووبوونێکی زۆری لە بابی منداڵەکانم دەویست و هەر بەو هۆیەش بوو کە من وەک دایک و هاوژینی ئەو گەورەپیاوە، لەکاتی ڕەوڕەوەکان، بۆردومانی دڕندانەی نەیارانیی گەلەکەمان و پیلانی ناحەزان، باڵم بەسەر منداڵەکاندا دەکێشاو نەمدەهێشت تاڵی و سوێرییەکان وورە و هەستیان نزم بکەن.

ماڵی ئێمە هەر لە زووەوە، لە تاران و مەهاباد و هەندێک لە دێیەکانی نیشتمانمان بگرە، تاکو دەرەوەی وولات، هەمیشە جێگای حاوانەوەی کوردپەروەران بووە. لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، پێش دانوساندن لە گەڵ ڕژێمی نوێی ئێران، ڕێبەرە سیاسییە ناودارەکانی وولاتمان، شانبەشانی هاوژینە کۆچ کردووەکەم ، شە و و ڕۆژ لە ماڵی ئێمە، ماندوونەناسانە تەگبیریان لە دۆخی کورد دەکرد و ڕایان دەگۆڕییەوە. منیش وەک هاوولاتیەکی کورد، بە ئەرکی نیشتمانیی خۆم هەڵدەستام و نازوقە و پێداویستیەکانم بۆ دابیندەکردن. جگە لەوەش، زۆر لە کادرانی نهێنیی حیزب، زیندانییە سیاسییە ئەشکەنجەدراوەکان و بەشێکی بەرچاو لە کوردە نیشتمانپەروەرەکان، ماڵی ئێمەیان وەک پێگەیەک بۆ بیرکردنەوە و حاوانەوە هەڵدەبژارد. لە شاخیش هەمیشە هەوڵمدەدا ببمە دایک و پشتیوانی پێشمەرگەکان، لاوان، خوشکان و منالە زوڵملێکراوەکانی نەتەوەکەمان.

باس کردنی هەموو بیرەوەرییەکانیی من لە گەڵ مامی گیانبەختکردوتان، چەندین پەرتووک هەڵدەگرێ و کاتی زیاتری پێویستە. من لێرەدا دەسهەوێ بڵێم کە بابی منداڵەکانم هەتا بڵێی مرۆڤێکی ڕووخۆش، لەسەردڵان، دڵپاک، ماندوونەناس و نیشتمانپەروەر بوو. ئەو شێرەپیاوێکی بە بیلیمەت و گیانلەسەردەست بوو و بەجۆش و خرۆشێکی زۆرەوە هەوڵی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلە زوڵملێکراوەکەمان دەدا. مامە جەلیلی هەمیشە زیندوتان هۆگر و هاندەری لاوان و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بوو و داوای ئەوە بوو لە ڕێگەی خوێندن و زانست، پەرەپێدان بە زمان و کولتوری ڕەسەنی کوردی، خۆیان بگەیەننە ئاستێکی بەرزیی لێکدانەوە و توێژینەوە و لە و ڕێگەوە کارناسانی بکەن بۆ سەرکەوتنی یەکجاریی کوردستانی دڵگیر، زێدیی باب و باپیرانمان. هەربۆیەش خەڵاتی کاک جەلیل بۆ لاوەکان هەمیشە کتێب و پێنووس بوو و تکای ئەو زانایە ئەوە بوو کە هەموومان ڕۆشنبیر و پێشکەوتوخوازبین.

من بە نۆرەی خۆم و نوێنەرایەتیی کچ و کوڕەکانم، سوپاس و سەرەخۆشی دەنێرم بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان، حیزبە سیاسییەکان، نوسەران و ئەدیبان، خزمانی نازیزم، هاوسەنگەران و گشت کەسایەتییەکان.

پەیامەکانتان و هاوخەمیتان لە کاناڵە جۆراوجۆرەکان، دەستە گوڵە جوانەکانتان، ووشە بەنرخەکانتان، هەستی پاکتان، باری گرانی کۆچیی نابەوەختی نازیزمانی هەندێک سووکتر کرد. ئێمە شانازی بە ئێوە و ڕێبازی ئەمر جەلیل گادانی دەکەین، هەروەک زیندەیاد لە ناخر ساتەکانی ژیانیدا دیسانیش دووپاتی کردەوە، داوامان ئەوەیە لە گەڵ یەکتر پاک و ڕاستگۆ بن.

سەرکەوتن و سەرفرازی بۆ گەل، ئێوە و کوردستان خۆش.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## بۆ کاکە شێرکۆ گادانی هاوڕێم



بابەگیان، کاتێ لە گەڵ هاوڕێبازانت هاتین بۆ سەر گڵکۆت، هەموویان چاویان پڕ لە فرمێسک بوو، هەموویان کوڵی گریانیان لە گەروو دابوو...

بابە گیان کاتێ بە تەنیا بووم لە سەر گڵکۆت، وەک جارانی جاران دەنگی مێهرەبانت لە گوێم دا زرینگایەوە، باوەشێکم لە خاکی سەر گڵکۆت دا، نەمزانی دوا سەفەر و ئەغرتە چیتر ناوی ئێمەت بە سەر زار دانایەتەوە، بابەگیان لە گەڵ تۆدا کەوتمە دوان، فرمێسکیشم وەکو باران بە سەر گڵکۆت دا هەڵدەوەراند!

تاجە گوڵێنەیەکی دایە و خوشک و براکانم لە سەر گڵکۆت دانا، لەپڕ دەیتم ئەوانیش وەکو من کۆزیلکەی خەمیان بۆ گرتوویتەوە، ئەوانیش وەکو نووسراوەی سەر کاغەزی تاجە گوڵینەکەت بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە لێت ڕاماون، ملوانکە ژانی خەمانت لە ناخی گڕگرتوویاندا وەکو من دەهۆننەوە.

بابە گیان لەم گۆڕستانە هەر تۆ نەبووی حیزبەکەت بە جەستە بە جێ هێشتبوو، زۆر سەردار و پێشمەرگەی نێو ڕێبازی ٧٥ ساڵەکەت لەم تەپۆلکەیە ژوانە خەمیان وەکو ئێمە بۆ گرتبوویت، هەستم نەکرد ئێرە گۆڕستان بێ، هەستم کرد ئەم گردۆڵکەیە بنەکەو بارەگاکانی ئێوەن و گوڵستانە، ناوی هەر یەکەتان لە کێلی کۆڵەپشتی سەر گڵکۆتان نووسراون.


بابە گیان بەدیار فرمێسکە گەرمەکانمەوە ئیتر تێگەیشتم تۆ وەکو جاری جاران تەقولبابی دەرگای چاوەڕوانیمان ناکەیتەوە،

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

**ئیتر جارێکی تر لە باوەشی مێهرەبانیمان ناکەیتەوە.**

**١٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٠**



**تێبینــی:** ئەو وێنانە کاکە شێرکۆ گادانی لە سەر گڵکۆی شەهیدانی دێموکرات بۆی ناردووم، منیش وەکو سۆما و گلێنەی دیدەکانم دەیانپارێزم.

## کۆچی‌دوایی هاوژین و یاری وەفاداری نەمر جەلیل گادانی




**خاتوو ئامینە شێخە دێگەیی هاوژین و یاری وەفاداری کەسایەتیی ناوداری کورد، نەمر جەلیل گادانی، بەهۆی نەخۆشییەوە لە شاری هەولێر ماڵاوایی لە ژیان کرد.**

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژی هەینی ٣ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی، خاتوو ئامینە شێخە دێگەیی، هاوژین و یاری وەفاداری کەسایەتیی ناوداری کورد، نەمر کاک جەلیل گادانی، بەهۆی نەخۆشییەوە لە شاری هەولێر ماڵاوایی لە ژیان کرد و بۆ هەمیشە دڵە پڕ لە هیواکەی لە لێدان کەوت.

**خاتوو ئامینە ژنێکی نیشتمانپەروەر و وەفادار بە بەها نەتەوەییەکانی گەلی کورد بوو.**

ناوبراو لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و تێکۆشەری باشووری کوردستان لە دایک بووە و لە ئامێزی باوکی " شێخە دێگەیی"، کەسایەتیی خۆشناو و نیشتمانپەروەی باشووری کوردستان پەروەردە کراوە.

خاتوو ئامینە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەگەڵ کەسایەتیی ناوداری کورد، نەمر کاک جەلیل گادانی، ژیانی هاوبەشی پێکهێنابوو و تێکەڵ بە شۆڕشی حەقخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببوو.

خاتوو ئامینە کەسایەتییەکی دڵسۆز و خەمخۆری هەموو بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات بوو کە بەداخەوە پاش کۆچی‌دوایی

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

نەمر کاک جەلیل گـادانی خـاتوو ئـامینە تووشی نەخۆشی دەبێ و بەهۆی ڕاوەستانی دڵەوە لە شاری هەولێر بەیەکجاریی ماڵاوایی لە تێکۆشەران وهاوسەنگەرانی نەمر کاک جەلیل گادانی دەکات.

جێگای ئاماژەیە کە کەسایەتیی ناوداری کورد نەمر کاک جەلیل گادانی بەهۆی پەتای کۆرۆناوە لە ساڵی ٩٩ی هەتاوی پاش چەندین دەیە خەبات و تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی مافی ڕەوای گەلی کورد ماڵاوایی لە ژیان کرد.

لەلایەن ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە وێرای دەربڕینی خەم وپەژارەی خۆمان بۆ کۆچی‌دوایی خاتوو " ئامینە شێخە دێگەیی" سەرەخۆشی لە بنەماڵەی گەورە و کوردپەروەری شێخە دێگەیی و هەروەها بنەماڵەی ناوداری گادانی دەکەین وخۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠٢١

---

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی پرسەی هاوژینی وەفاداری نەمر جەلیل گادانی لە یەکێک لە بنکەکانی حیزب



## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

ڕۆژی چوارشەممە ٨ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی پرسەی خاتوو "ئامینە شێخە دێگەیی" هاوژین و یاری وەفاداری کەسایەتیی ناوداری کورد، نەمر جەلیل گادانی، لە یەکێک لە بنکەکانی حیزب بەڕێوە چوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا بەڕێز مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، باسی لە تایبەتمەندییەکانی خاتوو ئامینە وەک ژنێکی نیشتمانپەروەر و وەفادار بە بەها نەتەوەییەکانی گەلی کوردی کرد و ئاماژەی بەوە دا کە خاتوو ئامینە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و تێکۆشەری باشووری کوردستان لە دایک بووە و بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەگەڵ کەسایەتیی ناوداری کورد، نەمر کاک جەلیل گادانی، ژیانی هاوبەشی پێک هێنابوو و تێکەڵ بە شۆڕشی حەقخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببوو و ناوبراو هەروەها جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە بنەماڵەی خاڵە شێخە دێگەیی هەردەم خەمخۆر و دڵسۆزی حیزبی دێموکرات بوون.


"مەولوودی" وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارەی تێکرای ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆچیدوایی خاتوو "ئامینە شێخە دێگەیی" سەرەخۆشی لە بنەماڵەی گەورە و کوردپەروەری شێخە دێگەیی و هەروەها بنەماڵەی ناوداری گادانی کرد و حیزبی دێموکراتی بە شەریکی خەمیان زانی.

دواتر خاتوو "پەژارە مامەند" لەلایەن بنەماڵەی کۆچکردوو، پەیامی سپاس و پێزانینی بنەماڵەکەیانی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

شایانی باسە کە ڕۆژی هەینی ٣ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی، خاتوو ئامینە شێخە دێگەیی، بەهۆی نەخۆشییەوە لە شاری هەولێر ماڵاوایی لە ژیان کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣٠ی دێسەمبەری ٢٠٢١

## ئامە گیان ڕووحت شاد و یادەکانت لە دڵمان دا هەردەم زیندووە.



**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

**ئامە گیان ڕووحت شاد و یادەکانت لە دڵمان دا هەردەم زیندووە.**

لە ساڵی ١٩٧٤ی زائینییەوە ماڵی خاڵە شێخە دێگەیی و خزمانی دێگە و دادە ئامینە دەناسم، ئامینە شووشە کچی گەورە پیاوی گەلەکەمان خاڵە شێخە دێگەیی بوو، بە بنەماڵە هاتووچۆمان هەبوو و لە مێژ ساڵە بنەماڵەکەمان بە گشتی تێکەڵاوی یەکترن و لە خۆشی و ناخۆشییەکان دا بە یەکەوە بووین، گەورەیی دایە فاتمە و خاڵە شێخە و مام خدر کاریگەری زۆری لە سەر کەسایەتی باجە ئامینە هەبووە و هەر بۆیەش وەک کەسێکی دیاری بنەماڵە هەم براکانی و هەم

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

دایک و باوک و مام و ئامۆژن و پوور و خاڵ و بە گشتی خزمان بە چاوی ڕێزەوە ڕوانیویانەتە ئامینە شووشە. ئەم نووسینە ناتوانێ باس لە هەموو ژیانی پڕ سەروەری باجە ئامینە بداتەوە.

باجە ئامینە کەسایەتی‌یەکی تایبەت بە خۆی هەبوو، دوای ئەوە کە ژیانی هاوبەشی لەگەڵ گەورە پیاوی گەلەکەمان و سەرکردەی دیاری بزووتنەوەی کورد لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا نەمر کاک جەلیل گادانی پێکهێنا، لەو کاتەوە کەسایەتی کاک جەلیلیش وەک کەسایەتی بنەماڵەکەی کاریگەری لەسەر باجە ئامینە دانا و هێندەی دیکە بوو بە خۆشەویستی گشت لایەک.

باجە ئامینە خاتوونێکی جێی باوەر و متمانە، ژنێکی مێهرەبان، دەم بە خەندە و میواندووست و خۆشەویست بوو، ژیانی تەژی لە دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتمان و حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، ئەوەندەی لە توانای دابوو خزمەتی بە گەلەکەی و کاک جەلیل و هەموو ئەو کەسانەی کە لە نزیکەوە دەیناسین کرد و ژنێکی ڕووخۆش، مشوورخۆر و بەوەفا و ئەمەگدار بوو، لەگەڵ گشت لایەک لەسەرخۆ و هێمن بوو، لە کاری هەرەوەزی دا پێشەنگ بوو، ماڵەکەی هەمیشە لە میوان و لە ڕێبواران و لەو کەسانەی کە سەردانی بەرێز کاک جەلیل یان دەکرد جمەی دەهات. باجە ئامە هیچ کات هەوڵی نەدا خۆ لە دەر و جیران و نەهامەتی‌یەکانی شۆڕش بدزێتەوە و بەردەوام لەگەل ئەو خەڵکە ژیا کە لەگەڵ بەرێز کاک جەلیل دەژیان.

ڕووحت شاد ئامە گیان یاد و ناوت هەردەم لە دڵان دا زیندوو دەمێنێتەوە.

بە بۆنەی کۆچی دوایی تۆی خۆشەویست سەرەخۆشی لە بنەماڵەی گەورەی خاڵە شێخە دێگەیی و خوشک و براکانی و بنەماڵەی تێکۆشەری بەرێز گادانی و گشت خزمان و ناسیاوان دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی تۆی ئازیزتر لە گیان دەزانم ، هیوادارم کە جێگات بەهەشت بێ و خزمان بە گشتی تەمەن درێژ بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێزلێنان لە ٦٥ ساڵ خەباتی جەلیل گادانی لە ٨٠ ساڵەی لە دایکبوونیدا




لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا و لە ٨٠ ساڵەی لەدایکبوونی تێکۆشەری کورد جەلیل گادانیدا، ڕێز لە ٦٥ ساڵ خەباتو تێکۆشانی ئەو لە پێناو ڕزگاریو ئازادیی کورددا نرا.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٨٠ ساڵەی لە دایکبوونی تێکۆشەری لەمێژینەی حیزب، کاک جەلیل گادانی، ڕێزی لە ٦٥ ساڵ خەباتی شارو شاخ و نێو زیندانەکانی ڕێژیمی پاشایەتیی ناوبراو گرت.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٢ی ڕەشەممەی ١٣٩٢ی هەتاوی = ١٣ی مارچی ٢٠١٤ی زایینی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بەبەشداریی دەیان کەسایەتیی سیاسیو ڕووناکبیریی کوردو سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، چەپکە گوڵ و ڕێزنامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشکێش بە کاک جەلیل گادانی، تێکۆشەری دێرینی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا.

**بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی**

**لە سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمەدا کاک خالید عەزیزی، سکرتیری گشتیی حیزب پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی بەو بۆنەیە خوێندەوە.**

---

## دەقی قسەکانی کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان



**میوانانی بەرێز!**
**هاوڕێیانی حیزبی!**

کادرو ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و سەرجەم تێکۆشەرانی ڕێگای رزگاری کوردستان لەهەر شوێنێک هەن کە تەمەنی خۆتان لە پێناو حیزبایەتی و لە پێناو رزگاری ئەم میللەتە دا بەخت کرد! رەنگە بۆ من کاری زۆر ئاسان نەبێ لەسەر کەسێک قسە بکەم کە پێی ناوەتە ٨٠ و زۆر زیاتر لە تەمەنی من لە خزمەت حیزبی دێموکرات و بیرو باوەری کوردایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و رێبازەکەی کۆماری کوردستان دابووە بەڵام جێگای ئیفتخار و شانازییە کە ئەندامی حیزبێکم بەو تەمەنە دوور و درێژەی خۆی دەیان تێکۆشەری وەک کاک جەلیل پەروەردە کردوە بە چێهرە سازی و کادر سازی توانیویەتی مێژوویەکی زیندوو لە خەبات و تێکۆشانی خۆی بە وەسیلەی ئەو کەسانە تۆمار بکاو زۆر زۆر جێگای شانازییە بۆ من بۆ جارێکی دیکە لە ساڵوەگەری لە دایک بوونی کاک جەلیل دا قسە بکەم کە دەیان کەسی وەک کاک جەلیل ئێستاش لە رۆژهەڵاتی کوردستان رەنگە مەجالی ئەوەیان بۆ نەرەخسا بێ حیزبی دێموکرات لە رۆژی لە دایک بوونیان دا پیرۆزباییان لێ بکا بۆیە لێرە لە هەموو ئەو تێکۆشەرانەی رێگای رزگاری کوردستان کە تەمەنی خۆیان لە پێناو حیزبی دێموکرات و دۆزی رەوای نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەخت کردوە و زەحمەتێکی زۆریان کێشاوە بە ئیجازەی کاک

جەلیل پیرۆزبایی لەوانیش دەکەم و ڕۆژێک لە وانەی کە ئێستا لە شازرو گوندەکان ڕەنگە دەنگیان بە ئێمە ڕانەگاو نەتوانن لەو کۆر و کۆبوونەوانە دا بەشدار بن.

کاک جەلیل بەو جۆرەی کە منیش بیستوومە و ڕۆژی لە دایک بوونەکەی ئاشکرا دەکەم دیارە بەشێکی زۆر لە هاوڕێیانی کاک جەلیل تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و هاوتەمەنەکانی دەزانن ١٢ - ١٢ - ١٣١٢ی هەتاوی لە دایک بووە، هەر بەو جۆرە کاک جەلیل تەمەنی ١٢ ساڵە بووە کە بە کۆمەڵە ژیانەوەی کورد (ژ - ک) ئاشنا دەبێ و لەسەر کۆمەڵە ژ - ک و بیروباوەری کوردایەتی دا بە دوای هۆییەتی(شوناسی) کوردایەتی دا دەگەڕان و ئەو هەستە لە ماڵەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا شکلی دەگرت، کاک جەلیلیش یەکێک لەو کەسانە بووە بە دوای هۆییەتی خۆی دا گەڕاوە و ئەویش هۆی کوردایەتیەتی. جا نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆنی وەسل (گرێی) بکاتەوە. لەگەڵ هاوڕێیانی دێکە چالاکی سیاسی نەتەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بە دوای کۆمەڵەی ژیانەوە کورد(ژ - ک) حیزبی دێموکراتی کوردستان دادەمەزری و کۆماری کوردستان ڕادەگەیەندرێ. سەرکۆماری کوردستان "پێشەوا قازی محەممەد" ئیعلامی جمهووری کوردستان دەکا، کاک جەلیل ئەو جار بە کردەوە ئەو فکرو بیرەی کە لەسەر کۆمەڵەی ژ - ک هەی بووە، بەچاوی خۆی دیتی کە جێبەجێ بووە و کۆماری لەسەر دامەزرا، لە تەمەنی زۆر گەنجی دا کۆماری کوردستانی بینێ، پێشەوای کوردانی بینی، پێناسە و هۆییەتی کوردی کە بوو بە موئەسیسە و دامەزرا ئەوانەی تەجروبە کرد، کاک جەلیل لەسەر ڕێبازی خۆی چوو پێش وەک بنەماڵەی گادانی کە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر بوون دیسانەکە بە شێوەیەکی ڕێک و پێک و ڕێکخراوەیی خەبات و تێکۆشانی خۆی ئیدامە دا. لەسەر یەک ئەو جۆرە بزانم دەوری ٥ جار گیراوە کە ئەگەر بیان خەینەوە سەریەک ئەویش تەقریبەن دەبێتە ١٢ ساڵ، بۆیە ئێستاش ڕەقەمی ١٢ بە زیندان و بە سەردەمی بیری کوردایەتی و بە لە دایک بوون هەمووی لە کاک جەلیل دا خڕ بوونەتەوە بە ئیجازەی ئێوە داوای تەمەن درێژی بۆ دەکەم و هیوادارم دەیان ١٢ ساڵی دیکە لە نێومان دا بێت.

کاک جەلیل لەو چێهرانەی نێو حیزبی دێموکراتە دیسان زۆر کەس هەیە بەتایبەت ئەم هاوڕێیانەی هاو تەمەنی کاک جەلیل کە کاریان لە گەڵ کردوە لە ژیانی حیزبایەتی و ژیانی سیاسی و زیندان دا لە گەڵی بوونە ڕەنگە لە من خاوەن قسەتر بن بەڵام لە ژیانی حیزبایەتی دا تەبیعەتەن کاک جەلیل کۆمەڵێک شوێنەواری لە خۆی نیشان داوە و هیوادارم ئەم شوێنەوارانە ئەم شتانە کە کاک جەلیلی پێ پێناسە دەکرێتەوە لە ژیانی حیزبایەتی دا هەر بە قووەت بێ. کاک جەلیل ئەو کادرە لە مێژینەی حیزبی دێموکراتە، ئێستاش لە تەمەنی ٨٠ ساڵی دا هەر ئەرکێکی حیزبەکەی پێی بسپێرێ لەسەر سەران و چاوان قەبووڵی دەکا. کاک جەلیل ئەم کەسەیە کە لە هەستان و دانیشتن لە تێکەڵاوی لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی و لە کۆمەڵگا دا ئیسانێکی زۆر موتەوازیعە، تەوازەعی کاک جەلیل کۆمەڵایەتی بوونی کاک جەلیل و هەستان و دانیشتنی ئەو لە

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

ژیانی حیزبایەتی و رۆژانە دا ئێنرژی دەدا بە ئێمە، شوور و شەوق (گڕوتین) دەدا بە ئێمە و هیوادارم لە نێو ئەو نەسلە جەوانە(نەوەی نوێ) و ئەوانەی تەمەنی نێونجیان هەیە لە درێژایی تەمەنی خۆیان دا ئەم خوو خەسلەتانەی کاک جەلیل کە لەکاری جەمعی و تەعەهوداتی حیزبایەتی و فێداکاری کە بۆ نەتەوەکەی کردوویەتی زۆر بە رۆژ پەرە بستێنێ.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!** هەموو ئەو تێکۆشەرانەی رێگای کوردایەتی کە کاری سیاسی لە پێناو دۆزی رەوای نەتەوەی کورد دا دەکەن! لە دنیای ئەمڕۆ ئەو وڵاتانەی بوون بە دەسەڵات و دەوڵەتیان هەیە رەنگە کاتێک دەیانهەوێ نەتەوەکەی خۆیان نیشان بدەن موسابەقی فووتبال(یاری تۆپێ پێی) ئیحساسی(هەستی) نەتەواییەتیان دەبزوێ و بە هەزاران کەس لە مەیدانەکانی فووتبال دا تیمی نەتەوەی خۆیان تەشویق دەکەن رەنگە زۆر نەتەوە بوون مەجالی ئەوەیان بۆ هەڵکەوتووە و بوون بە دەوڵەت بە دەسکەوتەکانی سەنعەتی و کشاوەرزی کە ئەو نەتەوەیە پێناسە دەکرێ یان بە موختەریعی خۆیان ئیحساسی(هەستی) نەتەوەیی خۆیان وەبیر خەڵکانی دیکە دێنیتەوە، نەتەوەی کورد کە ئەم مەجالەی پێ نەدرا یا بۆی نەگونجێندرا دەڵەتی خۆی رابگەیێنێ و مەیدانی خۆ پێناساندن و کێبرکێی نەتەوەکان و دەوڵەتاندا بەژن و باڵای خۆی توانای بخاتە نێو ئەو بازارە، بێگومان خەبات و تێکۆشانی ئێمە سەرچاوەی هۆویەت(شوناس) کەسایەتی ئێمەیە بۆیە چێهرەکانی(سیماکان) ئێمە خەباتکاران و تێکۆشەرانی رێگای کوردایەتی لە هەموو پارچەکانی کوردستان ئەوانی وەک کاک جەلیل مێژووی ئەو میللەتەن بۆ ناتوانی ئاورێک لە مێژووی میللەتێک بدەیەوە بەڵام لە نێو هێنانی کاک جەلیل و دەیان وەک کاک جەلیل کە بە خەبات و کارو تێکۆشانی خۆیان ئەو حیزبەیان هێناوەتە ئێرە و بۆ ئێمە سەندەیان(بەڵگەیان) بەجێ هێشتووە. ئاوری لێنەدەینەوە، هیچ شتێک لەوە خۆشتر نییە نەتەوەیەک بە گشتی و حیزبێکی سیاسی ئیفتخار و شانازی بە چێهرەکانی خۆیەوە بکا.

بۆیە کاک جەلیل! ئێمە لە حیزبی دێموکرات شانازی بە خەبات و تێکۆشانی جەنابت دەکەین داوی تەمەن درێژیت بۆ دەکەین و هیوادارین لە ژیانت دا لەش ساغ و سەلامەت بێ، لە خەبات و تێکۆشان لە ریزەکانی حیزبی دێموکرات دا سەرکەوتوو بێ لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوایەتیمان دا کە جەنابت لە کۆمەڵەی ژیانەوە کورد(ژ - ک) لەگەڵی دا بووی لە زەمانی کۆماری کوردستان دیتووەتە، زیندانیت کێشاوە دەربەدەریت بۆ کێشاوە، دڵنیام کارو تێکۆشانی جەنابت و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و ئاواتەکانی نەتەوایەتی ئێمە بە هیمەتی هەموولایەکمان وەدی دێ و جارێکی دیکە پیرۆزباییت لێ دەکەم و داوای تەمەن درێژی بۆ دەکەم و هیوادارم نموونەت زۆر بێ هەر سەرکەوتوو بێ.

١٣ی مارچی ٢٠١٤ی زایینی



سەرچاوە Serchawe

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە بەو بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکێش کرد:

## دەقی قسەکانی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە



دۆستانی خۆشەویست!
میوانە بەڕێزەکان!
میوانانی خانەخوێ

سڵاوتان لێ بێ زۆر سپاس کە بۆ مناسبەتێکی ئاوا پیرۆز بۆ سپاس و ڕێز گرتن لە خەبات و قارەمانەتی شۆڕشگێری ناسراو لە کەناڵی ئەویشەوە بۆ ڕێز گرتن لە خەباتی هەموو تێکۆشەرانی ڕێی ررزگاری لێرە لەگەڵ ئێمە ئامادە بوون، دەستخۆشی بۆ دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە موناسبەتی ٨٠ ساڵەی لە دایکبوونی کاک جەلیل گادانی دا ئەم کۆرە خنجیلانەتان بۆ ئێمە پێک هێنا.

کاک جەلیل ناوێکی ئاشنایە نەک هەر بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات بەڵکوو بۆ هەموو تێکۆشەرانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا، هەموومان بە کورتی دەیناسین، بەڵام ئەگەر بمانهەوێ کەمێک وەرتر بیناسین، کەمێک ئیزافە دەکەم بەو قسانەی کە بەڕێز سکرتێری گشتی ئاماژەی پێ کردن.

کاک جەلیل بە بنەماڵەوە لەگەڵ کوردایەتی و حیزبی دێموکرات ئاوێتەیە. حاجی ئەحمەدی گادانی ڕەحمەتی بابی کاک

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

جەلیل و تێکۆشەرانی دیکەی گادانی، لە ئەندامانی هەر پێشەوەی کۆمەڵەی ژ - ک و دواتر حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون، ئەو شانازییە کە پێش دامەزرانی کۆمار مەدرەسەی(قوتابخانە) کوردی کە لە ماڵە حاجی ئەحمەدی گادانی دانراوە تا رۆڵەکانی کورد بە زمانی خۆیان فێری خوێندن و نووسینی کوردی بن. جالبیشە وەختێک داوا دەکرێ ئەو مەدرەسەیە بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە لە دوای ئەوەی دا دیسان یەکێک لە ناودارانی کورد و ڕێبەرانی کورد مەلا مستەفا بارزانی ماڵەکەی دەباتە ماڵە حاجی ئەحمەدی گادانی کە پێشتر مەدرەسەی کوردی تێدا بووە. دەزانی کە بنەماڵەی گادانی هەموو حیزبی بوون، ئەوەش دەزانی کە دوو برای کاک جەلیل یەکیان لەخۆی گەورەتر مەرحومی کاک خەلیل گادانی و یەکیان لە خۆی چوکتر کاک محەممەد گادانی تا ئاخر نەفەسی ژیانیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا تێکۆشان.

قەد دیمەنی کاک خەلیل گادانیم لەبیر ناچێ کە بەرپرسی بەشی فەنی بەرق لە بنکەی دەفتەری سیاسی بوو، سەرەرای ئەوەی خەڵکی لەبەردستی بوو کۆمەکی بکەن زۆرجارم دەدیت یەک حەلقەی گەورەی کابڵی بەرقی پێ بوو دەیگواستەوە و پێی عەیب بوو داوای نەفەر بکا و بۆخۆی نەیکا!

باسی خۆی ئەگەر بکەین ئەگەر نەلێم لە دامەزرێنەرانی حیزبە یەکێک لە ئەندامانی پێشەوەیە، یادی بەخێر قسەیەکی مام جەلالم وەبیر هاتەوە، گۆیا جارێکی لە موفاوەزاتی کەرکووک ئەفسەرێک لێی پرسیوە تەمەنت چەندە؟ گوتویەتی تەمەنم ٤٥ ساڵە دەڵێ ٤٥ ساڵی چی من ٤٥ ساڵە ناوت دەبیسم ئی کاک جەلیلیش بە خۆشیەوە ئەوەندە نەقشی لە خەباتی رزگاری خوازی هەلی کورد دایە کە زۆر لە مێژە لە هەموو بەشەکان خەڵک دیناسێ. ئەوە ٣٥ ساڵەی دوایی هەر کەسەمان بە بەشی خۆی کەم و زۆر کاک جەلیل دەناسێ لەگەڵی ژیاوین هەوڵ و تێکۆشانی، فیداکاری و دڵسۆزییەکەی بۆ هەمووومان روونە، بۆیە دەبێ ئێمەش و بەتایبەتی لاوەکانیشمان وەکوو سەرمەشق چاوی لێ بکەین و بیکەینە ئۆلگو لە خەبات و تێکۆشانی خۆمان دا بەڵام ئەگەر ئاوڕ بدەینەوە جارو بار کاک جەلیل لێم تورە دەبێ کە دەڵێم تەمن ٨٠ ساڵەکەم قەبوول نییە! لە رۆژنامەی کوردستان دا ناوی کاک جەلیل هەیە وەکوو کەسێک کە سروودی خوێندوتەوە و کۆمەکی مادی کردوە. راستە وەکوو قوتابییەک بەڵام لەو وەختەیەوە یانی ١٢ و ١٣ ساڵیەوە، هاتۆتە ناو کاری سیاسی، لە پاشان کە ماڵی ئێقبالی کورد لە دوایە دا دەرووخێ و ماوەیەک ئەو خەباتە پاشەکشە دەکا دەست پێ دەکاتەوە بە خەباتی نەهێنی. جارێ کەمێک لاوترە بێتە ریزەکانی هەرە پێشەوە دیسانیش یەکێکە لە عەناسورە فەعالەکان( کەسایەتە هەڵسوراوەکان) کە لە تێکۆشانی نەهێنی بۆژانەوەی دێموکرات دا نەقشیان هەیە جا لە پاشان ئەو وەختی لەگەڵ زیندانی دەبێتە برا بەش، هەروەک ئەوەیکە خۆشەویستێکی لەوێ یە و دەبێ سەری بدا.

هەروەک باس کرا ساڵی ١٣٣٢ جارێک گیراوە ساڵی ١٣٣٣ جارێک گیراوە ساڵی ١٣٣٨ کە ئەم جارەیان بۆ ماوەی ٩ ساڵ و

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

نێو گیراوە، ساڵی ١٣٤٧ لە دوای ڕاپەرینە پرشکۆکەی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکرات دا جارێکی دیکە کاک جەلیل گیرا و ماوەی ساڵێک، بەڵام کە بەربوو ئیزنیان نەدا لە شارەکەی خۆیدا دانیشی ڕاستە حەقی هاتوچۆی هەبوو بەڵام حەقی نەبوو لە شارەکەی خۆی ئیقامەتی هەبێ. بۆیە ئەو ساڵانەی تا ڕاپەرین لە تاران گوزەراند. ساڵ ١٣٥٧ لە جەریانی فەوتی کاک عەزیز یوسفی ڕەحمەتی جارێکی دیکە سابڵاغی شێواند و لە نەتیجە دا دووبارە گیرا و ماوەیەکی و بۆ ماوەیەکی چەند مانگی لە زیندان بوو ئەو وەخیە کە لە زیندان(بەندیخانە) نەبووە کاک جەلیل وا نەبووە کە بتوانی بحەسێتەوە، بتوانی لە ماڵی خۆی بێ، کاک جەلیل لە خەباتی نەهێنی دایە کۆچە و کۆڵانەکان عوزر(داوای لیبووردن) دەخوازم تەنانەت لە کادێنەکانیش دەبێ ببنە شوێنی حەسانەوەی بۆ ئەوەی لە دەست پۆلیسی مەخفی (نەهێنی) لە ئەماندا بێ. لە تارانی، لە مەنتەقەی سەردەشتی، لە پیرانشاری، لە مەهابادی، لە بۆکانی، لەسەقزی، لە هەمووی ئەوانە کاک جەلیل وەک کادرێکی نەهێنی دەگەڕێ ڕەنگە بۆ ماوەی چەندین ساڵ حەسانەوەی وی ئەو کاتە بووبێ کە ڕەفیقەکانیشی لەگەڵ خۆی پێوە کرد و هەموومان کەوتینەوە شاخ.

هەروەک ئیشارەی پێکرا کاک جەلیل چەندی تەسەور بکەی ئینسانێکی ئیجتماعی زیادم نەکتووە هیچ زیادم نەکتووە ئەگەر بلێم هیچ کەسمان ئەوەندە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرینی نییە نە لە نێو خۆمان و نە لە نێو کوردستانی خۆمان دا نە لە باشووری کوردستان، لە پاشان چەندە لە غەمی خەڵکی دایە، کاک جەلیل لەبن سەری هەموو نەخۆشەکانمان لە جەژن و شادی هەموو کچ و کورەکانمان دا ئامادەیە، لەسەر گلکۆی هەموو شەهید و جوانەمەرک و پیرو بەساڵ داکەوتووەکانمان کە کۆچی دوایی دەکەن ئامادەیە. ماڵێکی هەیە زۆر جار ئەمن لە زخمەتی دا بەخسوسی پێی دەلێم ئەگەر ڕوحمت بە خۆت دانایە ڕوحمت بەو خانمە بەستە زمانە دابێ بەسە با ئەوەندە ماندوو نەبێ ئەوەندە خەڵکی وەسەر مەگێرە هەمیشە پڕە لە میوان تەنانەت ئیوایە لێی میوان دەبێ بە مانگ و ساڵ.

پێم خۆشە لێرە حەقی کەس نەفەوتێنم کە قسە دەکەم کاک جەلیل لە هەمووی ئەو خەسلەتانە دا بە دوو کەس قەرز دارە کە هەر دووکیان شەرێکی ژیانین. لە تەواوی دەورانی زیندان و خەباتی نەهێنی و لە بەشێک لە خەباتی شاخ دا، ئەسمەر خانمی خێزانی یار و غەمخوار و هاوڕێ بوە و دەبێ بە ئەمەگناسی یەوە باسی بکرێ. ئێستاش ئەو زەحمەتانە لەسەرشانی ئامینە خانمی خێزانی یەتی. بەراستی ڕەفیقێک و هاودەمێک و هاوکارێکی یەکجار باشە. سوپاس لەوان دەکەم و لە هەموو خانمەکان کە بەشێکی زۆر لە پیاوەتی هەمووەمان ئیی ئازایەتی خانمەکانە. پێمخۆشە ئەوەش زیاد بکەم کاک جەلیل بەبەر هەمووی ئەم کارانەوە کە چ لە زیندان چ لە خەباتی نەهێنی چ لە خەباتی شاخ و پێشمەرگایەتی دا لە جەنبەیەکی دیکەی ژیانیشی دا غافل نەبووە و ئاوری لە کاروباری ئەدەبی داوەتەوە کاک جەلیل تا ئێستا پێم وابێ زۆربەی ئێمە خوێندومانەتەوە ٢ بەرگی کتێب نووسیوە بە ناوی ٥٠ ساڵ خەبات، کتێبێکی بڵاوبۆتەوە بە ناوی"با نەبێتە درۆی پاش

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

مـردوو"، کە گویـا بەرگـی دووەمیشـی هەیە و بەم زووانە چـاپی دەکـات دوو بەرگـی یاداشـتی یەک پێشـمەرگەی قارەمـان یادداشـتی "شـەهید شـاپووری فیروزیـی" بە ٢ بەرگی لە کەشکۆلی پێشـمەرگەوە کە خـاترات و بەسـەرهاتی پێشـمەرگەکانە، چەند کتێبی تەرجومەکردونە کە لەوانە "ایران در آستانە انقلاب مشروطیت" کە فارسییەوە وەختی خۆی دەرسی فەرانسـەوی خوێنـدوە کردوویەتـی بە فەرانسـەوی، چەنـد کتێبێـک بە ناوەکـانی " ئەسیر فرشتەوش، پایـان شب سیە، بـێ خانمـان " لە فەرانسەویەوە کردونی بە فارسی، کتێبێکی دیکەی هەیە "انسان چگونە غول شد" یان مرۆڤ چۆن بوو بە غول لە فەرانسـەوی ڕا کردوویەتی بە کوردی و فارسی. خەرمانی خەم و پەژارە و کتێبێکی دیکەی بەناوی هاونەتەوەیی کورد و ماد لە فارسی را کردۆتە کوردی.

ئەمنیش هەروەکو بەرێز کاک خالید گوتی هەر ئەوەندم پێ دەمێنێ بڵێم خەرمان بەرەکەت. کاک جەلیل گیان تەمەنت درێژ بێ خەرمانی هەوڵ و خەبات و تێکۆشانت هەروا پڕ بەرهەم بێ.

هەربژین بەشادی.

---


– خوێندنەوەی چەند پەیامی کەسایەتی و لایەنە سیاسییەکان، خوێندنەوەی شێعرو پەیام لەلایەن:

– غەریب پشدەری،
– سوارە قەڵادزەیی،
– عەبدوڵلا مام عەلی
– سەلاح شێخ شەرەف

چەنـد برگەیـەکی دیکەی ئـەو ڕێوڕەسـمە بـوون و لـە درێژەدا پـەیامی یەکیـەتیی نەتـەوەیی خوێنـدکاران لەلایـەن: ڕەحمـان سەلیمی و، شیعرێکی مامۆستا بێبەش لەلایەن خاتوو خەدیجە مەعزوور خوێندرایەوە.

لە برگەی سەرەکیی ئەو ڕێوڕەسمەدا ڕێزنامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشکێش بـە کـاک جەلیل گـادانی کـراو بـەڕێزیان ڕێزنامەیەکیشی لـە دەستی مامۆستا عەبـدوڵلا حەسەنزادە وەرگرتو؛ لە درێژەدا میوانانو بەشداران دیاریی خۆیان بەو بۆنەیە پێشکێش بە کاک جەلیل کرد.

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی




پاشان کاک جەلیل لە قسەو پەیامێکی کورتدا هەست و سۆزی خۆی بەبۆنەی ئەو جێژنە دەربڕیو گوتی ژیانێک لە پێناو ژیان و ژینەوەی گەل و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتدا نەبێ، بێبایەخەو بەفیڕۆدانی تەمەنە.

کاک جەلیل وێڕای دەربڕینی سپاسی خۆی بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕات بەبۆنەی پێکهێنانی ئەو بۆنەیەو ئامادەبوونی بەشداران گوتی:




ئاواتم ڕزگاری کوردو کوردستان بە نرخی یەکگرتوویی و یەکدەنگی و درێژەدانی خەبات دژی داگیرکەرانی نیشتمان و، لەبیرنەکرانی خوێنی شەهیدان لەو پێناوە دایە.



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

**شایانی باسە ئەو کۆڕیادە بە خوێندنەوەی شێعرێک لەلایەن ئەرسەلان عەباس نیاو گۆرانییەک بە دەنگی سەعید کامیارانی و لە نێو خۆشی و پیرۆزبایی گوتنی بەشداران بە کاک جەلیل گادانی بەو بۆنەیە کۆتایی پێهات.**

**١٣ - ٣ - ٢٠١٤**

---

## ٨٠ ساڵەی لە دایکبوونی کەسایەتییەکی خەباتکار و نیشتمانپەروەر



قادر وریا

لە مێژە چاوەڕوانی هاتنی ١٢ - ١٢ - ١٣٩٢، ٨٠ ساڵەی لە دایکبوونی کەسایەتییەکی بەڕێز، نیشتمانپەروەر و دڵسۆزم. ئەو کەسایەتییە کاک جەلیلی گادانییە کە زۆر لەوە ناسراوترە پێویستی بە ناساندن بێت.دیارە کاک جەلیل خۆش شانسە کە لە ڕۆژێک دا لە دایک بووە کە تایبەتییە، ئەویش ڕۆژی ١٢ی مانگی ١٢ی ساڵی ١٣١٢یە.

لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە کە بۆ یەکەم جار بیستم کاک جەلیل گادانی لە ١٢ی ١٢ی ١٣١٢ لە دایک بووە، کەم ساڵ هەبووە کە لە ١٢ی ڕەشەمە دا نەکەوتبمە یادی لە دایکبوونی ئەو مرۆڤە بەڕێز و خۆشەویستە. دیارە جاری واش هەبووە بە تایبەتی لەم یەک دوو ساڵەی دوایی دا، لە سەر لاپەڕەکەی خۆی لە فەیسبووک دا، پیرۆزبایی ئەم یادەم لێکردوە. بەڵام ئەمساڵ بیرەوەرییەکە جیاوازە، چونکە کاک جەلیل دەبێتە هەشتا ساڵە و پێ دەنێتە نێو هەشتا و یەکەمین ساڵی لە دایکبوونی.

خۆشحاڵم کە شانازیی هاوخەباتی و هاوسەنگەریی مرۆڤێکی گەورەی وەک کاک جەلیل گادانیم هەیە و خۆشحاڵتریشم کە ئەندامی حیزبێکم قەدرزان و پێزانە و ڕێز و قەدری تێکۆشەرە بەئەمەگ و دڵسۆز و وەفادارەکانی خۆی دەزانێ. نموونەکەی ئەوەیە کە دەیەوێ لە یادی هەشتاساڵەی لە دایکبوونەی کاک جەلیل دا ڕێوڕەسمێکی تایبەتی پێک بێنێ و ڕێزلەو کەسایەتییە بگرێ، ئەگەر چی ئەو ڕێوڕەسمە بە هۆی لە ماڵ نەبوونی کاک جەلیل و نەگەڕانەوەی لە سەفەری دوورەوڵات، لە ڕۆژی خۆیدا بەڕێوە ناچێ و چەند ڕۆژێک دوا دەکەوێ. بەڵام کاک جەلیل و کاک جەلیلەکان، ئەوانەی هەموو تەمەنی



سەرچاوە Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

خۆیان بۆ خزمەتی ئەم حیزبە وخەبات لە پێناوی ئاوات وئامانجەکانی نەتەوەکەیاندا تەرخان کروە، لە حیزبی دیموکرات و لە نێو نەتەوەی کورددا بە خۆشییەوە کەم نین. هەر چەند کاک جەلیل لە نێو ئەو جۆرە کەسانەش دا جێگایەکی تایبەتی هەیە.ئەم تایبەتییبوونەی دەگەڕێتەوە بۆ هێندێک تایبەتمەندیی ئەو مرۆڤە. بەر لە هەموو شتێک ماندوویی نەناسین لە خزمەتکردنی حیزبی دیموکرات و نەتەوەکەی دا. پاشان سەبارەت بە ڕەوشت و هەستێکی ئینسانیی بەرز و خەمخۆربوونی لە ئاستی هەموو ئەو کەسانە کە بە حیزبەکەی، بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان، بە نەتەوەی کورد و بە مرۆڤایەتییەوە، ماندوو بوون.

کاک جەلیل، لە گەڵ ئەو هەمووە ناوو ناوبانگ و خۆشەویستی و ڕابردووە دا، ئەوەی نەیزانێ و نەیناسێ، تەکەبوور و خۆپێزۆرییە. بێفیز و سادەیە هەتا ئەو پەڕی.

لە گەڵ چین و توێژ و کۆڕ و کۆمەڵ و کەس و کەسایەتیی جۆراوجۆردا تێکەڵاوە.چەندی خوا حەز دەکا، کۆمەڵایەتییە و لە بەسەرکردنەوەی دۆستان و ئاشنایان و ئەو کەسانەی شایانی لە بیربوونن، غافڵ نییە.قەدری هونەر و کتێب و نووسین و خوێندنەوە دەزانێ. هەمیشە هەوێنی چاکە و تەبایی و چالاکییە، ورەدەر ومایەی گوڕ و تینە. مرۆڤ لە هەر دۆخێک و وەزعێک دابێ، کە دەگاتە کاک جەلیل و گوێی لە قسەکانی دەبێ، یا لە باوەڕ و ئیمانی خەباتکارانەی ڕادەمێنێ،ورەی دێتەوە بەر. دژی هەر چەشنە ستەم و چەوسانەوەیەکە و بە مانای ڕاستەقینە دیموکرات و دادپەروەر و مرۆڤدۆستە.

گادانییەکان، ئەگەر هەر تەنیا کاک جەلیلیان لە کۆڕی خەبات و کاروانی پرسەروەریی تێکۆشان دا هەبا،بەس بوو بۆ ئەوەی هەست بە شانازی و سەربەرزی بکەن. بەڵام کاک جەلیل، تاقە ڕێبواری هەتاسەری ئەم خانەدانە لەمەیدانی خەبات و قوربانیدان دا نەبووە.براکانیشی، نەمران کاک خەلیل و کاک محەممەد و برازا شەهیدەکانیشی، ئەستێرەی درەوشاوەی گادانییەکانن لە ئاسمانی پڕئەستێرەی کوردایەتی و خەباتی ئازادیخوازیدا.هەر چەندی بنووسم، ناتوانم ئاوێنەیەکی ئەوتۆ بخوڵقێنم کە کاک جەلیلی بە تەواوی و بەو جۆرەی هەیە، بە خەرمانێک خزمەتی بێدریغ و دڵپاکانەوە، تێدا بنوێنم. ئەو بە تەنیا مێژوویەکە لە تێکۆشان و کۆڵنەدان، مێژوویەک پڕ لە دەربەدەری و چوونە بەندیخانە و ئاوارەیی، مێژوویەک تژی کەوتن و هەستانەوە، خۆشی و ناخۆشی، شکان و سەرکەوتن، هەمووشی لە پێناوی حیزبی دیموکرات و نەتەوەی کورد و نیشتمان و وڵاتێک بە ناوی کوردستان و ئامانجە بەرزەکانی ڕزگاری و دادپەروەری و مرۆڤدۆستی دا.

من، لەم یادە دا هەر ئەوەندەم لە دەست دێ بەو چەند دێڕە و بە باوەشێک لە گوڵە جوانەکانی کوێستانەکانی وڵاتی جوان و نەخشینی گەورە خەباتکارانی وەک کاک جەلیل، بچمە بەرقاپییەی یادی هەشتا ساڵەی مامۆستا جەلیل گادانییەوە و بەو

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

**پەڕی ڕێز و پێزانینەوە ئارەزووی تەمەندرێژی و سەلامەتی و بەردەوامی لە کۆڕی خەبات و تێکۆشانی دا بۆ بخوازم.**




**لێشم مەگرن ئەگەر بەم شێعرە جوانەی شەفیعیی کەدکەنی کە بۆ هەشتاساڵەیی نەمر محەممەد قازیی، کورد و وەرگێڕی ناسراوی ئێرانی وتوە، سەری ئەم باسە بگرم:**

**قاضیا ، نادره مردا و بزرگا رادا**
**سال هشتاد و یکم بر تو مبارک بادا**
**شادی مردم ایران چو بود شادی تو**
**بو که بینم همه ایام به کامت شادا**
**پیر دیری چو تو در دهر نبینم امروز**
**از در بلخ گزین تا به در بغدادا**
**شمع کردانی و کردان دل ایران شهرند**
**ای تو شمع دل ما پرتوت افزون بادا**
**مایه و دایه پروردن ایران مهین**
**بود آیین مها بادی و ملک مادا**
**فخر تاریخ و تبار همه ماست زکرد**
**شیخ اشراق و نظامی دوتن از اکرادا**
**عمری ای دوست به فرهنگ وطن جان بخشید**
**قلمت، صاعقه هر بد و هر بیدادا**
**همچنین شاد و هشیوار و سخن پیشه بزی**
**نیز هشتاد دگر بر سر این هشتادا.**

**١٣ - ٣ - ٢٠١٤**

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## براگەورەی بەڕێزم کاک جەلیل گادانی



پڕ بەدڵ پیرۆزبایی هەشتایەمین ساڵوەگەڕی لەدایکبوونت لێدەکەم.

**ئاشق ئیسماعیلی**

زۆرجار مرۆڤ لە هەڵبژاردنی وشە دا، سەبارەت بە درکاندنی مەبەستێک تێدەمێنێ و لە ڕاستی دا هەرچی دەکا ناتوانێ بە وشە و ڕستە ئەوەی دە دڵ و بیری دایە بیگەیەنێ. من ئێستا لە دۆخ و وەزعێکی ئەوتۆ دام.

دەمەوێ باسی ژیانی پڕ بەرهەمت بکەم، دەمەوێ باسی تێکۆشان، هەوڵدان، فیداکاری و لەخۆبووردوویت لە ماوەی دەیانساڵەی خەباتت دا بکەم، دەمەوێ باسی ئەو دەردەسەری و ئازار و کوێرەوەرییانە بکەم کە لە ماوەی ساڵانێکی دووروودرێژ، لە بەندیخانەکانی سەردەمی دەسەڵاتی شا دا تووشیان بووی، کێشاتن و قەتیش هاوارت نەهات و لە ڕێگای ئامانجەکەت دا بە دڵاوالەییەوە قبووڵت کردن.

دەمەوێ باسی ئەو ساتانە بکەم کە سێبەری حوکمی ئیعدام بە سەرسەری تۆ و هاوڕێیانتەوە بوو، دەمەوێ باسی فیدابوونی ئەو باشترین ساڵانەی ژیانت بکەم کە لە هەرەتی لاوەتیت دا پێیان دا تێپەڕی و لە جیاتیی ئەوەی بۆت ببنە سەردەمی چێژ لە ژیانوەرگرتن و ئاسوودەیی، خێزان و ماڵ و منداڵت تێدا بەجێهێشتن و قۆناخی هەرە تووش و دژواری ژیانی تۆیان پێکهێنا.

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

دەمەوێ باسی ئەو ساڵانە بکەم کە شانازیی هاوڕێیەتی، جیرانەتی و هاوکارییم لە ئۆرگانەکانی حیزب دا لە گەڵت هەبووە و هەموو ئەو تەنگانە و فەرحانی و ئەو بیرەوەرییە خۆش و ناخۆشانە بگێڕمەوە کە سەرچاوەیان دەچێتەوە سەرڕۆژە سەختەکانی ژیانی چیا و قامک بۆ ئەوە ڕادێرم کە چۆن خۆشییەکان و ناخۆشییەکانت لە گەڵ بەش دەکردین و چەند دە خەم و شادیی هاوڕێیانت دا شەریک بووی.

دەمەویست باسی بەرهەمە ئەدەبییەکان و مێژووییەکان، نووسینەکان و وەرگێڕانەکانت بکەم. کە سەرەڕای کاری زۆری حیزبی زەحمەت و شەونخوونییت پێوە کێشاون و پێشکەش بە کتێبخانەی کوردییت کردوون.

دەمەویست باسی ماندوویینەناسی، لەخۆبووردوویی، وەفاداری، ئەمەگناسی، پاکی، دڵاوالەیی و ویژدان و ڕاستگۆییت بکەم . بەڵام براگەورەم، هاوڕێی بەڕێزم. نووسینی دەق و نێوەرۆکێکی ئاوا کە بتوانێ بەیانی هەمووی ئەوانە بکا و بارتەقای دڵسۆزی و گەورەیی تۆ بێ، ئەویش دەو دەرفەتە کورتە دا، بۆ من زەحمەتە.

بە ڕاستی پێمخۆش بوو لەو کۆڕە دا کە بە مەبەستی ڕێزلێنان لە تۆ پێکهاتووە، بەشدار بوایەم و بەو بۆنەیەوە باسی خزمەت، دڵسۆزی و فیداکارییەکانت بۆ نەتەوەکەمان و کۆمەڵی هاوڕێیانت بکەم، بەلام بە داخەوە نە ئاگادار کراوم کە زووتر نووسراوەیەک بەو بۆنەیەوە بنێرم و نە بە هۆی دووری مەودا، ئەو ئارەزووەم پێکدەهات کە بەشدار بم. ئەڵبەت باوەڕم وایە ئەگەر هەموو ڕۆژەکانی ساڵیش یادت بکەمەوە، جێی خۆیەتی؛ کام ڕۆژی ساڵ هەیە کە خزمەت و خەباتی تۆی تێدا نەبووبێ.

با لە کۆتایی دا بڵێم. براگەورەم کاک جەلیل. وەک گوتم ژیان و خەباتی تۆ زۆر شتی بۆ لێفێربوون و سەرمەشقبوون تێدا بووە و یەکێک لەو شتانەش سەداقەت بووە. تایبەتمەندییەک کە زیاتر لە هەموو شتێک ڕێبەرێکی سیاسی، کەسایەتییەکی نەتەوەیی و ڕوومایەکی کۆمەلایەتی خۆشەویست دەکا و ناوی بە زیندوویی دێڵێتەوە. هیوادارم نەوەی نوێ پێش هەموو شتێک ئەو ڕاستی و دڵپاکییەت لێفێر بن.

**هیوادارم دەیان ساڵی دیکەش بە لەشساغی و خۆشی بژی و قەت تووشی خەم نەبی!**

**برای بچووکت ئاشق**

بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

## ماندوو نەبووی



**ماندوو نەبووی بێبەش پیرۆتی**

**ڕێبواری ڕێ**

**پێشکەشە بە بەڕێز و تێکۆشەر کاک جەلیلی گادانی**

**ماندوو نەبووی,**

**ماندوو نەبی ڕێبواری ڕێی کاروانی دوور,**

**ماندوو نەبووی,**

**ماندوو نەبی یاری غاری هەتاو و نوور.**

**پشووت درێژ وەک ڕێی خوێناویی مێژووی سوور، وەک ئازاری زامی دڵی دایکی شەهید، وەکوو باڵای هیوای وڵات، وەکوو خەبات.**

**بیرت ڕوون وەک فرمێسکی ڕنووی کوێستان، وەکوو چاوی دڵداری یار بەدیی کردوو، وەکوو دڵی تامی شیرنی ئاکام چێشتوو.**

**بەندت کردە هۆی خرۆشان، ئازارت کردە نەسرەوتن، خەمی نەمانی یارانت کردە توێشوو بۆ بڕینی ڕێی سەرکەوتن.**

**تۆ کە دڵت کەیلی خۆشەویستی کورد و هیوای بەرزت ڕزگار بوونی کوردستانە،**

**تۆ کە تۆماری تەمەنت دێڕ بە دێڕی ڕەنج و خەبات، کۆڵنەدان و تێکۆشانە،**

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

لە بەرانبەر هەیبەتت دا، تەنانەت، هەست و خەیاڵ کڕنۆش دەبەن، دوڕڕی وشە دەدۆزنەوە و بۆ تۆماری ڕێز لێنانت دەیهۆننەوە.

ماندوو نەبووی,

ماندوو نەبی ڕێبواری ڕێی کاروانی دوور,

ماندوو نەبووی,

ماندوو نەبی یاری غاری هەتاو و نوور.

١٢ - ٣ - ٢٠١٤

---

# پیرۆزبایی و ڕێزلێنان



### هاوڕێی تێکۆشەر کاک جەلیل گادانی!

بە بۆنەی هەشتایەمین ساڵی لە دایکبوونتەوە، بە گەرمی پیرۆزباییت لێدەکەین. لەم یادە تایبەتەش دا بە ئەرکی خۆمانی دەزانین بە ڕێز و پێزانینەوە بڵێین:

بەڕێزتان ٦٥ ساڵ لە ٨٠ ساڵ تەمەنی خۆت لە تێکۆشان وخەبات لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا تێپەڕ

## بۆ یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی

کردوە. لە پێناوی بەرەوپێشچوونی تێکۆشانی حیزبی دیموکرات و خەباتی ڕەوای نەتەوەکەت دا، تووشی ژیانی نهێنی، چوونە بەندیخانە، ئاوارەیی و دوورەوڵاتی وهەڕەشە و مەترسییەکانی ژیانی پێشمەرگانە و شۆڕشگێڕانە بووی. لە بواری جیاواز و لە پلە و ئاستی جۆراوجۆردا، کارو بەرپرسایەتیی گرنگی حیزبی و خەباتگێڕانەت بەڕێوە بردوە و لەم ڕێگایەدا لە هەرخزمەتێکی لە دەستت هاتبێ دریغت نەکردوە. ئێستاش بە ئەزموونێکی دەوڵەمەند، بە ورەیەکی بەرز و بە باوەڕێکی پتەووە، لە کۆڕی تێکۆشان و لە ڕیزی پێشەوەی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا لە سەر خەبات بەردەوامی و وانەی وەفاداری و نیشتمانپەروەری فێری هاوڕییان و هاوسەنگەرانت دەکەی.

٨٠ ساڵەی لە دایکبوونت بە دەرفەت دەزانین بۆ ئەوەی بە پێزانین و ئەمەگناسییەوە، ڕێزلە تەمەنێک تێکۆشانت بگرین و سڵامەتی و تەمەندرێژیت بە ئاوات بخوازین.

حیزبی دیموکراتی کوردستان

دەفتەری سیاسی

١٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٢

---

سەرچاوە: کتێبی ڕێزلێنان لە ٦٥ ساڵ خەباتی جەلیل گادانی

لە تەمەنی ٨٠ ساڵی دا

١٣ - ٣ - ٢٠١٤

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧٢٠ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ حیزب و ڕێکخراوە و کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان کە بە ناردنی پەیام و نامەی هاودەردی و هاودڵیان خۆیان بۆ ماڵئاوایی تێکۆشەر کاک جەلیل گادانی ئاراستە حیزب و بنەماڵەکەی کرد.**

**ڕەحمان نەقشی**

